# گەندەڵی و گرفتەکانی نەزاهەت لە کەرتی گشتی عێراق

## توێژینەوەیەک لەسەر بنەمای بەڵگە


**ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ماددە هۆشبەرەکان و تاوان (UNODC)**

**پرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP)**

**دەزگای ناوەندی ئامار – عێراق**

**دەستەی نەزاهەت**

**دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان**



**ئەیلول 2012**

**ئەستۆپاکی**

مەرج نییە ناوەڕۆکی ئەم بڵاوکراوەیە ڕەنگدانەوەی بۆچوون و سیساتەکانی (UNDP) و (UNODC) یان ڕێکخراوە بەشدارەکانی تر بن، هاوکات ئەمە واتای پەسەندکردن نیە. بەشداریکردن و پێشکەشکردنی بابەت دەربڕین نییە لەهەر بۆچوونێکی (UNDP) یان (UNODC) لەڕووی یاسایی تایبەت بەهەر وڵات یان ناوچە یان شار یان دەسەڵاتێک، یان سەبارەت بە سنوور و دەسەڵاتەکانی. وێنە بەکارهاتووەکان تەنها بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوە بەکارهاتوون و لە ناوکۆیی گەندەڵیدا نەگیراون.

مافی کۆپیکردن 2012 ©، ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووکان بۆ مادده هۆشبەرەکان و تاوان (UNODC)

# ناوەڕۆک

ناوەڕۆک


سوپاس و پێزانین ........................................................................ 3
پوختەی کارگێری.........................................................................4
دەرئەنجامە سەرەکییەکان ................................................................10
پێشەکی..................................................................................13
دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە عێراق.......................................13
خزمەتگوزارییە گشتییەکان و گەندەڵی لە عێراق ......................................14
گەندەڵی و نەزاهەت ...................................................................14
عەقڵانیەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە...........................................................15
داتاکان ..................................................................................16
1. ئاست و شێوازەکانی بەرتیل..........................................................21
1.1.1بەربڵاوی بەرتیل .....................................................................21
1.1.2 سروشتی بەرتیل.......................................................................23
مەبەستەکانی بەرتیل ......................................................................23
جۆرەکانی بەرتیل...........................................................................24
شێوازەکانی داواکردنی بەرتیل ...........................................................25
1.1.3. فەرمانبەران و بەرتیل ..................................................................26
1.1.4. ئەو گروپانەی ناسکن بەرامبەر بەرتیل ..............................................30
1.2. بەرتیل بەپێی ئەزموونی فەرمانبەرانی مەدەنی .......................................32
1.2.1ئەو پۆست و ئەرکانەی ناسکن بەرامبەر بەرتیل .....................................35
1.2.2 سروشتی بەرتیلەکان......................................................................40
1.3. ئاراستەکانی گەندەڵی بەپێی تێڕوانینی هاوڵاتیان و فەرمانبەران..................42

.2	کاردانەوە بەرامبەر گەندەڵی ........................................................45
1-1- 2 .ڕاپۆرتدان لەسەر گەندەڵی لەلایەن هاوڵاتیانەوە ...................................46
2 -1-2 .هۆشیاری دانیشتوان لەسەر نەزاهەت و دژەگەندەڵی ..........................47
2-1-3 .ڕاپۆرتدان لەسەر گەندەڵی لەلایەن فەرمانبەرانەوە ............................. 49
2-1-4.هۆشیاری فەرمانبەران لەسەر دەسەڵاتەکانیدژەگەندەڵی..........................50
2-1-5 .هۆکارەکانی ڕاپۆرتەدان لەسەر گەندەڵی .................................... 53
2.2 کاردانەوەی دادوەری تاوان: لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی گەندەڵی ................55
2-2-1.ڕاپۆرت لەسەر گەندەڵی و لێکۆڵینەوە ............................................ 56
2-2-2. ئەو کەیس و کەسانەی ڕەوانەی دادگا کراون......................................58
2-2-3 .ئەو کەسانەی بە تاوانەکانی گەندەڵی حوکمدراون...............................59
2-2-4 .ڕێژەی کورتهێنان (تناقض)ی پەیوەست بە کەیسەکانی گەندەڵی لە سیستەمی دادوەری تاواندا ..............................................................................61

3.نەزاهەت و خزمەتی مەدەنی ........................................................ 65
3-1 .دامەزراندن ..........................................................................65
3-1-1. ئەزموونی فەرمانبەران لەگەڵ دامەزراندن ........................................66
3-1-2.تێڕوانینەکان لە دامەزراندن ...................................................72
3-1-3 .ڕازیبوون لە سیاسەتەکانی دامەزراندن ...........................................73
3-2 . گواستنەوە و پلەبەرزکردنەوە .....................................................74
3-2-1.گواستنەوەی فەرمانبەران.........................................................74
3-2-2.ئەزموون لەگەڵ سیاسەتەکانی پلەبەرزکردنەوە ....................................74
3-2-3 .تێڕوانین لە سیاسەتەکانی پلەبەرزکردنەوە ......................................75
3-2-4.ڕازیبوون لە سیاسەتەکانی پلەبەرزکردنەوە .......................................76
3-3 .چاودێری و کۆنترۆڵ ..........................................................76
3-4 .ڕێوشوێنەکانی شەفافیەت .....................................................78
2-5 .هۆشیاری فەرمانبەران لەسەر نەزاهەت...........................................79
3-6 .ڕاهێنان...........................................................................81
3-7 .ڕازیبوون لە کار ...............................................................83
3-7-1.ڕازیبوونی ئێستا لە کار........................................................... 83
3-7-2 ڕازیبوون لە موچە ................................................................84
3-7-3زهەلومەرجی کارکردن.................................................................86

3.دەرئەنجامگیرییەکان ............................................................ 88
.5 پاشکۆی 1: فەرمانبەرانی عێراق ...............................................93
5-1.فەرمانبەران و سەرمایەی مرۆیی ...............................................94
5-2.فەرمانبەران: پلە و پیشە..........................................................96

5-3.فەرمانبەران: ئەرک و بەرپرسیارێتیەکان .............................................98
6.پاشکۆی 2: وردەکاری لەسەر وەزارەت/دامەزراوەکان.................................103
وەزارەتی پەروەردە (حکومەتی فیدراڵ) ............................................... 103
وەزارەتی بازرگانی (حکومەتی فیدراڵ) ................................................104
وەزارەتی گواستنەوە (حکومەتی فیدراڵ) ............................................... 105
دەزگای شەهیدان (حکومەتی فیدراڵ) .................................................106
وەزارەتی مافی مرۆڤ (حکومەتی فیدراڵ) ...........................................107
وەزارەتی رۆشنبیری(حکومەتی فیدراڵ).................................................108
ئەمانەتی بەغداد (حکومەتی فیدراڵ) ..................................................109
وەزارەتی کشتوکاڵ (حکومەتی فیدراڵ)..................................................110
وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران (حکومەتی فیدراڵ)...........................................111
وەزارەتی زانست و تەکنەلۆجیا (حکومەتی فیدراڵ) .....................................112
وەزارەتی کارەبا (حکومەتی فیدراڵ) .....................................................113
وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکان (حکومەتی فیدراڵ) ..................................114
وەزارەتی پەیوەندییەکان (حکومەتی فیدراڵ) ..........................................115
وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن (حکومەتی فیدراڵ) .........................116
وەزارەتی وەرزش و لاوان (حکومەتی فیدراڵ) ..........................................117
وەزارەتی شارەوانی (حکومەتی فیدراڵ)...................................................118
وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (حکومەتی فیدراڵ) ...........................119
وەزارەتی نەوت (حکومەتی فیدراڵ) ...................................................... 120
وەزارەتی دارایی (حکومەتی فیدراڵ)......................................................121
وەزارەتی ژینگە (حکومەتی فیدراڵ) ......................................................122
وەزارەتی تەندروستی (حکومەتی فیدراڵ) ...............................................123
وەزارەتی خوێندنی باڵا(حکومەتی فیدراڵ).................................................124
وەزارەتی داد (حکومەتی فیدراڵ) ..........................................................125
وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو (حکومەتی فیدراڵ) .......................................126
ئەنجومەنی باڵای دادوەری (حکومەتی فیدراڵ)..........................................127
ئەنجومەنی وەزیران (حکومەتی فیدراڵ) ...............................................128
وەزارەتی پلاندانان (حکومەتی فیدراڵ) ...................................................129
وەزارەتی دەرەوە (حکومەتی فیدراڵ) .....................................................130
دیوانی چاودێری دارایی (حکومەتی فیدراڵ) ..........................................131
بانکی ناوەندی (حکومەتی فیدراڵ) ........................................................132
کۆمسیۆنی نەزاهەت (حکومەتی فیدراڵ) ...............................................133
کۆمسیۆنی وەبەرهێنان (حکومەتی فیدراڵ) ............................................134
ئەوقاف (حکومەتی فیدراڵ) .................................................................135
وەزارەتی پەروەردە (حکومەتی هەرێم)...................................................136

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار (حکومەتی هەرێم) ................................ 137
وەزارەتی تەندروستی (حکومەتی هەرێم) ................................................ 138
وەزارەتی دارایی و ئابوری (حکومەتی هەرێم) ........................................... 139
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی (حکومەتی هەرێم) ................... 140
وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی (حکومەتی هەرێم) .............................. 141
وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو (حکومەتی هەرێم) ........................... 142
وەزارەتی کارەبا (حکومەتی هەرێم) ....................................................... 143
وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن (حکومەتی هەرێم) ........................ 144
وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی (حکومەتی هەرێم) .................................... 145
وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن (حکومەتی هەرێم) ................................... 146
وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (حکومەتی هەرێم) .............................. 147
وەزارەتی روشنبیری و لاوان (حکومەتی هەرێم) ........................................ 148
ئەنجومەنی وەزیران (حکومەتی هەرێم) .................................................... 149
وەزارەتی داد (حکومەتی هەرێم) ........................................................... 150
ئەنجومەنی دادوەری (حکومەتی هەرێم) ................................................... 151
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان (حکومەتی هەرێم) ..................................... 152
وەزارەتی پلاندانان (حکومەتی هەرێم) ..................................................... 153
وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان (حکومەتی هەرێم) .................... 154
وەزارەتی ژینگە (حکومەتی هەرێم) ........................................................ 155
دیوانی چاودێری دارایی (حکومەتی هەرێم) .............................................. 156
وەزارەتی مافی مرۆڤ (حکومەتی هەرێم) ................................................. 157

7. میتۆد و پاشکۆکان ................................................................ 159
7-1 نیشاندەرە ئامارییەکان ........................................................ 159
7-2. سەرچاوەی داتاکان ............................................................ 160
7-2-1. رووپێوی هەلومەرجی کار و نەزاهەتی فەرمانبەرانی مەدەنی ............... 160
7-2-2. رووپێوی تۆڕی زانیاری خێزانی عێراق ........................................ 161
7-2-3. داتابەیسی کۆمسیۆنی نەزاهەت ................................................ 162

# سوپاس و پێزانین

**گەندەڵی و گرفتەکانی نەزاهەت لە کەرتی گشتی عێراق**

ئەم راپۆرتە ئامادەکراوە لە چوارچێوەی پرۆژەی هاوبەشی (UNDP) و (UNODC) بۆ هاوکاریکردنی عێراق لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەڕێگەی پاڵپشتی سیاسەت و پابەندبوون بە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدژی گەندەڵی (UNCAC). هاوشان لەگەڵ هەوڵە هاوبەشەکانی (UNDP) و (UNODC) بەشداری بەرچاو کرا لەلایەن دەستەی نەزاهەتی عێراق، دەزگای ناوەندی ئامار، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە کارە مەیدانیەکان و لە ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا. (UNDP) و (UNODC) دەخوازن سوپاسی خۆیان دەربیرن بۆ دەستەی نەزاهەتی عێراقی، دەزگای ناوەندی ئامار، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و هەموو ئەوانەی بەشداریان کرد لە ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا.

## پوختەی کارگێڕی

گەندەڵی یەکێکە لەو گرفتە سەرەکیانەی ڕووبەڕووی دەسەڵاتداران دەبێتەوە کاتێک هەوڵ دەدەن بناغەڕێژی بکەن بۆ سیستەمێکی نوێی دیموکراسی لە عێراق. هۆشیاری لەسەر قەبارەی ئەو ئەرکەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە تەنها سنووردار نییە بۆ چاودێرانی بیانی، لەکاتێکدا کە زۆرینەی هاوڵاتیانی عێراق پروایان وایە کە گەندەڵی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر چەندین دامەزراوەی سەرەکیی وڵات و ڕێکخراو و کەرتەکان، نەک تەنها لە بواری سیاسی و بازرگانیدا بەڵکو لە بواری کۆمەڵایەتی و کارگێڕیشدا.

ئەم بوچۆونانە ڕەنگدانەوەی ئەو هەلومەرجەن کە تێیدا بەردوام لە میدیادا ڕاپۆرت دەدرێت لەسەر بەدکاری یان هاوڵاتیان خۆیان ڕاستەوخۆ تووشی دەبن لەمیانەی مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ کاربەدەستە گشتیەکان. لەم چوارچێوەیەدا، ئەم توێژینەوە دەگمەنە بەڵگەی نوێ پێشکەش دەکات لە سێ ڕوانگەی جیاوازەوە، نەک تەنها بۆ یارمەتیدان بۆ تێگەیشتن لە مەودا و جۆرەکانی گەندەڵی لە عێراق، بەڵکو هاوکات بۆ شیکردنەوەی کاریگەری کاردانەوەکانی دەوڵەت بەرامبەر گەندەڵی، هەروەها هەڵسەنگاندنی "سیستەمی نەزاهەت"ی خزمەتی مەدەنی عێراق. بۆ ئەنجامدانی ئەمە، داتای نوێ کۆکراوەتەوە و شیکراوەتەوە کە جەخت دەخاتە سەر ئەزموونی گەندەڵی – نەک تێروانین[1]. داتاکان ئاماژە دەکەن بۆ ئەوەی کە گەندەڵی ئەزموونێکی دووبارەبووەوە و نیگەرانیەکی ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانی عێراقە، سەرەڕای پێشکەوتنەکانی ئەم دوایە لە جەنگی دژەگەندەڵیدا، هێشتا زۆر شت ماوە کە پێویستە بکرێن بۆ دامەزراندنی نەزاهەت و بەرپرسیارێتی لە کەرتی گشتی عێراقدا.

## بەرتیل، کێ، چی، کەی، لەکوێ، بۆچی و چۆن

کاتێک هەڵسەنگاندن دەکەین بۆ ئاستەکان و شێوازەکانی گەندەڵی، ئەزموونی هاوڵاتی ئاسایی بریتیە لە بەرتیلی کارگێڕی – ئەو جۆرەی گەندەڵی کە سەرچاوە دەگرێت لە مامەڵەی ڕۆژانەی نێوان بەرکاربەرانی خزمەتگوزاریە گشتیەکان وەک بەرتیلدەر و کارمەندانی خزمەتی مەدەنی وەک وەرگری بەرتیل – کە کۆمەڵێک نیشاندەری سەرەکیمان پێشکەش دەکات. داتاکان نیشانی دەدەن کە بەرتیل دیاردەیەکی گشتیە لە مامەڵەی نێوان هاوڵاتیان و فەرمانبەرانی مەدەنیدا: لە ساڵی 2011 بەربڵاوی بەرتیل لەناو دانیشتوانی پێگەیشتووی وڵاتدا 11.6% بووە[2].

نزیکەی نیوەی هەموو بەرتیلدەرەکان لە عێراق ئاماژە دەکەن بۆ ئەوەی کە تێکڕای چوار بەرتیلیان داوە لەو ماوەیەدا، واتا بە ژمارەی ڕەها، نزیکەی نیو ملیۆن هاوڵاتی عێراقی پری 1.9 ملیۆن دۆلار بەرتیلیان داوە بە فەرمانبەرانی مەدەنی لە ماوەی 12 مانگی جێگەی پرسیاردا. بەربڵاوی بەرتیل لەناو پیاواندا بەرزترە لە ئافرەتان (13.3% بۆ پیاوان و 9.9% بۆ ئافرەتان). ڕێژەکە بەرزترینە لەناو خوێندەوارترین هاوڵاتیاندا (18.3% لەناو ئەوانەدا کە هەڵگری پروانامەی دپلۆم و بەرزترن)، هەروەها لەناو ئەوانەدا کە بەرزترین ڕێژەی داهاتیان هەیە (13.4%). بە لەبەرچاوگرتنی هەستیاری دۆخی ئێستای وڵات، بەربڵاوی بەرتیل لە عێراق بەگشتی بەرز نییە، بەڵام نایەکسانی زۆر هەیە لە دابەشبوونیدا لەسەر ئاستی پارێزگا و هەرێمە جیاوازەکان. لە لایەکەوە، بەربڵاوی بەرتیل دەگاتە 29.3% لە بەغداد و 3.7% لە هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا دەگاتە 10.2% لە پارێزگاکانی تر.

---

[1] داتاکان لە سەرچاوە ئامارییەکانەوە بەکارهێنراون بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە: ڕووپێوی ئەزموونی لەسەر فەرمانبەرانی مەدەنی (ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق، 2011)، ڕووپێوی ئەزموونی لەسەر خێزان (تۆری زانیاری عێراق، 2011)، هەروەها داتاکان لەسەر لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی پەیوەست بە گەندەڵی کە ئەنجامدراون لەلایەن کۆمسیۆنی نەزاهەتی عێراق (2012)

[2] ڕێژەی سەدی دانیشتوانی پێگەیشتوو (گەوران) تەمەن 18-64 ساڵ کە پارە یان دیاریانداوە یان چاکەیان کردوە لەگەڵ فەرمانبەرانی مەدەنی لانیکەم یەک جار لە ماوەی 12 مانگی پێش ڕووپێوەکەدا، لە کۆی ئەوانەی کە لانیکەم یەک جار کاریان کەوتۆتە لای فەرمانبەرانی مدەنی لەهەمان ماوەدا.

هاوکات جیاوازی هەیە لە مەبەست، جۆر و شێوازەکانی بەرتیلدان لەلایەن هاوڵاتیانی عێراقەوە. نزیکەی نیوە (45.8%)ی کۆی بەرتیلدەران دەڵێن بەرتیل دەدەن بۆ مەبەستی خێراکردنی رێکارە کارگێڕییەکان، لەکاتێکدا 26.6% پەنابە دەبەنە بەر بەرتیل بۆ بەدەستهێنانی مامەڵە یان خزمەتگوزاری باشتر، واتا زۆرجار بەرتیل بەکاردەهێنرێت بۆ زاڵبوون بەسەر بەربەستە ئاساییەکانی بەردەمی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکاندا یان بۆ باشترکردنی کواڵتیان. لە کۆی 4 لە 5 کەیس، هاوڵاتیانی عێراقی ناچاردەکرێن بەرتیل بدەن نەک خۆیان خۆبەخشانە بەرتیل پێشکەش بکەن. لە نزیکەی دوو لە سێی (65%) کەیسەکاندا بەرتیل داوادەکرێت، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لەلایەن ئەو فەرمانبەرەوە کە بەرتیلەکە وەردەگرێت، نزیکەی 14%ی کەیسەکان لایەنی سێیەم داوای بەرتیل دەکات لەجیاتی وەرگری بەرتیل.

سەبارەت بە جۆری ئەو فەرمانبەرە مەدەنیانەی کە هاوڵاتیان زۆرجار بەرتیلیان پێدەدەن، سێ پۆست دیارترینن، پەرستاران لە بنکە تەندروستیە گشتیەکان، فەرمانبەرانی خزمەتگوزارییە گشتیەکان و ئەفسەرانی پۆلیس، کە ئەمانە زۆرترین پشکی بەرتیلیان بەردەکەوێت کە دەدرێن لەلایەن هاوڵاتیانەوە، بەڕێژەکانی (19.0% و 15.5% و 14.2%) یەک لەدوای یەک. لە ڕوانگەیەکی ترەوە سەیری بکەین پەرستار و پزیشک لەناو ئەم گروپەدا هەن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەبوونی کێشەی گەورە لە دابەشکردنی یەکسان و دادوەرانەی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان لە عێراق. هاوشێوە، ڕێژەی بەرزی فەرمانبەرانی خزمەتگوزارییە گشتیەکان (دابینکردنی کارەبا و ئاو، هتد) کە بەرتیل وەردەگرن، لەوانەیە پەیوەست بێت بەو راستیەوە کە پێداویستی بۆ ئەم خزمەتگوزارییانە پرنەکراوەتەوە لەناو ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتیاندا، بەهۆی کەموکوڕی بەرچاو لە خزمەتگوزارییەکاندا، لەکاتێکدا کە ژمارەی زۆری ئەفسەرانی پۆلیس، ئاماژەیە بۆ خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی لەلایەن ئەوانەوە کە بەرپرسیارن لە پاراستن و جێبەجێکردنی یاسا و نیزام. فەرمانبەرانی گشتی تر کە ڕێژەی بەرزی بەرتیل لە هاوڵاتیانی عێراق وەردەگرن بریتین لە فەرمانبەرانی تۆماری زەوی (6.2%)، پزیشک لە بنکە تەندروستیەکان (6.0%)، فەرمانبەرانی تۆمارکردنی ئۆتۆمبیل/مۆڵەتی شۆفێری (5.8%) و مامۆستایان (5.8%).

لەکاتێکدا کە پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگرین کە ئەگەر فەرمانبەرانی مەدەنی ئامادەنەبن زانیاری بدەن لەسەر خراپەکاری خۆیان یان هاوکارەکانیان، دەکرێت دەستنیشانی ژمارەیەک ڕێچکەی جوگرافی، کار و دامەزراوەیی بکەین و تێبگەین لەو مەترسیانەی بەرتیل کە لە رووپێوی خزمەتی مەدەنیدا دەرکەوتوون لە عێراق. بۆ نموونە، ئەگەرچی تەنها 4.2% (نزیکەی 76،000) فەرمانبەر لە هەموو عێراق ددان بەوەدا دەنێن کە پارە یان دیاریان پێشکەشکراوە بەرامبەر خزمەتگوزاری باشتر یان خێراتر لانیکەم یەک جار لە ماوەی 12 مانگی پێش رووپێوەکەدا، بەغداد بەرزترین ڕێژەی هەیە (35%) لە کۆی هەموو بەرتیلە پێشکەشکراوەکان بە فەرمانبەران، ئەم ژمارەیە رەنگدانەوەی ئەوەیە کە بەغداد: شاری پایەتەختە و زۆرترین ژمارەی فەرمانبەری هەیە (27.1%) لە کۆی فەرمانبەرانی عێراق و بەرزترین ڕێژەی فەرمانبەری هەیە کە لانیکەم یەک جار بەرتیلیان پێشکەشکراوە (5.2%).

کاتێک سەیری دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان دەکەین، بەرترین رێژە (15.6%)ی بەرتیلەکان بە فەرمانبەران پەیوەستن بە خزمەتگوزاریە گشتیەکانی وەک ئاو و کارەبا. بەڵام چەند خزمەتگوزاری و رێکارێکی کارگێری تر، لەلایەن فەرمانبەرانەوە ئاماژەیان پێدەدرێت کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە. بۆ نموونە، سەبارەت بە نمرەی تاقیکردنەوە یان تۆمارکردن لە قوتابخانە (9.8%)، مۆڵەتی کارگێری (5.7%) و مۆڵەتی خزمەتگوزاریە تەندروستی و پزیشکیەکان (5.0%). رێکاری تری کارگێری کە پێکهێنەری رێژەیەکی بەرزی هەموو بەرتیلە پێشکەشکراوەکانن، پەیوەستن بە دامەزراندن و پلەبەرزکردنەوە

(15.4%)، یان گرێبەستە گشتیەکان (5.9%)، ئەمانە هەندێکن لەو چالاکیانەی دەبنە گرفت بۆ نەزاهەت لە کەرتی گشتی.

ناسکی بەرامبەر بەرتیل لەناو فەرمانبەرانی عێراقدا هاوشێوە نییە و دەکرێت لە هەندێک ناوچەدا ناسکی زیاتر دەستنیشان بکرێت. بۆ نموونە، بەڕێوەبەران و فەرمانبەرانی باڵا زیاتر رووبەڕووی بەرتیل دەبنەوە وەک لە کارمەندە پیشەییەکان و ئەوانەی رۆڵی سەرپەرشتیاری دەگێڕن بەرتیلی زیاتریان پێشکەش دەکرێت وەک لەوانەی ئەم جۆرە ئەرکانەیان پێنەسپێردراوە. بەشداریکردن لە هەندێک ئەرکدا، وەک دابینکردنی دەرماڵە، سوودی حکومی، بەڵگەنامەی یاسایی یان پێشکەشکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری بە بەکاربەری دەرەکیی، هەروەها بەشداریکردن لە بڕیاردان لەسەر گرێبەستە گشتیەکان، بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان و رێکارەکانی چاودێری ناوخۆیی، ئەمانە ناسکی بەرامبەر بەرتیل زیاد دەکات، هاوشێوە لەگەڵ هەبوونی چەندین ئەرکدا.

فاکتەرێکی گرنگی ناسکی فەرمانبەر بەرامبەر بەرتیل بریتیە لە جۆر و چەندێتی پەیوەندیکردنی لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکان لەمیانەی ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا. رێژەیەکی گەورەی پێشکەشکردنی بەرتیل (59.8%) بە فەرمانبەران لەو هاوڵاتیانەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەکاربەری خزمەتگوزارییەکانن، 15.6% لە کۆمپانیا بەڵێندەرەکانەوە (دابینکەرانی خزمەتگوزاری) و کۆمپانیا تایبەتەکان وەک بەکارهێنەری خزمەتگوزاری (9.3%). ناسکی بەرامبەر بەرتیل بەتایبەتی بەرزە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە پەیوەندی دەرەکیی زۆریان هەیە بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندی رۆژانەیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان وەک بەکاربەری خزمەتگوزارییەکان و لەگەڵ کۆمپانیاکان وەک بەڵێندەر. هاوکات بەڕێژەیەکی بەرچاو بەرتیل لەلایەن کارمەندانی هەمان وەزارەتەوە پێشکەش دەکرێت بە هاوکارەکانیان (18.7%ی کۆی هەموو بەرتیلە پێشکەشکراوەکان) یان بە فەرمانبەری فەرمانگەکانی تر (6.8%). کەواتە بەرتیل ئاڵوگۆڕێکە کە لەناو فەرمانبەرانیشدا روودەدات لە عێراق.

## کاردانەوە بەرامبەر گەندەڵی

لەکاتێکدا کە زانیارییەکان لەسەر ناسکی بەرامبەر بەرتیل ئاماژەی روونمان دەداتێ لەسەر ئەو بوارانەی پێویستە هەوڵەکانی دژەگەندەڵی تێدا چڕبکرێتەوە لەناو فەرمانبەرانی مەدەنیدا، داتاکان لەسەر کاردانەوە بەرامبەر گەندەڵی زانیاری قووڵمان دەداتێ لەسەر چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەشێوەیەکی کاریگەرتر. داتاکان نیشانی دەدەن کە لە ئێستادا لە عێراق (کەمتر لە 5%)ی بەرتیلدەران راپۆرت دەدەن بە دەسەڵاتداران لەسەر کەیسی بەرتیلدان بە فەرمانبەران. هاوکات ئەگەرچی فەرمانبەران ئەرکیان لەسەرشانە کە راپۆرت بدەن لەسەر هەوڵەکانی بەتیلدان، تەنها یەک لە سێی ئەوانەی بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە ماوەی 12 مانگی پێش رووپێوەکەدا راپۆرتیانداوە لەسەر رووداوەکان و زۆربەیان سەرپەرشتیاری راستەوخۆی خۆیان ئاگادارکردۆتەوە نەک لایەنی پەیوەندیدار بە دژەگەندەڵی.

نەبوونی هۆشیاری لەسەر دەسەڵاتەکانی دژەگەندەڵی و نەبوونی متمانە و بڕوا بە کاراییان، هۆکاری سەرەکیین بۆ راپۆرت نەدان لەسەر گەندەڵی (کەواتە بەرزکردنەوەی هۆشیاری و هاندانی کولتوری راپۆرتدان لەسەر رەفتاری نەشیاو جەنگ دژی گەندەڵی بەرەوپێش دەبات). زۆربەی فەرمانبەران دەترسن لە ئەنجامە نێگەتیڤەکانی راپۆرتدان لەسەر گەندەڵی (وەک تۆڵەسەندنەوە) و زیاتر نیگەرانی نەبوونی ئاسایشی گشتی و پاراستنن بۆ کەسانی "چەپڵەتەقێن" (ئەوانەی گەندەڵی ئاشکرا دەکەن). ئەم دەرئەنجامانە جەخت لە پێویستی بەرزکردنەوەی هۆشیاری دەکەن لەسەر کەناڵەکانی راپۆرتدان لەناو فەرمانبەرانی مەدەنی و خەڵکدا بەگشتی، هاوکات کرانەوەی زیاتری ئەم

کەناڵانە و زیادکردنی دەستگەیشتن، نهێنیپارێزی و سەلامەتی بۆ ئەوانەی کە ئامادەن ڕاپۆرت بدەن لەسەر بەدکاری و گەندەڵی کارگێری.

ئەم ڕاپۆرتە نیشانی دەدات کە پرێکی بەرچاو بەرتیل هەیە لە خزمەتگوزاریە گشتیەکانی عێراقدا کە هەرگیز دەسەڵاتداران پێینازانن و ناکرێت دادوەری تێدا بکرێت و تاوانباران سزابدرێن. خەمساردی لە ڕاپۆرتدان لەسەر گەندەڵی بە لایەنە گونجاوەکان، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ هەبوونی حەسانە بۆ زۆربەی کارەکانی گەندەڵی، بەڵام هۆکاری تریش هەیە. وەک داتاکان لەسەر کاردانەوەی دادوەری تاوان دژی گەندەڵی نیشانی دەدات، ئەوانەی لێکۆڵینەوە و بەدادگاگەیاندنی گەندەڵی ئەنجام دەدەن ڕووبەڕووی گرفتی زۆر دەبنەوە لە کۆکردنەوەی بەڵگەی کۆنکریتی بۆ سەلماندنی کاری گەندەڵی لە دادگا و بەدەستهێنانی حوکم و سزا.

کۆمیسیۆنی نەزاهەت، کە دەزگای پێشەنگی دژەگەندەڵیە لە عێراق، بەرپرسە لە لێکۆڵینەوە لە هەموو کەیسەکانی گەندەڵی لە 15 پارێزگاکەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ. هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی 2004 و لەماوەی سێ ساڵ تا کاتی ڕووپێوەکە، کۆمسیۆن تواناکانی بەرەوپێشچووە و زیاتر بەدیدەکرێت و ژمارەی ئەو کەیسانەی گەندەڵی زیادیکردوە کە لەڕێگەی هێڵی گەرمەوە ڕاپۆرتیان لەسەر دەدرێت لەلایەن تاکەکەس یان کەسانی نەناسراوەوە، بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردوە، لە ئەنجامی ئەمە کەیسی لێکۆڵینەوەی تاوان لە کۆمسیۆن بەرزبۆتەوە لە 786 لە ساڵی 2004 بۆ 6،779 لە ساڵی 2009 و بۆ 11،671 لە ساڵی 2011. لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانە، ژمارەی ئەو کەسانەی دراون بە دادگا بە تۆمەتی گەندەڵی پێنج قات زیادیکردوە لە 1،084 لە 2009 بۆ 5،682 لە 2011، لەکاتێکدا کە ژمارەی حکومدان لەسەر گەندەڵی شەش قات زیادیکردوە لە 257 لە 2009 بۆ 1،661 لە 2011، نزیکەی نیوەی ئەمە (867 لە 2011) سزادراون و زیندانیکراون.

زیادبوونی ژمارەی ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەیان لێکراوە، ڕەوانەی دادگا کراون و سزادراون، کە کاربەدەستی گەورە و وەزیریان لەناوادایە، ئاماژەیە بۆ بەرزبوونەوەی هۆشیاری لەسەر گەندەڵی لە عێراق و توانای باشتر بۆ بەرەنگاربوونەوەی. هاوکات دەکرێت کارایی سیستەمی دادوەری تاوان بۆ حوکمدان و یەکلاکردنەوەی کەیسەکانی گەندەڵی پێوانەبکرێت لەڕێگەی چاودێریکردنی هەنگاوە جیاوازەکانی ڕێکارە دادوەرییەکانی تاوان، کە سەختی هەیە لە لێکۆڵینەوە و سەلماندنی کەیسەکانی گەندەڵیدا لە دادگا. لە ساڵی 2011 بۆ هەر 100 کەسێک کە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە بە تۆمەتی گەندەڵی لەلایەن کۆمسیۆنی نەزاهەتەوە، نزیکەی 37 کەس ڕەوانەی دادگا کراون، 11 کەس سزای کەسیان وەرگرتوە و کەمتر لە 6 کەس حکومدراون و سزاکانیان تەواوکردوە (سزاکانیان هەڵنەوەشاوە). بەواتایەکی تر ئەم داتایانە نیشانی دەدەن کە بۆ هەر کەسێکی حوکمدراو لەسەر تۆمەتی گەندەڵی لە عێراق، نزیکەی 18 کەس لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە لە قۆناغە بەراییەکاندا. ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی حوکمدانی ئەوکەسانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە لەسەر گەندەڵی لەماوەی سێ ساڵی پێش ڕووپێوەکەدا، هاوکات ئەمە ئاماژەیە بۆ کارابوونی لێکۆڵینەوەکان کە بەڵگەی باشتر کۆدەکەنەوە و پێشکەش دەکەن لە دادگا. بەهەرحاڵ کاتێک ژمارەی لێکۆڵێنەوەکان لە گەندەڵی بەراورد دەکەین لەگەڵ ژمارەی بەرتیلەکان، وەک هاوڵاتیان ئاماژەیان پێداوە لە ڕووپێوەکەدا، جیاوازییەکە سەرسوڕهێنەرە و بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر پێویستی بەهێزترکردنی تواناکانی لێکۆڵینەوە، دۆکیومێنرکردن، دادگاییکردن و سزادانی هەموو جۆرە ڕەفتارێکی گەندەڵی.

# نەزاهەت لە خزمەتی مەدەنیدا

ئەگەر، بەشێوەیەکی رەمزی قسەبکەین، گەندەڵی نەخۆشیەکە، کاردانەوە بەرامبەر گەندەڵی بەو شێوەیەی لەسەرەوە باسکرا، چارەسەرەکەیەتی و نەزاهەت لە خزمەتی مەدەنیدا بریتیە لە خۆپاراستن. لایەنێکی گرنگی سیاسەتی خۆپاراستن بریتیە لە پەیرەوکردنی ستانداردی بەرزی نەزاهەت، وەک بێلایەنی، دادوەری، راستگۆیی، خۆتەرخانکردن بۆ ئەرک، دڵسۆزی و راستی، لەلایەن فەرمانبەرانی مەدەنییەوە. بوارێکی زۆر گرنگ بۆ دڵنیاییکردن لە نەزاهەتی خزمەتی مەدەنی و توانای بۆ بەدیهێنانی ئەنجامەکان، بریتیە لە هەڵبژاردن و دامەزراندنی کارمەندی نوێ. ئەم راپۆرتە گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە دامەزراندنی فەرمانبەرانی مەدەنی هەمیشە لە سایەی کراوەیی و شەفافیەتدا رووناداتـ لە عێراق و کاریگەری تۆرە نافەرمییەکان لەسەر پرۆسەکانی دامەزراندن گەورەیە و لە زیادبووندایە، هاوشان لەگەڵ ئەمە دابەزین هەیە لە دامەزراندنی ئوسوڵی و فەرمیدا، بۆ نموونە، 35%ی فەرمانبەری دامەزراو لەدوای 2009 چاوپێکەوتنی فەرمی یان تاقیکردنەوەی نووسراویان ئەنجام نەداوە. هاوکات رێژەیەکی زۆری فەرمانبەری تازە دامەزراو هاوکاری راستەوخۆ وەردەگرن لە هاورێ، خزم یان تۆری تر لەکاتی دامەزراندن. لەماوەی سێ ساڵی پێش رووپێوەکەدا، ژمارەکە زیادیکردوە بۆ 28%ی فەرمانبەری تازە دامەزراو، کە بەرزترین رێژەی ئەمانە نیشانی دەدات کە یارمەتیان وەرگرتوە لە هاورێ و دۆست یان لە ئەندامانی خێزان و حیزبە سیاسیەکانیان.

شەفافیەتی تەواو و دادوەری لە پرۆسەی دامەزراندن تەنها پێویست نیە بۆ جێبەجێکردنی ستانداردەکانی نەزاهەت لە پرۆسەی دامەزرداندندا، بەڵکو هاوکات پێویستە بۆ دڵنیاییکردن لە شایستەیی ئەزموون و تواناکانی داواکار و گونجانیان لەگەڵ پۆستەکەدا. لەو بوارە گرنگەدا راپۆرتەکە دەرئەنجامگیری دەکات کە پێویستی هەیە بۆ زیادکردنی شەفافیەت و بابەتیبوون لە رێکارەکانی دامەزراندن و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی تۆرە نافەرمییەکان. رێگەیەک بۆ ئەنجامدانی ئەمە بریتیە لە پابەندبوونی تەواو بە رێکارە فەرمییەکانەوە لە هەموو پرۆسەکانی دامەزراندن، چونکە زۆرجار رێکاری نافەرمی بەکاردەهێنرێت لەلایەن ئەوانەوە کە یارمەتی دەرەکیی وەردەگرن لەکاتی دامەزراندندا بۆ پۆستێک. بۆ نموونە لەناو ئەوانەدا کە یارمەتی وەردەگرن لە ئەندامانی حیزبەکەی خۆیان، نزیکەی 60% دامەزراون بەبێ تێپەڕبوون بە پرۆسە فەرمییەکانی دامەزراندندا.

بوارێکی تری گرنگی راگرتنی نەزاهەتی فەرمانبەرانی مەدەنی بریتیە لە هەبوون و جێبەجێکردنی سیستەمی چاودێری و بەدواداچوونی ناوخۆیی، کە زۆر گرنگە بۆ دەرخستنی ناڕێکیەکان و لاوازییەکان و بۆ سەپاندنی رێوشوێنی راستکردنەوە و بەرەوپێشبردن لە فەرمانگەکاندا. زیاتر لە دوو لە سێی هەموو فەرمانبەرانی مەدەنی عێراقی دەڵێن کە فەرمانگەکانیان لانیکەم یەک جار لە ماوەی 12 مانگی رابوردودا چاودێری کراون لەلایەن نوێنەری حکومی ناوخۆیی یان دەرەکیی و 42% دەڵێن کە سیستەمیان هەیە بۆ چاودێریکردنی کواڵیتی خزمەتگوزارییەکان، وەک سیستەمی هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی یان رێکاری چاودێری سەربەخۆ. بەڵام سەبارەت بە کارایی و نەزاهەتی ئەم سیستەمانەی چاودێری، زۆر فەمانبەر گومانیان هەیە، 29% پێیانوایە کە رێکارەکانی چاودێری ناوخۆیی، پشکنین و لێکۆڵینەوە لە هەندێک دۆخدا، کاریگەری بەرتیلیان لەسەرە.

لەکاتێکدا کە ئەم بۆچوونە لەسەر نەزاهەتی رێکارەکانی چاودێری ناوخۆیی هیچ نیە جگە لە بۆچوونی تاکەکەسی و خۆی لەخۆیدا بەڵگە نیە لەسەر گەندەڵی، بەڵام داتاکان ئاماژەدەکەن بۆ نەبوونی متمانە لەناو فەرمانبەراندا بەو رێکارانەی نەزاهەت کە فەرمانگەکانی خۆیان دایانناوە، ئەمەش لە ئەنجامدا کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر بەپەرۆشی فەرمانبەران و ئامادەباشیان بۆ پابەندبوونن بە ستانداردەکانی نەزاهەتەوە.

لەم ناوکۆییەدا، دەرئەنجامێکی تری پەیوەندیدار بریتیە لە گرنگی راهێنانی کارمەندان بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەسەر نەزاهەت و ستانداردە پێویستەکانی رەفتار. نزیکەی چارەکێکی فەرمانبەرانی مەدەنی لە عێراق (22.9%) دەڵێن کە دەخوازن زیاتر فێرببن دەربارەی دژەگەندەڵی و نەزاهەت لە کارەکانیاندا، ئەمەش بە بەراورد بەو 6.7%ی کە راهێنانیانی لەم جۆرەیان پێکراوە. بێگومان لە هەندێک وەزارەت و فەرمانگە لە عێراق، تەنها 3%ی فەرمانبەران راهێنانیان لەسەر دژەگەندەڵی پێکراوە. ئەم دەرئەنجامانە نیشانی دەدەن کە پێداویستی پڕنەکراوە هەیە بۆ راهێنان لەسەر دژەگەندەڵی و نەزاهەت، هەروەها پێداویستی هەیە بۆ ئامادەباشی فەرمانبەرانی مەدەنی بۆ فێربوون لەم جۆرە دەستپێشخەرییانە.
هەڕەشەی تر لەسەر نەزاهەتی دامەزراوەیی بریتیە لەوەی کە هەمیشە رێکارەکانی شەفافیەت جێبەجێ ناکرێن، وەک بەکارنەهێنانی باج لەلایەن فەرمانبەرانەوە کاتێک لەگەڵ هاوڵاتیاندا مامەڵە دەکەن و نەبوونی زانیاری و رێکاری نووسراو و دیاری کارگێڕی لەسەر مافەکانی بەکاربەرەرانی خزمەتگوزاری.

فەرمانبەرانی مەدەنی لە عێراق تا ئاستێکی بەرز ئاسوودەن لە کارەکانیان، بەڵام هەڵسەنگاندنی موچەکانیان هەمیشە پۆزەتیف نییە. زیاتر لە نیوەیان دەڵێن کە موچەکانیان گونجاو نییە بۆ بەخێوکردنی خێزان، هەلومەرجێک کە لەوانەیە پاڵ بنێت بە فەرمانبەرانەوە بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەی تری داهاتدا. 15%ی فەرمانبەرانی عێراق کارێکی زیادەیان هەیە، ئەم رێژەیە لە زیادبووندایە لەناو ئەوانەدا کە مووچەکانیان گونجاو نییە بۆ بەخێوکردنی خێزان. پێکدادانی بەرژەوەندی کە لەوانەیە لەم هەلومەرجەوە سەرچاوە بگرێت پێویستی بە چاودێری ورد هەیە. وەک شیکردنەوەی داهاتوو نیشانی دەدات، هەمان شت راستە بۆ چەندین هەلومەرجی تر.

# دەرئەنجامە سەرەکییەکان

- بەربڵاوی بەرتیل لەناو هاوڵاتیانی عێراقدا کە لانیکەم یەک پەیوەندییان هەبووە لەگەڵ فەرمانبەرانی گشتی لەماوەی 12 مانگی پێش رووپێوەکەدا دەگاتە 11.6%.
- لە تێکڕادا، بەرتیلدەرانی عێراق ساڵانە چوار بەرتیل دەدەن، یان یەک بەرتیل لە سێ مانگدا.
- جیاوازی گەورەی هەرێمی هەیە لە بەربڵاوی بەرتیلدا لە عێراق (بەغداد: 29.3%؛ پارێزگاکانی تر 10.2% و هەرێمی کوردستان 3.7%).
- نزیکەی نیوەی (45.8%)ی بەرتیلدەران بەرتیل دەدەن بۆ مەبەستی خێراکردنی رێکارە کارگێڕییەکان؛ زیاتر لە چارەکێک (26.6%) بۆ مەبەستی وەرگرتنی مامەڵە یان خزمەتگوزاری باشتر.
- بەشێوەیەکی رەها، بەرتیلی زیاتر دەدرێت بە پەرستاران لە بنکە تەندروستیەکان، فەرمانبەرانی خزمەتگوزارییە گشتیەکان و ئەفسەرانی پۆلیس.
- بەربڵاوی بەرتیل بەرزترینە کاتێک هاوڵاتیان مامەڵە لەگەڵ پۆلیس و فەرمانبەرانی تۆماری زەوی و باج و دەرامەت دەکەن.
- هاوڵاتیان دەڵێن کە نزیکەی دوو لە سێی (65%)ی بەرتیلی دراو لەلایەن فەرمانبەری تێوەگلاوەوە داوادەکرێت، بەشێوەیەکی ئاشکرا یان راستەوخۆ، (41.2%) بەشێوەیەکی شاراوە یان ناڕاستەوخۆ. لە 14%ی کەیسەکانی بەرتیلدا، بەرتیل لەلایەن لایەنی سێیەمەوە داوا دەکرێت. کەمتر لە یەک لە پێنج بەرتیل (19%) راستەوخۆ لەلایەن هاوڵاتیانەوە پێشکەش دەکرێن.
- رێژەیەکی زۆری هاوڵاتیان بۆچوونیان وایە کە گەندەڵی لە زیادبووندایە: 54% پروایان وایە کە گەندەڵی بەربڵاوترە لە دوو ساڵ لەمەوبەر، لەکاتێکدا 33% پروایان وایە کە گەندەڵی لەو ماوەیەدا کەمبۆتەوە.
- کاتێک سەیری ئەو بەرتیلانە دەکەین کە فەرمانبەران راپۆرتی لەسەر دەدەن، 4.2% لە کۆی هەموو فەرمانبەرانی عێراق (واتا 76،000 فەرمانبەر) پارە یان دیاریان پێشکەشکراوە بەرامبەر خزمەتگوزاری باشتر یان خێراتر لانیکەم بۆ یەک جار لەماوەی 12 مانگی پێش رووپێوەکەدا.
- فەرمانبەرانی مەدەنی لە بەغداد زیاتر رووبەڕووی پێشکەشکردنی بەرتیل دەبنەوە (5.2%) بە بەراورد بە فەرمانبەرانی پارێزگاکانی تر (3.8%) و هەرێمی کوردستان (3.8%).
- فەرمانبەرانی ئاستی بەڕێوەبەرایەتی و ئەوانەی بەشدارن لەو کارانەدا کە زیاتر کراوەن بۆ گەندەڵی، وەک دابینکردنی بەڵگەنامەی یاسایی یان بیمە و دەرماڵە، زیاتر بەرتیلیان پێشکەش دەکرێت بە بەراورد لەگەڵ فەرمانبەرانی تر، یان ئەوانەی کە ئەم جۆرە ئەرکانە جێبەجێ ناکەن.
- نزیکەی 60%ی ئەو فەرمانبەرانەی کە بەرتیلیان پێشکەش کراوە، پێشکەشکردنەکە لەلایەن هاوڵاتی ئاساییەوە دەبێت، لەکاتێکدا کە پرێکی زۆر لە هاوکارەکانیانەوە لە هەمان وەزارەت وەریدەگرن (18.7%) یان لە بەڵێندەری تایبەتەوە (15.6%).
- رێژەیەکی بەرچاوی هەموو بەرتیلەکان کە پێشکەش دەکرێن بە فەرمانبەران پەیوەندییان هەیە بە دابینکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان (15.6%)، دامەزراندن یان پلەبەرزکردنەوە لە کەرتی گشتی (15.6%) یان دەرچواندن یان نمرەی باشتر لە دامەزراوە پەروەردەییەکان (10%).
- لە کۆی هەموو ئەو هاوڵاتیانەی بەرتیل دەدەن، تەنها کەمینەیەکی بچووک (4.5%) راپۆرت دەدەن بە دەسەڵاتدارانی وەک پۆلیس، داواکاری گشتی یان کۆمسیۆنی نەزاهەت لەسەر بابەتەکە.

- چەند هەوڵێکی بەرتیلدان راپۆرتی لەسەر دەدرێت لەلایەن فەرمانبەرانەوە بە کۆمسیۆنی نەزاهەت (1.6%)، لەکاتێکدا کە (2.7%) تەنها راپۆرتیان لەسەر دەدرێت بە سەرپەرشتیاری فەرمانبەر. لە دوو لە سێی (65%)ی ئەو کەیسانەدا کە فەرمانبەر بەرتیلی پێشکەش دەکرێت هیچ بەدواداچوونێک ناکرێت لەلایەن فەرمانبەرەوە.
- هۆکاری ئەوەی کە فەرمانبەران راپۆرت نادەن لەسەر پێشکەشکردنی بەرتیل بریتیە لە پروابوون بەوەی کە لایەنە پەیوەندیدارەکان هیچ ناکەن ئەگەر راپۆرت بدرێت (15.1%)، سەختی سەلماندنی کەیسەکە (16.7%) و ترس لە تۆڵەسەندنەوە (11.5%).
- دوو لە سێ (66.3%)ی فەرمانبەرانی مەدەنی هەست ناکەن کە وەک پێویست پارێزراون ئەگەر "چەپڵەبتەقێنن" (راپۆرتدان لەسەر کاری گەندەڵی) لەناو وەزارەتەکەی خۆیاندا. جێگەی سەرنجە کە 38.9%ی ئەوانەی هەست ناکەن وەک پێویست پارێزراون دەترسن لەوەی کارەکانیان لەدەستبدەن و (22.8%) لە زیانی جەستەیی دەترسن.
- لەکاتێکدا کە دەرئەنجامەکانی رووپێوەکە نیشانی دەدات کە زۆربەی کەیسەکانی گەندەڵی لە عێراق راپۆرتیان لەسەر نادرێت، داتاکانی دادوەری تاوان نیشانی دەدەن کە ژمارەی راپۆرتی نوێ لەسەر گەندەڵی کە دەدرێت بە کۆمسیۆنی نەزاهەت زیادیکردوە لە 7،797 لە 2009 بۆ 12،520 لە 2011. زیاتر لە 90%ی راپۆرتەکان دەبنە مایەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تاوان.
- لەهەمان ماوەدا، ژمارەی ئەو کەسانەی دراون بە دادگا بە تۆمەتی گەندەڵی لەلایەن کۆمسیۆنی نەزاهەتەوە، پێنج قات زیادی کردوە لە 1،084ەوە بۆ 5،682، هەروەها ژمارەی ئەوانەی حوکمدراون لەسەر گەندەڵی شەش قات زیادیکردوە لە 257ەوە بۆ 1،661. ئەوانەی سزادراون، نزیکەی نیوە (52%) بەشێوەی کەسی سزادراون و سزاکەیان جێبەجیکراوە.
- کەیسەکانی بەرتیل و دزینی سامانی گشتی پێکهێنەری کەمترن لە 10%ی هەموو لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەکانی کۆمسیۆنی نەزاهەت. تاوانەکانی تەزویر، وێرانکردنی موڵکی دەوڵەت، بەدبەکارهێنانی دەسەڵات و کاری تری نایاسایی پێکهێنەری زۆربەی کەیسەکانی ترن.
- بەدەرلە زیادبوونی چالاکییەکانی دادوەری تاوان لەدژی گەندەڵی، داتاکان لەسەر بۆچوونی هاوڵاتیان دەربارەی کارایی حکومەت لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ئاماژەدەکەن بۆ ئەوەی کە 47.6%ی هاوڵاتیان پروایان وایە کە هەوڵەکانی حکومەت ناکاران. لەکاتێکدا کە 27.8% پروایان وایە کە کاران.
- گرفتەکانی نەزاهەت کە رووبەرووی فەرمانبەرانی مەدەنی دەبنەوە لە عێراق: بۆ نموونە، زیاتر لە 20% ددان بەوەدا دەنێن کە پارەیان وەرگرتوە لەکاتی دامەزراندندا. لەناو ئەوانەدا کە لە ساڵی 2009 تا ئێستا دامەزراون، ئەو ژمارەیە بەرزبۆتەوە بۆ 28%.
- هاوشان لەگەڵ کاریگەری گەشەسەندووی تۆڕە نافەرمییەکان لەسەر پرۆسەی دامەزراندن، رۆڵی رێکارە فەرمییەکانی دامەزراندن لاوازتر دەبێت. ئەو فەرمانبەرانەی لە ساڵانی 2009 تا 2011 دامەزراون، زیاتر لە سێ بەشیان (35%) بەدەر لە رێکارە فەرمییەکان دامەزراون (وەک تاقیکردنەوەی نووسراو و/یان چاوپێکەوتن). لەناو ئەوانەدا کە پارەیان لە حیزبەکانی خۆیان وەرگرتوە، نزیکەی 60% بەدەر لە رێکارەکان دامەزراون.
- زیاتر لە 60%ی فەرمانبەرانی عێراق رازی نین لە سیاسەتی دامەزراندن و زیاتر لە نیوە رازی نین لە سیستەمی پلەبەرزکردنەوە لەناو وەزارەتەکانی خۆیان.
- زیاتر لە چوار لە دە (41%)ی فەرمانبەرانی عێراق رازی نین لە موچەکانیان و زیاتر لە نیوە (52%) دەڵێن کە موچەکانیان بەشی بەخێوکردنی خێزان ناکات، 41% دەڵێن کە کارەکانیان دەگۆرن ئەگەر دەرفەتیان پێبدرێت.

- نزیکەی یەک لە حەوت (15%)ی فەرمانبەران باس لە هەبوونی داهاتی تر دەکەن لە کاری ترەوە، ئەمەش لەناو پیاواندا زیاترە وەک لە ئافرەتان و لەناو پلە بەرزەکاندا کەمترە وەک لە پلە نزمەکان.
- جێبەجیکردنی ڕێکارەکانی شەفافیەت لە فەرمانگە گشتیەکاندا هێشتا ناتەواوە: زیاتر لە 40%ی فەرمانبەران دەڵێن کە فەرمانبەران باجی فەرمی نابەستن کاتێک لەگەڵ هاوڵاتیاندا مامەڵە دەکەن. چەندین فەرمانبەر دەڵێن کە هیچ برۆشۆر یان پۆستەرێکی نووسراو نییە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕێساپانەی کە پێویستە بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاریەکان پێوەیان پابەندبن (38.8%) بڵاوکراوەتەوە.
- نزیکەی چارەکێک (22.7%)ی هەموو فەرمانبەران دەڵێن کە دەخوازن زیاتر فێربن دەربارەی نەزاهەت و دژەگەندەڵی لە کارەکانی خۆیاندا، تەنها 6.7% ڕاهێنانیان لەسەر ئەم بابەتانە وەرگرتووە.

## پێشەکی

# دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان لە عێراق

سەرەڕای ستانداردی باشی پەروەردە، نزیکەی یەک دەیە لە هەوڵەکانی بونیاتنانەوە پاش رووخانی رژێمی پێشوو و هەبوونی سەرچاوەی داهاتی گەورە لە هەناردەکردنی نەوت، زۆر هاوڵاتی عێراقی هێشتا لەسایەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابوری سەختدا دەژین. هاوشان لەگەڵ نەبوونی ئاسایشی جەستەیی، کەمی داهات و بەربڵاوی بێکاری و کەمکاری، زۆربەی عێراقیەکان هێشتا دەستیان ناگات بە خزمەتگوزاری گشتی باش. رێژەیەکی زۆری دانیشتوان هێشتا رووبەڕوون لەگەڵ پچرانی بەردەوامی کارەبا، نەبوونی ئاوی پاکی خواردنەوە، خراپی چاودێری تەندروستی و سیستەمی ئاوەڕۆی نەگونجاو، جگە لە چەندین خزمەتگوزاری تر کە بەشێوەیەکی بەربڵاو ناڕەزاییان لەسەرە (شێوەی 1).

**شێوەی 1: رێژەی سەدی دانیشتوانی پێگەیشتوو کە پێیان وایە خزمەتگوزاریە گشتیە دیاریکراوەکان "خراپ" یان "زۆر خراپ"ن**




*سەرچاوە: رووپێوی تۆڕی زانیاری عێراق 2011*

ئەم ناڕەزاییە روونە لە خزمەتگوزارییە گشتیەکان دوو کاریگەری سەرەکی هەیە. یەکەم دەبێتە هۆی نەمانی متمانە و ئومێد بە کەرتی گشتی؛ دووەم دەگمەنی خزمەتگوزاری

باش دەرفەت دەدات بە هەندێک فەرمانبەری مەدەنی بەرتیل و شتی تر وەربگرن لەبەرامبەر مامەڵەی تایبەتی هەندێک کەس. بەکورتی کەموکوڕیەکانی سیستەمەکە لەوانەیە دەرفەت دروست بکات بۆ گەندەڵی و خێراتربوونی لەدەستدانی متمانی خەڵک بە کەرتی گشتی.

## خزمەتگوزارییە گشتیەکان و گەندەڵی لە عێراق

گەندەڵی لە ئاستی جیاوازدا ڕوودەدات، بەڵام بەگشتی جیاوازی دەکرێت لەنێوان گەندەڵی "گەورە" یان سیاسی لەلایەک و گەندەڵی "بچوک" یان کارگێڕی لەلایەکی تر. جۆری یەکەم کاریگەری هەیە لەسەر بەرزترین ئاستی حکومەت و دەبێتە هۆی لەناوبردنی باشحوکمڕانی، سەروەری یاسا و سەقامگیری ئابوری، لەکاتێکدا جۆری دووەم بریتیە لە بەرتیلدان بەرامبەر بە خزمەتگوزاری باشتر، چاکەکردن یان دامەزراندنی هاوڕێ لە فەرمانی حکومی جێگیردا. لەکاتێکدا کە کاریگەری نێگەتیڤی جۆری یەکەم لەسەر دابەشکردنی سەرچاوەکان و بڕیاری سیاسی باڵا لە میدیادا زۆر باسدەکرێت، بەڵام بۆچوونێک هەیە کە گەندەڵی کارگێڕی کە لەلایەن فەرمانبەرانی هەموو ئاستەکانەوە ئەنجام دەدرێت، کاریگەری بەهێزتری هەیە لەسەر ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوانی عێراق.

ڕووبەڕوو لەگەڵ سیستەمێکدا کە زۆربەی کات پڕ و کواڵیتی گونجاوی خزمەتگوزاری پێشکەش ناکات کە هاوڵاتیان چاوەڕوانی دەکەن، زۆربەی هاوڵاتیانی عێراق خراپی خزمەتگوزارییەکان و دەگمەنی دابینکردنی کاڵا گشتیەکان دەگێڕنەوە بۆ خراپ بەڕێوەبردن و گەندەڵی. بێگومان، زیاتر لە 40%ی دانیشتوانی پێگەیشتووی عێراق هاوران لەگەڵ ئەوەی کە لەسایەی هەلومەرجی ئێستادا "چاوەڕوان ناکرێت تاکە یەک خزمەتگوزاری بەبێ بەرتیل دابین بکرێت". لەکاتێکدا کە پشتڕاستکردنەوەی ئەم وتەیە، پێویستە وەک کاردانەوەی هەستەکی و وێناکردنی واقیع سەیربکرێت (48%ی عێراقیەکان هاورانین لەگەڵ ئەم وتەیە و 12% بێلایەنن)، بەڵام بەربڵاوی ئەم بۆچوونە نیشانی دەدات کە کەرتی گشتی کاری زۆری لەپێشە بۆ گێڕانەوەی متمانەی هاوڵاتیان بە نەزاهەتی ئەم کەرتە.

## گەندەڵی و نەزاهەت

نەزاهەت لە کەرتی گشتی پێویستی بە زیاتر هەیە لە تەنها نەبوونی گەندەڵی. چەمکی "نەزاهەت" ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی بەها و نەریتی هاوبەش لە کاری ڕۆژانەدا، کە لە ئاستی تاکەکەسدا، بریتیە لە ڕەفتاری تایبەتی وەک بێلایەنی، دادوەری، ڕاستگۆی، خۆتەرخانکردن بۆ ئەرک، دڵسۆزی و ڕاستی لە هەموو ئەو بابەتانەدا کە کاریگەریان هەیە لەسەر کار و شکۆی فەرمانبەرانی مەدەنی. لەکاتێکدا کە نەزاهەتی تاکەکەسی پەیوەندی هەیە بە ڕەفتاری پیشەییەوە و پەیوەندی هەیە بەو کارامەییانەوە کە فەرمان توانادار دەکات ئەرکی ڕێکخراوەکەی بەدیبهێنێت لەڕێگەی کارکردنەوە بەپێی ستاندار، ڕێسا و ڕێکارەکان، هاوکات چەمکی نەزاهەت لەسەر ئاستی ڕێکخراوەیدا بەکاردەهێنرێت، کە پەیوەندی هەیە بە ڕێسا، پەیرەو، سیاسەت و ڕێکارە دانراو و جێبەجێکراوەکان لەلایەن دەزگا گشتیەکانەوە لە بوارەکانی وەک سەرچاوە مرۆییەکان، شێوازەکانی بەڕێوەبردن، دابینکردنی خزمەتگوزاری، گرێبەستە گشتیەکان چاودێری و بەدواداچوون، وردبینی و ستانداردەکانی شەفافیەت.
هاندانی نەزاهەت، لەسەر ئاستی ڕێکخراوەیی و تاکەکەس، پێکهاتەیەکی زۆر گرنگی ستراتیژێکی یەکانگیرە بۆ ڕووبەڕووبوونەی گەندەڵی لە کەرتی گشتیدا. پەیرەوکردنی ستانداردی بەرزی نەزاهەت و شەفافیەت پرنسیپێکی سەرەکییە بۆ باشحکومڕانی. دانانی ستانداردی کۆنکریتی لە بوارەکانی وەک دامەزراندن و گرێبەستە گشتیەکان

بەرەوەدەدات بە شێوازی کارکردنی دادوەرانە و راستگۆیانە، هاوکات، رەفتاری نەشیاو و بەدکاری کەمدەکاتەوە. متمانەی جەماوەر و بەرپرسیارێتی لە کارگێری گشتیدا زۆر گرنگن لە رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا. بەپێی ماددەی 7ی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدژی گەندەڵی (UNCAC)، پێویستە دەوڵەتانی ئەندام رێوشوێن بگرنەبەر بۆ هاندانی شەفافیەت لە کارگێری گشتیدا لەڕووی رێکخراوەیی، کارکردن، پرۆسەکانی بڕیاردان و/یان بوارەکانی تر، بەپێی پرنسیپە بنەڕەتییەکانی سیستەمی یاسایی خۆیان. رێوشوێنی خۆپاراستن لە کەرتی گشتیدا پێکدێت لەو پاراستنانەی کە دەبنە هاندەر بۆ کارایی، شەفافیەت و دامەزراندن لەسەر بنەمای توانا، هەروەها پەیرەوکردنی رێساکانی رەفتار، مەرجەکانی راگەیاندنی دارایی و راگەیاندنەکانی تر و رێشوێنی گونجاوی تەمبێکردن (ماددەی 8).

چەمکی نەزاهەت بەڕوونی پێناسەی ئامانجەکان و ئەنجامەکان دەکات کە پێویستن بۆ پێوانەکردنی پێشکەوتن[3]. داڕشتنی میتۆدێکی هەمەلایەن بۆ چاودێریکردنی نەزاهەت لە کەرتی گشتیدا، بەشێکە لە کۆی ستراتیژی هەڵسەنگاندن و چاودێریکردنی گەندەڵی. لەوانەیە چوارچێوەی گشتی نەزاهەت بایەخ بدات بە کەرەستە سەرەکییەکانی نەزاهەت (بۆ نموونە، کۆدەکانی ئەتیک و رەفتار، سیاسەتی پێکدادانی بەرژەوەندی، رێکخستنی "چەپڵەتەقێن"، هتد)؛ پرۆسەکان (وەک دامەزراندن، گرێبەستە گشتیەکان، چاودێریکردن و وردبینی، هتد) یان پەیکەر و پێکهاتەکان (بۆ نموونە، لایەنەکانی بەڕێوەبردنی نەزاهەت لە رێکخراودا، بەشەکانی ئەتیک و رەفتار، دەزگاکانی نەزاهەت، هتد)، کە ئەمانە بەرەوەدەدەن بە نەزاهەت لە دامەزراوەکانی کەرتی گشتیدا. لەم توێژینەوەیەدا، ژمارەیەک کار کە گرنگن بۆ هەڵسەنگاندنی نەزاهەت دەخرێنە بەر باس لەسەر بنەمای بەڵگە کۆکراوەکان.

## عەقڵانیەتی ئەم توێژینەوەیە

ئەم توێژینەوەیە دیدگایەکی بەرفراوانی هەبوو لەکاتی هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی نەزاهەت و گەندەڵی لە خزمەتی مەدەنی عێراقدا. بۆ خستنەڕووی بابەتی لەم جۆرە هەستیار پێویستمان بە شێوازێکی فرەڕەهەند هەبوو لە دیدگای جیاواز لە گۆشەنیگای جیاوازی گروپە جیاوازەکانەوە. ئەم توێژینەوە پێکهاتووە لە سێ بەشی سەرەکیی:

- هەڵسەنگاندنی ئاست و شێوازەکانی بەرتیل کە کاردەکاتە سەر کەرتی گشتی و جەخت خستنەسەر جۆرەکانی بەرتیلی کارگێری کە رووەدەدات لەکاتی پەیوەندی نێوان فەرمانبەران و بەکاربەرانی خزمەتگوزارییە گشتیەکان. زانیاری لەسەر ئەزموونە تاکەکەسییەکانی بەرتیل کۆکراونەتەوە لە هاوڵاتیان و فەرمانبەران، بەئامانجی وەسفکردنی ئاست و شێوازەکانی بەرتیل؛ دەستنیشانکردنی کەرتەکان و پۆستەکان کە ناسکترن و مەترسی بەرتیلیان زیاتر لەسەرە، هەروەها شیکردنەوەی ئاستی هەرێمی.
- کاردانەوە بەرامبەر تاوانەکانی گەندەڵی: یەکێک لە رێگە سەرەکییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بریتیە لە دڵنیاییکردن لەوەی کەناڵەکانی راپۆرتدان بە لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدروستی کاردەکەن و کاردانەوەی گونجاو دەبێت لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری تاوانەوە. زانیاری لەسەر جۆرەکانی راپۆرتدان (بۆ نموونە "چەپڵەتەقێن")، هەروەها کاردانەوەی سیستەمی دادوەری تاوان کە زۆر گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی ئایا کاردانەوەی دەوڵەت بۆ گەندەڵی گونجاوە. لەم ناوکۆییەدا، داتا لەسەر لێکۆڵینەوە و رێکارە یاساییەکانی پەیوەست بە گەندەڵی ئاماژە دەکەن بۆ گرفت و بەربەستەکانی لێکۆڵینەوە و سەلماندنی کەیسەکانی گەندەڵی کە راپۆرتیان لەسەر دەدرێت بە کۆمسیۆنی نەزاهەت.

---

[3] 1- Armytage L., Monitoring judicial integrity: lessons for implementation of UNCAC Article 11 (2009).

- نەزاهەت لە کەرتی گشتی: خزمەتی مەدەنی عێراق گەورەیە و زۆر هەمەڕەنگە لەڕووی پێکهاتە، دەسەڵات و ئەرکەکانی فەرمانگە و وەزارەتە زۆرەکان. قۆناغی گواستنەوە کە لەدوای روخانی رژێمی پێشووەوە دەستپێکرد، بووە هۆی دروستبوونی ناسەقامگیری بەرچاو لەڕووی چوارچێوەی دامەزراوەیی و یاسای و رێکخستنی خزمەتی مەدەنی. لە ناوکۆییەکی لەم جۆرەدا، دانانی چوارچێوەیەکی پتەوی نەزاهەت خۆی لەخۆیدا گرفت و سەرکەشیەکی گەورەیە و هەنگاوێکی زۆر پێویست و گرنگە بەرەو زیادکردنی کارایی و بەرپرسیارێتی کەرتی گشتی و بەرگرتن بە گەندەڵی. لێرەوە شیکردنەوە ئەنجامدراوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی ئەنجام دەدرێن لەڕووی ژمارە و بوارە جیاوازەکانەوە کە کاریگەری راستەوخۆیان هەیە لەسەر نەزاهەتی فەرمانبەران، وەک دامەزراندن و پلەبەرزکردنەوە، چاودێری، گرێبەستە گشتیەکان، هەروەها لە بوارە پەیوەندیدارەکانی وەک راهێنان و گواستنەوەی فەرمانبەران.

مەبەستی گشتی تەنها ئەوە نییە کە زانیاری هەمەلایەن دابین بکەین لەسەر شێوازەکانی ئێستای گەندەڵی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر کەرتی گشتی عێراق، بەڵکو هاوکات شیکردنەوەی دوو پێکهاتەی سەرەکی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیە، جێبەجێکردنی یاسا و خۆپاراستن و بەرپێگرتن، و دابینکردنی نیشاندەرەکان لەسەر چۆنێتی بەرەوپێشبردنی ئەدا لەم بوارە گرنگانەدا.

# داتاکان

ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای بەڵگەی بەرفراوانی ئامارییی ئەنجامدراوە کە کۆکراوەتەوە لە ساڵی 2011. کۆکردنەوەی زانیاری ئاماریی لەم بوارەدا گرفتێکی سەرەکییە چونکە گەندەڵی رەفتارێکی ناشایستە و نائەخلاقیە، بەشێوەیەکی شاراوە ئەنجام دەدرێت و بەگشتی زانیاری و راپۆرتی لەسەر نادرێت. لەبەر ئەم هۆکارانە، داتای ئاماریی لەسەر کەیسەکانی گەندەڵی، لەکاتێکدا کە سوودبەخشن بۆ شیکردنەوەی رێکارەکانی دادوەری تاوان، بەڵام بەشێوەیەکی گونجاو دروست نین بۆ تێگەیشتن لە ئاست و شێوازەکانی گەندەڵی. لەئەنجامدا، بۆ ئەوەی زانیاری راستەوخۆ کۆبکەینەوە لەسەر ئەزموونی گەندەڵی، دوو رووپێوی سامپڵ گەورە ئەنجامدرا، یەکێک بۆ فەرمانبەران و ئەوی تر بۆ هاوڵاتیانی عێراق.

ئەو داتایانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون لە سێ سەرچاوەی جیاوازەوە وەرگیراون:

1. رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011: سامپڵی رووپێو لەسەر هەلومەرجی کارکردن، رەزامەندی لە کار و نەزاهەت بۆ فەرمانبەرانی مەدەنی عێراق (روووپێوی خزمەتی مەدەنی) لەلایەن دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانەوە ئەنجامدرا، بەهاوکاری (UNODC) و (UNDP)، لە تەموز-ئاب 2011.[4] ئەم رووپێوە 33 وەزارەت و فەرمانگەی گرتەوە لە حکومەتی فیدراڵ و 22 وەزارەت و فەرمانگە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان[5]. لە کۆدا، زیاتر لە 31،000 فەرمانبەر بەشداریان کرد لە رووپێوەکەدا: سامپڵێکی گەورە لە سەرانسەری وڵات کە نوێنەری 1،867.000 فەرمانبەری گشتی بوون لە 55 دامەزراوە (بڕوانە پاشکۆی میتۆدی بۆ وردەکارییە تەکنیکیەکان). ئەم رووپێوە

[4] ئەم رووپێوە بەشێک بوو لە پرۆژەیەکی بەرفروانتری (UNDP/UNODC) بۆ هاوکاری کردنی حکومەتی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەدەنڵی لەڕێگەی پاڵپشتی سیاسەت و پابەندبوون بە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدژی گەندەڵی (2008-2012).

[5] ئەم رووپێوە ئەمانەی نەگرتەوە: وەزارەتی بەرگری، وەزارەتی ناوخۆ، کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، کۆمسیۆنی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی موڵک، ئاڵوگۆری پشکەکان لە حکومەتی ناوەند و وەزارەتی بەرگری، وەزارەتی پێشمەرگە، پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم.

زانیاری دابین دەکات لەسەر هەلومەرجی کارکردن، شێوازەکانی دامەزراندن، بەپەرۆشی، رەزامەندی لە کار، پرۆژەکانی بەڕێوەبردن و ئەزموونی بەرتیل، راپۆرتدان لەسەر گەندەڵی و بۆچوونی پەیوەندیدار.

2. رووپێوی تۆری زانیاری عێراق 2011: رووپێوی تۆری زانیاری عێراق لە ساڵی 2011 ئەنجامدرا لەلایەن دەزگای ناوەندی ئامار و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانەوە، بەهاوکاری ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان[6]. ئەم رووپێوە هەموو پارێزگاکانی عێراقی گرتەوە و سامپڵێکی هەڕەمەکی هەبوو کە پێکهاتبوو لە 29،000 خێزان کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا. ئەم رووپێوە کۆمەڵێک بابەتی هەبوو سەبارەت بە حوکمڕانی، کە هاوکات داتای کۆدەکردەوە لەسەر بەربڵاوی بەرتیل کە رووبەڕووی هاوڵاتیان دەبێتەوە، راپۆرتدان و بۆچوون لەسەر گەندەڵی (پڕوانە پاشکۆی میتۆدی بۆ وردەکارییە تەکنیکیەکان).

3. داتا کارگێڕیەکانی کۆمسیۆنی نەزاهەت لەسەر گەندەڵی: داتای کارگێڕی لەسەر پرۆسەکانی دادوەری تاوانی پەیوەست بە کەیسەکانی گەندەڵی لەماوەی نێوان 2011-2006 دابینکرا لەلایەن دەزگای سەرەکیی دژەگەندەڵیەوە لە عێراق، کۆمسیۆنی نەزاهەت. داتاکان وێنەیەکی ئاماری هەمەلایەن پێشکەش دەکات لەسەر کاردانەوەی دادوەری تاوان بەرامبەر گەندەڵی، ژمارە و جۆری کەسیەکانی گەندەڵی کە راپۆرتیان لەسەردراوە بە لایەنە پەیوەندیدارەکان و ئەوانەی گەیشتونەتە قۆناغی لێکۆڵینەوە تا ژمارە و جۆری ئەوانەی کە سزای یاسایی دراون. ئەم داتایانە شیکراونەتەوە بۆ وەرگرتنی زانیاری ورد لەسەر پێشکەوتنی بەدیهاتوو لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا و لەسەر ئەو گرفتانەی ماون و بوارەکانی پەرەپێدان.

بەڵگە کۆکراوەکان لەهەر یەک لەم سێ سەرچاوەیەوە زانیاری زیادەمان پێشکەش دەکات و تیشک دەخاتە سەر لایەنە جیاوازەکانی گەندەڵی لە عێراق. رووپێوی هاوڵاتیان (رووپێوی تۆری زانیاری عێراق 2011)، ژمارەیەکی زیاتر و جۆری جیاواز لە کەیسی بەرتیل دەستنیشان دەکات زیاتر لە رووپێوی خزمەتی مەدەنی 2011، کە ئەویش لە بەرامبەردا ژمارەیەکی زیاتر و جۆری زیاتر کەیسی گەندەڵی دەستنیشان دەکات، زیاتر لەوانەی دواجار راپۆرتیان لەسەر دەدرێت بە لایەنە دەسەڵاتدارەکان (داتای دەستەی نەزاهەت لەسەر کەیسەکانی گەندەڵی). ئەمە لە شێوەی 2دا نیشاندراوە، کە ناوچەکانی هەر لاکێشەیەک بەشێکیان تێکەڵ دەبێت وەک ئاماژەیەک بۆ پری گەندەڵی دەستنیشانکراو لەهەر یەکێک لە سەرچاوەکان، لە کۆی ژمارەی (نەزانراوی) کەیسەکانی گەندەڵی.

[6] رووپێوی تۆری زانیاری عێراق ئەم بابەتانەی گرتەوە: هێزی کار، خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان، ئاسایشی خۆراک، خەرجیەکانی خێزان و حوکمڕانی. پرۆژەکە بەهاوبەشی جێبەجێکرا لەنێوان دەزگای ناوەندی ئامار و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و یەکەی زانیاری و شیکردنەوە.

## شێوەی 2: گەندەڵی و پێوانەکردنی گەندەڵی لەڕێگەی سێ سەرچاوەی جیاوازی داتاوە




لەناو ئەو هۆکارانەدا کە روونکردنەوە دەدەن لەسەر هەبوونی ناکۆکی لەنێوان سەرچاوە جیاوازەکاندا، پێویستە ئەمانە روون بکرێنەوە:

- داتاکانی رووپێوی خێزان ئاماژەدەکات بۆ پاردان وەک بەرتیل لەلایەن هاوڵاتیانەوە بە فەرمانبەران، بەدەرلەوەی بەرتیلەکە لەلایەن فەرمانبەرەوە داواکراوە یان لەلایەن هاوڵاتیەوە پێشکەش کراوە.
- داتاکانی رووپێوی خزمەتی مەدەنی تەنها ئاماژەدەکەن بۆ پێشکەشکردنی بەرتیل بە فەرمانبەر، بەدەلەوەی دواتر بەرتلەکە دراوە یان نا. بەرتیلی داواکراو لەلایەن فەرمانبەرەوە لەم سەرچاوەیەدا نییە.
- داتاکان لەسەر کەیسەکانی گەندەڵی کە راپۆرتیان لەسەردراوە تەنها ئاماژەدەکەن بۆ ئەو کەیسانەی کە دەسەڵاتەکانی دژەگەندەڵی زانیاریان لەسەر وەرگرتوە، یان پاش راپۆرتی زانیاریدەر، یان پاش لێکۆڵینەوە لەلایەن دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنی یاساوە.
- رەفتاری هاوڵاتیان و فەرمانبەران کە وەڵامی پرسیارنامەکانی رووپێوەکانیان داوەتەوە بەڕوونی جیاوازە: سەرەڕای بەڵێنی نهێنیپارێزی کە جێبەجێکراوە لە هەموو رووپێوەکان و لە مەیداندا، دەکرێت چاوەڕوان بکرێت کە فەرمانبەرانی مەدەنی زیاتر پەنادەگرن لە ئاشکراکردنی زانیاری پەیوەست بە بەرتیل، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو مەترسیانەی لەوانەیە رووبەڕوویان ببێتەوە.

لەکاتێکدا ئەوە رەچاودەکەین کە ناکرێت راستەوخۆ بەراورد بکرێن بەهۆی ناوکۆیی کار و پێناسەی جیاوازەوە، داتاکانی هەر سێ سەرچاوەکە بەیەکەوە شیکردنەوەیان بۆ کراوە. هەر کاتێک گونجا بێت داتاکان بەپێی ئاستی جوگرافی جیاکراوەنەتەوە (پروانە شێوەی 3) و بەپێی ژمارەی گروپە جیاوازە کۆمەڵایەتی-دیمۆگرافیەکان و کەرتەکانی خزمەتی مەدەنی.

**شێوەی 3: دابەشکردنی کارگێڕی لە عێراق، بەپێی پارێزگاکان و هەرێمەکان**



# چاپتەری 1

# ئاست و شێوازەکانی بەرتیل

# 1. ئاست و شێوازەکانی بەرتیل

گەندەڵی بە چەندین شێوە و قەبارە دەردەکەوێت و هەڵسەنگاندنی ئاست و شێوازەکانی ئەرکێکی سەختە و سەختتر دەبێت بەهۆی سروشتی شاراوەوە و ناماددی تاوانەکانی گەندەڵییەوە. بەڵام هەڵسەنگاندنی ئاست و جۆر و شێوازەکانی باوترین و ناسراوترین جۆرەکانی کە بەرتیلی کارگێڕیە، هەنگاوێکی بەراییە بە ئاراستەی دروستدا. خزمەتی مەدەنی رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا، هاوڵاتیان و خێزانەکان پشتی پێدەبەستن بۆ چەندین خزمەتگوزاری گشتی، کە زۆرجار بەرتیل دەستاودەست دەکات لەنێوان ئەو هاوڵاتیانەی کە پێویستیان بەم خزمەتگوزاریانە هەیە لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانەی کە دابینیان دەکەن. شێوازی گێرانەوە و وەسفکردنی ئەم ئەزموونانە لەلایەن هاوڵاتیان و فەرمانبەرانەوە جیاوازە، لە ئەنجامدا داتاکان بۆچوونی یەکترتەواوکەر پێشکەش دەکەن لەسەر هەمان دیاردە.[7]
ئەو شیکردنەوەیەی ئەم چاپتەرە پێشکەشی دەکات، هاوشێوەی هەموو راپۆرتەکە، لەسەر بنەمای داتای کۆکراوەیە لە عێراق لەم دوو دیدگا جیاوازەوە.[8]

## 1.1. بەرتیل لە ئەزموونی هاوڵاتیاندا

### 1.1.1.بەربڵاوی بەرتیل

بە هەژمارکردن وەک ژمارەی ئەو هاوڵاتیە عێراقیانەی کە پارە، دیاری یان چاکەیان پێشکەشکردوە بە فەرمانبەرانی گشتی لانیکەم بۆ یەک جار لە ماوەی 12 مانگ پێش رووپێوەکە، وەک رێژەی سەدیی ئەو هاوڵاتیانەی کە لانیکەم یەک پەیوەندیان هەبووە لەگەڵ فەرمانبەرانی گشتی لەهەمان ماوەدا، بەربڵاوی بەرتیل لە عێراق بریتیە لە 11.6%. بەڵام جیاوازی گەورە هەیە لە سەرانسەری وڵاتدا، کە بەربڵاوی بەرتیل لە بەغداد دەگاتە 29.3%، لەکاتێکدا لە کوردستان تەنها 3.7%ە (شێوەی 3) و لە پارێزگاکانی تر بەتێکڕا 10.2%ە. زۆر هاوڵاتی عێراقی دەڵێن کە جارێک یان دوو جار بەرتیلیان داوە بە فەرمانبەران بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاری گشتی، بۆئەوەی تێروانینێکی رەوا وەربگرین لەسەر ئاستی بەرتیل، گرنگە چەند دووبارەبوونەوەی بەرتیل لەبەرچاوبگرین، یان ژمارەی ئەو جارانەی هاوڵاتیان بەرتیل دەدەن. بێگومان رووپێوەکە نیشانی دەدات کە زیاتر لە نیوەی بەرتیلدەران ئەم کارە چەندین جار ئەنجام دەدەن، کە بەرتیلدەرانی عێراق تێکڕا نزیکەی 4 بەرتیل لە ساڵێکدا دەدەن. بە لەبەرچاوگرتنی کۆی ژمارەی بەرتیلدەرەکان (502.000 هاوڵاتی) لەماوەی 12 مانگدا و ژمارەی ئەو پرانەی دەبێت بیدەن لەو ماوەیەدا، خەمڵاندن کراوە کە نزیکەی 1.9 ملیۆن بەرتیل دەدرێت بە فەرمانبەران لەلایەن نیو ملیۆن هاوڵاتی عێراقیەوە لەو ماوەیەدا کە رووپێوەکە دایپۆشیوە.

شێوەی 3 نیشانی دەدات کە سەرەڕای بەراورد لەنێوان بەربڵاوی بەرتیل لە بەغداد و هەرێمی کوردستان، بەرتیلدەران لە هەردوو ناوچەکە بەتێکرایی 4.5 بەرتیل لە ساڵێکدا دەدەن بە فەرمانبەرانی گشتی. بەڵام بەگشتی، رێژەی دووبارەبوونەوە لە ناوچە شارستانیەکان بەرزترە (4.2 بەرتیل) لە ناوچە گوندنشینەکان (3.2 بەرتیل)، کەواتە وەک زۆر وڵاتی تر، بەربڵاوی بەرتیل لە شارەکان دەگاتە (12.5%) و لە گوندەکان دەگاتە (9.7%).

---

[7] بەرتیل پێناسەکراوە لە ماددەی 15 لە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدژی گەندەڵی وەک (آ) بەڵێنن، پێشکەشکردن، یان بەخشین بە فەرمانبەرێکی گشتی، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، سوودێکی نەشیاو، بۆ فەرمانبەر خۆی یان کەس یان لایەنێکی تر، بۆ ئەوەی فەرمانبەرەکە کارێک بکات یان نەکات لەمیانەی ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا (ب) داواکردن یان قبوڵکردنی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی سوودی نەشیاو، لەلایەن فەرمانبەر خۆی یان کەس یان لایەنێکی تر، بۆ ئەوەی فەرمانبەرەکە کارێک بکات یان نەکات لەمیانەی ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا

[8] زانیاری لەسەر ئەزموونەکانی بەرتیل، بەو شێوەیەی لە هاوڵاتی ئاسایی وەرگیراوە، ئاماژەیە بۆ پارە یان دیاری کە دراوە بە فەرمانبەر بەدەرلەوەی کێ دەستپێشخەری کردوە، لەکاتێکدا کە زانیاری پەیوەست بە بەرتیل لە فەرمانبەران وەرگیراوە و تەنها ئاماژەیە بۆ هەوڵی پێشکەشکردنی بەرتیل لەلایەن هاوڵاتیانەوە بە فەرمانبەران.

**شێوەی 3: بەربڵاوی بەرتیل و تێکڕای ژمارەی بەرتیلی دراو بەپێی ناوچە شارستانی/گوندیەکان و هەرێمەکان، عێراق (2011)**




*سەرچاوە: رووپێوی تۆڕی زانیاری عێراق 2011*

لەکاتێکدا کە بەربڵاوی بەرتیل تەنها ئاماژەیە بۆ ئەو هاوڵاتیانەی کە لانیکەم یەک پەیوەندییان هەبووە لەگەڵ فەرمانبەران، نیشاندەرێکی تری ئەزموونی هاوڵاتیان لەگەڵ گەندەڵی بریتیە لە رووبەڕووکردنەوە لەگەڵ بەرتیل بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیەی کە زۆرجار بەرتیل لەلایەن کەسێکەوە دەدرێت لەجیاتی ئەندامێکی تری خێزان.. لە تێکڕادا، 8.0%ی دانیشتوانی پێگەیشتووی عێراق (نزیکەی 1،336.000 هاوڵاتی) راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ رووبەڕووی بەرتیل بوونەتەوە لە 12 مانگ پێش رووپێوەکە. ئەم ژمارەیە پوختەی دوو پێکهاتەیە: رێژەی سەدیی ئەو کەسانەی کە خۆیان بەرتلیان داوە (3.3%) و رێژەی سەدیی ئەو کەسانەی دەڵێن ئەندامێکی خێزانەکەیان بەرتیلی داوە (4.7%).

رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەرتیل لە هەرێمی کوردستان زۆر نزمترە (4.3%) و لە پارێزگاکانی تر (5.6%) وەک لە بەغداد کە دەگاتە نزیکەی 17.9%. وەک لە شێوەی 4دا نیشاندراوە، رووبەڕووبوونەوە بەرزە لە بەسرە (10%) و ئەنبار (8%)، لەکاتێکدا لەنێوان 4.0% و 7.9% لە حەوت پارێزگا و کەمترە لە 4.0% لە هەشت پارێزگا، بەتایبەتی دهۆک کە کەمترە لە 2%.

**شێوەی 4: ڕووبەڕووبوونەوەی دانیشتوانی پێگەشتوو لەگەڵ بەرتیل، بەپێی پارێزگاکان، عێراق (2011)**




*سەرچاوە: ڕووپێوی تۆڕی زانیاری عێراق 2011*

## 1.1.2. سروشتی بەرتیل

بەرتیلدان بە فەرمانبەرانی گشتی بەشێوەی جیاواز، بۆ مەبەستی جیاواز و لە ناوکۆیی جیاوازدا ئەنجام دەدرێت. دەتوانین تێگەیشتنێکی باشتر گەڵاڵە بکەین لەسەر هەلومەرجی زنجیرەکانی بەرتیلدان، لەڕێگەی شرۆڤەکردنی سروشتی بەرتیل لەڕووی مەبەستی بەرتیل دانەکە لەلایەن هاوڵاتیەوە، جۆری پارەدانەکە و شێوازەکانی پێشکەشکردن و داواکردنی بەرتیل.

**مەبەستی بەرتیل**

هاوکات لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئاست و مەودای بەرتیل، تێگەیشتن لە مەبەست و میکانیزمە دیاریکراوەکانی – وەک کێ دەستپێشخەری کردوە، فەرمانبەر داوای کردوە یان هاوڵاتی پێشکەشی دەکات – دەتوانێت رۆڵێکی گرنگتر بگێرێت لە یارمەتیدان بۆ داڕشتنی ڕێوشوێن، سیاسەتی بەرپێگرتن و جێبەجێکردنی یاسا و ستراتیژەکان بۆ لەناوبردنی. بەرتیل زۆرجار وەک ئاڵوگۆر سەیردەکرێت، ئاشکرا یان شاراوە، لەنێوان دوو لایەندا کە هەردوولایەن شتێک دەدەن و وەردەگرن لە بەرامبەردا. بەڵام پێویستە جەخت بکەینەوە کە لە زۆربەی کەیسەکاندا دوو لایەنەکە یەکسان نین، فەرمانبەر بەگشتی لە پێگەی هێزدایە بەهۆی دەسەڵاتیەوە بۆ بەخشین یان نەبەخشینی خزمەتگوزاری گشتی، دیاریکردنی کاڵا، مۆڵەت، وەرگرتنی غەرامە، هتد.

نیشاندەرێکی بەسوودی هاندەر بۆ بەرتیل دەکرێت بەدەستبهێنرێت لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لەو مەبەستەی بەرتیلدەر دەڵێت دوا بەرتیلی داوە بۆ ئەو مەبەستە. وەک شێوەی 5

نیشانی دەدات، کە زۆرینەیەکی ڕێژەیی (45.8%) بەرتیلدەران بەرتیلیان داوە بۆ مەبەستی خێراکردنی ڕێکارە کارگێرییەکان، لەکاتێکدا کە 26.6% پارەیانداوە بۆ بەدەستهێنانی مامەڵە یان خزمەتگوزاری باشتر. بەڵام جێگەی سەرنجە کە ژمارەیەکی کەم بەرتیلیانداوە بۆ پەناگرتن لە غەرامەدان (3.9%) یان بۆ کەمکردنەوەی فەرمانە (رسوم)ی کارگێری (1.8%)، ئەو هاندەرانەی کە دەکرێت سوودی ڕاستەوخۆی ئابوری هەبێت بۆ بەرتیلدەر.

**شێوەی 5: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی بەرتیل، بەپێی مەبەستی پارەدان، عێراق 2011.**




*سەرچاوە: ڕووپێوی تۆڕی زانیاری عێراق 2011*
*تێبینی: داتاکان ئاماژەن بۆ دوا بەرتیلی دراو لەلایەن هەر بەرتیلدەرێکەوە لە 12 مانگی پێش ڕووپێوەکەدا.*

## جۆرەکانی بەرتیل

زۆرینە (92%)ی بەرتیلەکان لە عێراق بەشێوەی کاش (نقدی)ە، کە تاکەکەس خۆی دەیدات کە هاوکات لەگەڵ جۆری تری بەرتیل دەیدات (شێوەی 6). شتی بەهادار دەدرێت لە 10.3%ی کەیسەکانی بەرتیلدان، خواردن و کاڵای تر لە 9.5%، هەندێک جار بەشێوەی چاکە لەگەڵ کردنەوە یان خزمەتکردن لە 5.9%ی کەیسەکاندا. لە 15%ی کەیسەکاندا بەرتیل بەشێوەی تێکەڵەی دوو یان زیاتر لە جۆرانە دەدرێت (زۆربەی کات پارە و جۆرێکی تر).

**شێوەی 6: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی بەرتیل، بەپێی جۆری بەرتیل، عێراق 2011.**




*سەرچاوە: ڕووپێوی تۆڕی زانیاری عێراق 2011 |*

*تێبینی: داتاکان ئاماژەن بۆ دوا بەرتیلی دراو لەلایەن هەر بەرتیلدەرێکەوە لە 12 مانگی پێش ڕووپێوەکەدا.*
*ڕێژە سەدییەکان ناکەنە 100، چونکە لە هەندێک کەیسدا، بەرتیل بە زیاتر لە یەک جۆر دراوە.*

## شێوازەکانی داواکردنی بەرتیل

ئەو شێوازانەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی هاوڵاتیان تێبگەن کە پێویستە بەرتیل بدەن، تیشک دەخەنە سەر هەلومەرجەکانی بەرتیل. بۆ نموونە، کێ دەستپێشخەری دەکات، ئایا بەرتیل لەلایەن فەرمانبەری گشتیەوە داواکراوە، یان لەلایەن هاوڵاتیەوە پێشکەشکراوە، یان ئایا کەیسەکە زۆر ئاڵۆزترە و فەرمانبەرەکە لایەنی سێیەم رادەسپێرێت بۆ گەیاندنی داواکاری بەرتیل. شێوەی 7 نیشانی دەدات کە 65%ی بەرتیلی دراو بە فەرمانبەران لە عێراق لەلایەن فەرمانبەرانەوە داوا دەکرێت بەشێوەی داواکاری ئاشکرا (41.2%) یان لەڕێگەی تێگەیاندنی بەرامبەرەوە بەشێوەی داواکردنی نائاشکرا (23.4%). لە کەیسی تردا (14%)، داواکردنی بەرتیل لەڕێگەی نێوەندگیرەوە ئەنجام دەدرێت، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئاستی بەرزی ڕێکخراوەیی لە پشت ئەم ئاڵوگۆڕەوە. لە 19%ی کەیسەکاندا، بەرتیل دەدرێت بەبێ هیچ داواکاریەکی فەرمانبەر، کە لەم حاڵەتەدا هاوڵاتی بۆچوونی وایە کە بەرتیلدان ئاساییە و خۆی پێشکەشی دەکات.

**شێوەی 7: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی بەرتیل، بەپێی شێوازەکانی داواکردن/پێشکەشکردن، عێراق 2011.**




*سەرچاوە: ڕووپێوی تۆڕی زانیاری عێراق 2011*
*تێبینی: داتاکان ئاماژەن بۆ دوا بەرتیلی دراو لەلایەن هەر بەرتیلدەرێکەوە لە 12 مانگی پێش ڕووپێوەکەدا.*

## 1.1.3. فەرمانبەرانی گشتی و داواکردنی بەرتیل

هەروەک چۆن بەرتیل لە ناوکۆیی جیاواز و بۆ مەبەستی جیاواز دەدرێت، ئاستی تێوەگلانی هەموو کەرتەکانی خزمەتی مەدەنی لە عێراق جیاوازە. چەند جۆرێکی دیاریکراوی فەرمانبەری گشتی هەیە کە لە پێگەیەکدان کە دەتوانن داوای بەرتیل بکەن زیاتر لەوانی تر، هەروەها چەند ڕێکار و هەلومەرجێک هەیە کە سوودمەندانی خزمەتگوزارییە گشتیەکان زیاتر ڕووبەڕووی پێشکەشکردنی بەرتیل دەکاتەوە بە فەرمانبەرانی مەدەنی.

شێوەی 8 نیشانی دەدات کە پەرستاران گەورەترین وەرگری بەرتیلن (%19ی هەموو کەیسەکانی بەرتیل)، لەکاتێکدا کە %15.5ی هەموو بەرتیلەکان دەدرێت بە فەرمانبەرانی خزمەتگوزارییە گشتیەکانی (کارەبا، ئاو، هتد) و %14.2 دەدرێت بە پۆلیس. ئەمە ئاستی دووبارەبوونەوەی بەرتیلەکان نیشان دەدات لەکاتی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە دابینکراوەکان لەلایەن فەرمانبەرانەوە و ئەو ڕاستیەش نیشان دەدات کە ئاستێکی بەرزی پەیوەندیکردن و تێکەڵبوونیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیاندا بەهۆی گرنگی ئەم خزمەتگوزاریانەوە.

**شێوەی 8: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی کۆی هەموو بەرتیلە دراوەکان لەلایەن هاوڵاتیانەوە، بەپێی جۆری فەرمانبەری مەدەنی، عێراق 2011**




*سەرچاوە: ڕووپێوی تۆڕی زانیاری عێراق 2011*

چەند جۆرێک لە فەرمانبەر هەیە لە عێراق کە تێکەڵبوونیان لەگەڵ هاوڵاتیان و بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکان کەمە، بەڵام بەرتیل بەشێوەیەکی دووبارە لەناویاندا ڕوودەدات. نیشاندەرێکی بەسوود بۆ دەستنیشانکردنی ئەم جۆرانەی فەرمانبەران و خزمەتگوزارییەکان کە ئاستی ناسکیان بەرامبەر بەرتیل زۆر بەرزە، بریتیە لە بەربڵاوی بەرتیل بەپێی فەرمانبەری گشتی، کە هەژماردەکرێت وەک ڕێژەی سەدی ئەو هاوڵاتیانەی کە لەمیانەی پەیوەندیکردنیاندا لەگەڵ فەرمانبەران بۆ کاروباری خزمەتگوزاری، ناچاربوون بەرتیل بدەن.[9]

لەناو ئەو فەرمانبەرانەدا کە ئەم توێژینەوەیە ڕەچاوی کردون، هاوڵاتیان دەڵێن کە بەربڵاوی بەرتیل زیاترە لەناو پۆلیس، فەرمانبەرانی تۆماری زەوی و باج و دەرامەت. زیاتر لە 12%ی هاوڵاتیانی پێگەیشتوو کە پەیوەندییان هەبووە لەگەڵ فەرمانبەراندا لە 12 مانگی پێش ڕووپێوەکەدا ناچاربوون لانیکەم یەک بەرتیل بدەن. شێوەی 9 نیشانی دەدات کە بەرتیلدەران ناچارن کە بەلای زۆرەوە لە ساڵێکدا دوو بەرتیل بدەن بەم فەرمانبەرانە.

[9] بەربڵاوی بەرتیل بەپێی جۆری فەرمانبەران هەژماکراوە وەک ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی کە پارە، دیاری یان چاکەیان پێشکەشکردووە بە فەرمانبەرانی گشتی لانیکەم یەک جار لە 12 مانگی پێش ڕووپێوەکە، وەک ڕێژەی سەدیی ئەو هاوڵاتیانەی کە لانیکەم یەک پەیوەندییان هەبووە لەگەڵ فەرمانبەران لەهەمان ماوەدا.

**شێوەی 9: بەربڵاوی بەرتیل و تێکڕای ژمارەی بەرتیلی دراو، بەپێی جۆری فەرمانبەری مەدەنی، عێراق 2011**




*سەرچاوە: رووپێوی تۆڕی زانیاری عێراق 2011*

پاش ئەمانەی سەرەوە فەرمانبەرانی گومرگ و تۆمارکردنی ئۆتۆمبیل/مۆڵەتی شۆفێری دێن، کە رێژەی بەربڵاوی دەکەوێتە نێوان 11% و 12%، پاش ئەمانیش فەرمانبەرانی خزمەتگوزارییە گشتیەکان دێن (9.3%)، فەرمانبەرانی حکومەتە خۆجێیەکان (8.3%؛ ئەمانە فەرمانبەرن لەئاستی شارەوانی یان پارێزگا) و ئەو پەرستارانەی کە لە بنکە تەندروستیەکان کاردەکەن (7.8%).

جیاوازی بەرچاو هەیە نەک تەنها لە بەربڵاوی بەرتیلدا، بەڵکو هاوکات لە ئاستی دووبارەبوونەوەی بەرتیلدا بەپێی جۆری فەرمانبەری مەدەنی. بۆ نموونە، لەکاتێکدا کە فەرمانبەرانی باج و دەرامەت ئاستی بەربڵاویان بەرزە، لە تێکڕادا 1.3ی بەرتیلەکان وەردەگرن لەمیانەی ساڵێکدا، ئەمەش بەهۆی سروشتی ئەو خزمەتگوزارییەوە کە دابینی دەکەن. لەلایەکی ترەوە، دواکاری گشتی، کە رێژەی بەربڵاوی 4.7%ە، لە تێکڕادا 3.7 بەرتیل وەردەگرن. هەمان رێچکە بەدیدەکرێت بۆ پزیشکانی بنکە گشتیەکان.

هەندێک جیاوازی هەیە لە مەبەستی بەرتیلداندا بەم جۆرە فەرمانبەرە گشتیانە. بۆ نموونە، لەکاتێکدا کە زیاتر لە سێ چارەکی هاوڵاتیان بەرتیل دەدەن بە فەرمانبەرانی خزمەتگوزارییە گشتیەکان بۆ خێراکردنی رێکارەکان، تەنها 12.5%ی بەرتیلەکان بۆ ئەم مەبەستە دەدرێن بە پەرستاران، کە رێژەیەکی زۆری بەرتیلیان پێدەدرێت بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری باشتر پێشکەش بکەن (شێوەی 10).

جیاوازی لە شێوازەکانی بەرتیلداندا تێبینی دەکرێت کاتێک بەراوردە دەکەین لەنێوان جۆرەکانی فەرمانبەراندا. بەرتیلدان پاش داواکردنی ئاشکرا لەلایەن فەرمانبەرەوە، بۆ نموونە، کە زیاتر باوە لەناو ئەوانەدا کە بەرتیل دەدەن بە پۆلیس، فەرمانبەرانی بیمەی کۆمەڵایەتی یان پەرستاران، وەک لەناو ئەوانەدا کە بەرتیل دەدەن بە فەرمانبەرانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان یان تۆماری ئۆتۆمبیل، کە زیاتر هاوڵاتیان دەستپێشخەری دەکەن بۆ بەرتیلدان، لەوانەیە بەهۆی رێکارە نەنووسراوەکانەوە بێت کە بەپێی ئەم رێکارانە بەرتیلدان شتێکی نەریتیە بۆ "چەورکردنی تایەکان"ی پرۆسە کارگێرییەکە.

**شێوەی 10: سێ نیشاندەری بەرتیلدان بە سێ جۆری دیاریکراوی فەرمانبەران: رێژەی سەدیی بەرتیلی کاش، بەرتیل بۆ خێراکردنی رێکارەکان و بەرتیل کە بەئاشکرا لەلایەن فەرمانبەرەوە داوادەکرێت بەپێی جۆری فەرمانبەری مەدەنی، عێراق 2011**




*سەرچاوە: رووپێوی تۆری زانیاری عێراق 2011*

## 1.1.4. گروپە ناسکەکان بەرامبەر بەرتیل

کاتێک داتاکان جیادەکەینەوە بەپێی تەمەن و سێکس، هەندێک ڕێچکەی ناوازە دەردەکەون لە بەربڵاوی بەرتیلدا. یەکەم، بەربڵاوی بەپێی تەمەن زیاد دەکات، لە ڕێژەی 10% بۆ ئەوانەی تەمەنیان 18-34 ساڵە زیاد دەکات بۆ 15% بۆ ئەوانەی تەمەنیان 45-54 ساڵە، پاشان کەمێک نزمدەبێتەوە بۆ گروپی تەمەنی بەرزتر لە ڕووپێوەکەدا، 55-64 ساڵ. دووەم، سەرەڕای ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی جێندەر، کە بەرپرسیارێتی زیاتر دەدات بە پیاو بۆ چالاکییەکانی دەرەوەی ماڵەوە بەگشتی، ئافرەتان لە عێراق ناسکن بەرامبەر بەرتیل و زۆرجار ڕووبەڕووی هەمان ئەو واقیعانە دەبنەوە وەک پیاوان. بەڵام لەتێکڕادا لە سەرانسەری عێراق، پیاوان ڕێژەی بەربڵاوی بەرتیلیان زیاترە لە ئافرەتان (13.3% بەرامبەر 9.9%) هەروەها کەمێک بەرزتر لە دووبارەبوونەوەی بەرتیلداندا لە ئافرەتان (شێوەی 11).

### شێوەی 11: بەربڵاوی بەرتیل، بەپێی سێکس و گروپی تەمەن، عێراق 2011




*سەرچاوە: ڕووپێوی تۆڕی زانیاری عێراق*
*تێبینی: بەربڵاوی بەرتیل هەژمارکراوە وەک ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی پارە، دیاری یان چاکەیان پێشکەش کردوە بە فەرمانبەران لە 12 مانگی پێش ڕووپێوەکەدا، وەک ڕێژەی سەدیی ئەو هاوڵاتیانەی کە لانیکەم یەک پەیوەندییان هەبووە لەگەڵ فەرمانبەران لەهەمان ماوەدا.*

بەڵام ئەم ڕێچکانەی جێندەر جیاوازی گەورەی تێدایە بەپێی ئەو فەرمانبەرەی داوای بەرتیل دەکات. بۆ نموونە، بەربڵاوی بەرتیلی ئافرەتان بەرزترە لەوەی پیاوان کاتێک مامەڵە لەگەڵ پۆلیس دەکەن (14.3% بەرامبەر 11.5%)، فەرمانبەرانی تۆماری زەوی (14.4% بەرامبەر 11.1%) هەروەها فەرمانبەرانی حکومەتە خۆجێیەکان (12.0% بەرامبەر 6.7%)، لەکاتێکدا پیاوان بەرتیل زیاتر دەدەن لە ئافرەتان بە پەرستار (9.9% بەرامبەر 6.0%)، ئەندامانی حکومەتی خۆجێی (7.6% بەرامبەر 4.8%) و فەرمانبەرانی باج/دەرامەت (14.1% بەرامبەر 8.4%)، شێوەی 12.

لەکاتێکدا کە ئاسان نییە دەستنیشانی هۆکارەکانی ئەم جیاوازیانە بکەین، ئاماژە دەکەن بۆ ڕاستیەک، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەری بەرتیلدان جیاوازیەکی ئەوتۆ ناکات لەنێوان هاوڵاتی نێر یان مێ کاتێک مامەڵە لەگەڵ فەرمانبەران دەکەن.

**شێوەی 12: بەربڵاوی بەرتیل، بەپێی سێکس و فەرمانبەری دیاریکراو، عێراق 2011**




*سەرچاوە: رووپێوی تۆری زانیاری عێراق*

هاوشان لەگەڵ تەمەن و سێکس، فاکتەری ئابوری-کۆمەڵایەتی رۆڵێکی گەورە دەگێرێت لە ناسکی خەڵکی عێراقدا بەرامبەر بەرتیل. پەیوەندییەکی روون هەیە، بۆ نموونە، لەنێوان پروانامەی باڵا و بەربڵاوی بەرتیل لەناو هاوڵاتیاندا. لای چەپی شێوەی 13 نیشانی دەدات کە رێژەی بەربڵاوی بەرزدەبێتەوە لە 8.7%ەوە بۆ ئەو هاوڵاتیانەی کە نەخوێندەوارن یان تەنها دەتوانن بنووسن و بخوێننەوە، بۆ 12.4% بۆ ئەو هاوڵاتیانەی خوێندنی سەرەتایی یان دواناوەندیان تەواوکردوە، هەروەها بۆ 18.3% بۆ ئەوانەی کە دبلۆم و بەرزتریان هەیە. هاوشان لەگەڵ ئەم ئاستە جیاوازانەی خوێندن، دووبارەبوونەوەی بەرتیلدانیش بەرزدەبێتەوە بەتێکرای 3.4 بۆ 4.1 و تا 4.3 تێکرای بەرتیلی دراو لە ساڵێکدا.

هاوکات پەیوەندی هەیە لەنێوان ئەوانەی کە ئابوریان باشە و ئەوانەی کە زۆرجار بەرتیل دەدەن بە فەرمانبەران. خێزانە دەوڵەمەندەکان دەتوانن بەرتیلی زیاتر بدەن کاتێک رووبەڕوو دەبنەوە لەگەڵ داوکاری بەرتیل بۆ خێراکردنی رێکارەکان یان کاتێک هەوڵ دەدەن مامەڵەی باشتری فەرمانبەران بەدەستبهێنن. وەک لەلای راستی شێوەی 13دا نیشاندراوە، هاوڵاتیە دەوڵەمەندەکان بەربڵاوی بەرتیلیان زیاترە و دووبارەبوونەوەی بەرتیلیشیان زیاترە کە دەیدەن لە ساڵێکدا. بۆ نموونە، ئەو هاوڵاتیانەی لە خێزانی داهات زۆر بەرزەکانن، بەربڵاوی بەرتیلیان دەگاتە 13.4%، لەتێکڕادا زیاتر لە 5 بەرتیل دەدەن لە ساڵێکدا، لەکاتێکدا ئەو هاوڵاتیانەی لە خێزانی داهات زۆر نزمن بەربڵاویان دەگاتە 7% و تێکڕای 2 بەرتیل دەدەن لە ساڵێکدا. تاڕادەیەک، ئەم سەرنجە دەکرێت روونبکرێتەوە لەڕێگەی دەرئەنجامی رووپێوەکەوە کە بەرتیل بەگشتی دەدرێت بۆ خێراکردنی رێکارەکان و وەرگرتنی خزمەتگوزاری یان مامەڵەی باشتر (72%ی بەرتیلدەران دەڵێن کە بەرتیل دەدەن بۆ ئەم دوو مەبەستە)، ئەم هەڵبژاردەیەش زیاتر کراوەیە بۆ هاوڵاتیە دەوڵەمەندەکان، کە دەتوانن بەرتیل بدەن.

**شێوەی 13: بەربڵاوی بەرتیل، بەپێی ئاستی خوێندن و پێنج گروپی داهات، عێراق 2011**




*سەرچاوە: رووپێوی تۆری زانیاری عێراق*
*تێبینی: بەربڵاوی بەرتیل هەژمارکراوە وەک ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی پارە، دیاری یان چاکەیان پێشکەش کردوە بە فەرمانبەران لە 12 مانگی پێش رووپێوەکەدا، وەک رێژەی سەدیی ئەو هاوڵاتیانەی کە لانیکەم یەک پەیوەندییان هەبووە لەگەڵ فەرمانبەران لەهەمان ماوەدا.*

## 1.2. بەرتیل لە ئەزموونی فەرمانبەراندا

لەم بەشەدا، لە ئەزموونی هاوڵاتیانی عێراقەوە دەچێنە سەر ئەزموونی فەرمانبەران بەو شێوەیەی فەرمانبەران خۆیان باسی دەکەن. کاتێک پرسیاریان لێدەکرێت ئایا کەسێک پارە یان دیاری پێشکەشکردوون بەرامبەر خزمەتگوزاری باشتر یان خێراتر لە 12 مانگی پێش رووپێوەکەدا، 4.2%ی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی (کە دەگاتە 76،000 فەرمانبەر لە عێراق) دەڵێن کە ئەمە لانیکەم یەک جار روویداوە. لەمانە 2.1% دەڵێن کە تەنها یەک جار روویداوە، 0.9% دەڵێن دوو یان سێ جار و 1.2% دەڵێن کە سێ جار زیاتر روویداوە لە 12 مانگی ناوبراودا. لە کۆدا، فەرمانبەران دەڵێن کە راستەوخۆ ئەزموونی 290،000 دەستێشخەری بەرتیل پێشکەشکردنیان کردوە لەو ماوەیەدا. هاوشان لەگەڵ ئەزموونی تایبەتی زۆیان، 8.5% دەڵێن کە هاوکار دەناسن کە پارە یان دیاری وەرگرتووە. بە لێکدانی هەردوو نیشاندەرەکە، 10.8%ی فەرمانبەرانی عێراق، یان راستەوخۆ ئەزموونی پێشکەشکردنی بەرتیلیان کردوە، یان هاوکار دەناسن کە ئەم پێشکەشکردنەی قبوڵکردوە. دابەشکردن بەپێی ناوچەکان (شێوەی 14) نیشانی دەدات کە فەرمانبەران لە بەغداد ئەگەری زیاترە (5.2%) کە کەسانێک پارە یان دیاریان پێشکەش بکات لەبەرامبەر خزمەتگوزاری باشتر یان خێراتر، لەکاتێکدا فەرمانبەرانی پارێزگاکانی تر و هەرێمی کوردستان کەمتر رووبەرووی بەرتیل دەبنەوە، کە رێژەی ئەوانەی ددان بە هەبوونی بەرتیلدا دەنێن دەگاتە 3.8%.

**شێوەی 14: ڕێژەی سەدیی ئەو فەرمانبەرانەی کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی پێش ڕووپێوەکەدا، بەپێی دووبارەبوونەوەی بەرتیل و بەپێی ناوچەکان، عێراق 2011**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

بەشێوەیەکی دیاریکراوتر، دابەشکردن بەپێی پارێزگا (شێوەی 15) نیشانی دەدات کە ئەزموونی تاکەکەسی پێشکەشکردنی بەرتیل لەناو فەرمانبەراندا جیاوازی گەورەی تێدایە، کە ڕێژەی ئەو فەرمانبەرانەی کە پارە یان دیاریان پێشکەشکراوە لەلایەن بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکانەوە دەکەوێتە نێوان 8.2% لە موسەنا، تا 1.3% لە بابل. بەڵام ژمارەی سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەنێواندا نییە (دهۆک 4.4%، هەولێر 4.1% و سلێمانی 3.2%)، هەروەها جیاوازی لەنێوان ئەم ڕێژانەدا لەڕووی ئامارییەوە گەورە نین (بڕوانە پاشکۆی 1 بۆ ڕوونکردنەوەی ئاماری فەرمانبەرانی عێراق).

**شێوەی 15: ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی پێش ڕووپێوەکەدا، بەپێی دووبارەبوونەوەی پێشکەشکردنی بەرتیل و بەپێی پارێزگا، عێراق 2011**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

سەرەڕای مەترسی رووبەڕووبوونەوەی فەرمانبەر لەگەڵ پێشکەشکردنی بەرتیل، جێگەی سەرنجە کە چۆن کۆی ژمارەی بەرتیلە پێشکەشکراوەکان بە فەرمانبەران لە سەرانسەری عێراقدا دابەش بووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پارێزگای بەغداد خاوەنی زیاتر لە چارەکێکی هەموو فەرمانبەرانی عێراقە (پروانە پاشکۆی 1) هەروەها خاوەنی بەرزترین رێژەی ئەو فەرمانبەرانەیە کە لانیکەم یەک جار بەرتیلیان پێشکەشکراوە و بەرزترین رێژەی ئەو فەرمانبەرانەی زیاتر لە یەک جار بەرتیلیان پیشکەشکراوە، جێگەی سەرسورمان نییە کە بەغداد خاوەنی 35%ی کۆی بەرتیلە پێشکەشکراوەکانە لە عێراق، پاش ئەو بەسرە و هەولێر دێن.

**شێوەی 16: رێژەی سەدیی دابەشبوونی هەموو بەرتیلە پێشکەشکراوەکان لە عێراق، بەپێی پارێزگا، عێراق 2011**




*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

جیاوازی گەورە دەردەکەوێت لە ئەزموونەکانی بەرتیلدا نەک تەنها لەسەر ئاستی ناوچەکانی عێراق، بەڵکو لەکاتی دابەشکردن بەپێی دامەزراوەکانی کەرتی گشتی. لەناو حکومەتی فیدراڵدا، ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەر لە ئەمانەی گشتی بەغداد کاردەکەن (11.9%) و دەزگای شەهیدان (11.0%)، پێشکەشکردنی بەرتیل وەردەگرن، لەکاتێکدا کە فەرمانبەرانی وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا (1.8%) گواستنەوە (2.0%) ئەگەری کەمترە کە پارە یان دیاریان پێشکەش بکرێت. لە هەرێمی کوردستان، فەرمانبەرانی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری (7.4%) و وەزارەتی تەندروستی (7.3%) زیاترین ئەگەریان هەیە بۆ پێشکەشکردنی بەرتیل، لەکاتێکدا کە وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی (1.9%) ئەوقاف و کاروباری ئاینی (2.2%) و گواستنەوە و گەیاندن (2.2%) فەرمانبەران ئەگەری کەمترە کە بەرتیلیان پێشکەش بکرێت. (شێوەی 17)

**شێوەی 17: ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی پێش ڕووپێوەکەدا، بەپێی وەزارەت/دامەزراوە، عێراق 2011**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

## 1.2.1.ئەو پۆست و ئەرکانەی ناسکن بەرامبەر بەرتیل

دەسەڵاتەکانی بڕیاردان کە پەیوەستن بە پۆستە جیاوازەکانەوە دەتوانن یارمەتیدەربن لە دەستنیشانکردنی ناسکی لە خزمەتی مەدەنی عێراقدا، چونکە پێشکەشکردنی بەرتیل زۆرجار ئەو فەرمانبەرانە دەکاتە ئامانج کە بەرپرسیارێتی گەورەی بڕیاردانیان پێسپێردراوە. بۆ نموونە، ڕێژەی سەدیی ئەو فەرمانبەرانەی بەرتیلیان پێشکەش دەکرێت تاڕادەیەک بەرزترە لەناو بەڕێوەبەران و فەرمانبەرە باڵاکاندا (6.1%) و تایبەتمەند و زاستکاران (4.9%) وەک لەوانەی کە کاری تێبینەری و هاوکاری پیشەیی دەکەن (4.2%) هەروەها کرێکاران (1.6%) (شێوەی 18).

**شێوەی 18: ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی پێش ڕووپێوەکەدا، بەپێی پۆلێنی وەزیفی، عێراق 2011**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

بەرزترین ڕێژەی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەش دەکرێت لەناو ئەوانەدایە کە بەڕێوەبەر یان فەرمانبەری باڵان، کە نوێنەرایەتی گروپێکی تاڕادەیەک بچووک دەکات لەناو فەرمانبەرانی گشتیدا، جگە لە جێبەجێکاری باڵا، بەڕێوەبەری کارگێری و بازرگانی، پلاندانەر، بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانەکان، هتد. لەتێکڕادا، تایبەتمەند/زانستکاران بەرتیلی زیاتریان پێشکەش دەکرێت وەک لە فەرمانبەرانی گشتی، لەکاتێکدا کە گروپە پیشەییەکانی تری وەک تێبینەر و یاریدەدەری پیشەیی و کرێکاران کەمتر ناسکن بەرامبەر پێشکەشکردنی بەرتیل.

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەش دەکرێت تاڕادەیەک زۆر بەرزترە لەناو ئەوانەدا کە ڕۆڵی سەرپەرشتیاریان هەیە (5.8%) وەک لەوانەی نیانە (3.8%). ئەم جیاوازییە لەنێوان سەرپەرشتیاران و فەرمانبەرانی ئاسایدا، لە ئاستە نزمەکانی فەرمانبەراندا زیاتر دەردەکەوێت وەک کرێکاران 5.8%ی ئەوانەی پلەی سەرپەرشتیاریان هەیە بەرتیلیان پێشکەش دەکرێت و 1.4%ی ئەوانەی نیانە، تێبینەر و یاریدەدری پیشەیی 6.4%ی ئەوانەی ڕۆڵی سەرپەرشتیاریان هەیە و 3.8%ی ئەوانەی نیانە. بەڵام بۆ تایبەتمەندان و بەڕێوەبەران جیاوازیەکی ئەوتۆ نییە لەنێوان ئەوانەدا کە ڕۆڵی سەرپەرشتیاریان هەیە لەگەڵ ئەوانەدا کە نیانە.

هاوشێوە ڕێچکەی بەرزبوونەوەی ناسکی بەرامبەر بەرتیل لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەرپرسیارێتی لەسەرکار، پەیوەندی نییە بە پلەی فەرمانبەرەوە. بەرزترین ڕێژەی فەرمانبەران کە پارە یان دیاریان پێشکەش دەکرێت بەرامبەر خزمەتگوزاری باشتر یان خێراتر، لەناو پلە مامناوەندیەکاندان (4.6%)، هەروەها ئەگەرچی جیاوازیەکە کەمە لەگەڵ پلە نزمەکاندا (3.9%) و پلە بەرزەکان (2.9%)، ئەگەری کەمترە کە بەرتیلیان پێشکەش بکرێت. هاوکات فەرمانبەرانی هەردوو ڕەگەز تاڕادەیەک بەشێوەیەکی یەکسان ناسکن بەرامبەر پێشکەشکردنی بەرتیل، ڕێژەی فەرمانبەرانی نێر کە بەرتیلیان پیشکەش دەکرێت دەگاتە 4.4%، کە زۆر بەرزتر نییە لە ڕێژەی 3.8%ی مێینە.

وادیارە کە ناسکی بەرامبەر بەرتیل پەیوەندی هەیە بە جۆری ئەرکی ئەنجامدراوەوە (وەک ئەرکە جیاوازەکانی ناو هەمان دامەزراوە) لەلایەن فەرمانبەرەوە، زیاتر لەوەی پەیوەندی هەبێت بە پلەی کارگێرییەوە. ئەو فەرمانبەرانەی بەشدارن لە چەند رێکارێکی دیاریکرودا، هەروەها ئەو فەرمانبەرانەەی کە بەشدارن لە بەرێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکاندا (دامەزراندن، پلەبەرزکردنەوە، موچە) ناسکترن بەرامبەر بەرتیل وەک لەو فەرمانبەرانەی ئەم کارانە ئەنجام نادەن.

**شێوەی 19: رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی پێش رووپێوەکەدا، بەپێی بەشداریکردن لە هەندێک رێکاری دیاریکراودا، عێراق 2011**




*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

بەڵام ناسکی بەرامبەر پێشکەشکردنی بەرتیل تەنها ناوەستێتە سەر بەشداریکردن لە یەک ئەرکدا کە مەترسی رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ بەرتیل بەرزە. وەک شێوەی 20 نیشانی دەدات ناسکی بەرامبەر پێشکەشکردنی بەرتیل زیاد دەکات لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی ئەو ئەرکانەی فەرمانبەر بەشدارە تێیاندا، هەروەها لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی ئەو ئەرکانەی کە واژۆی فەرمانبەرەکەی پێویستە. روونکردنەوەیەکی شیاو بۆ ئەم دەرئەنجامە، لەوانەیە ئەوە بێت کە بەشداریکردن لە زیاتر لە یەک ئەرکدا دەبێتە هۆی زیادبوونی توانا و دەسەڵاتی بڕیاردانی فەرمانبەر، بەم شێوەیە دەبێتە ئامانجێکی سەرنجڕاکێش بۆ پێشکەشکردنی بەرتیل.

**شێوەی 20: ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی پێش ڕووپێوەکەدا، بەپێی ژمارەی ئەرکە ئەنجامدراوەکانی فەرمانبەر و ژمارەی ئەو ئەرکانەی کە واژۆی فەرمانبەریان پێویستە، عێراق 2011**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

وەک شێوەی 20 نیشانیدا، جۆر و ژمارەی ئەرکەکان و ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش دەکرێن بە هاوڵاتیان، کاریگەری هەیە لەسەر ناسکی فەرمانبەر بەرامبەر پێشکەشکردنی بەرتیل. هەمان شت ڕاستە سەبارەت بە تێکەڵبوون لەگەڵ هاوڵاتیان، کە دووبارەبوونەوەی جیاوازە بەپێی جۆری فەرمانبەر. لەکاتێکدا کە نزیکەی 60%ی فەرمانبەرانی عێراق پەیوەندی بەردەوامیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان وەک بەکاربەری خزمەتگوزارییەکان، کەمتر لە 35% پەیوەندی بەردەوامیان هەیە لەگەڵ دامەزراوە و کۆمپانیا تایبەتەکان وەک بەکاربەری خزمەتگوزارییەکان و کەمتر لە 27% پەیوەندی بەردەوامیان هەیە لەگەڵ دامەزراوە و کۆمپانیا تایبەتەکان وەک بەڵێندەری پێشکەشکاری خزمەتگوزاری (پروانە 5.3 پاشکۆی 1). ئەو فەرمانبەرانەی کە پەیوەندی بەردەوامیان هەیە لەگەڵ بەکاربەرانی خزمەتگوزارییەکان یان بەڵێندەران، ناسکترن بۆ وەرگرتنی پێشکەشکردنی بەرتیل، زیاتر لەوانەی کە پەیوەندیان لەگەڵ هاوڵاتیان نییە. بێگومان، لەو فەرمانبەرانەی کە هەر جۆرە پەیوەندیەکیان هەیە لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی بەشەکانی خۆیان، لانیکەم بۆ یەک جار لەماوەی 12 مانگی پێش ڕووپێوەکەدا، 5.4% بەرتیلیان پێشکەشکراوە، بەرامبەر 10.3% کە هیچ پەیوەندیەکی لەم جۆرەیان نەبووە. 60%ی ئەو فەرمانبەرانەی بەرتیلیان پێشکەشکراوە، لەلایەن هاوڵاتیانەوە پێشکەشیان کراوە، لەکاتێکدا کە 15.6% لەلایەن دامەزراوەی تایبەتەوە وەک بەڵێندەر بووە و 9.3% لەلایەن دامەزراوەی تایبەتەوە وەک بەکاربەری خزمەتگوزاری بووە (شێوەی 21).

**شێوەی 21: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی پێش ڕووپێوەکەدا، بەپێی ئەوانەی بەرتیلیان پێشکەش کردوون، عێراق 2011**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

جیاوازی تەنها لە پەیوەندی فەرمانبەر لەگەڵ لایەنی سێیەم نییە، بەڵکو هاوکات لە دووبارەبوونەوەی پەیوەندییەکاندایە (پروانە بەشی 5.3 لە پاشکۆی 1). دووبارەبوونەوە کاریگەرییەکی گرنگی هەیە لەسەر ناسکی فەرمانبەر بەرامبەر بەرتیل، چونکە پەیوەندی لەگەڵ هاوڵاتیان و دامەزراوە تایبەتەکان (وەک بەکاربەری خزمەتگوزاری یان وەک بەڵێندەر) لەگەڵ دووبارەبوونەوەیدا ناسکی بەرامبەر بەرتیل زیاتردەکات. بێگومان، وەک شێوەی 22 نیشانی دەدات ناسکی بەرامبەر پێشکەشکردنی بەرتیل زیاترە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی پەیوەندی دووبارەیان هەیە لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکان. بەڵام بۆ هەر ئاستێکی دووبارەبوونەوەی پەیوەندی، ناسکی بەرامبەر بەرتیل بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە پەیوەندی دووبارەیان لەگەڵ هاوڵاتیان هەیە زیاترە لەو فەرمانبەرانەی کە پەیوەندی دووبارەیان لەگەڵ دامەزراوە تایبەتەکان هەیە.

**شێوەی 22: ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی پێش ڕووپێوەکەدا، بەپێی دووبارەبوونەوەی پەیوەندی لەگەڵ گروپە دیاریکراوەکان، عێراق 2011**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

جۆرەکانی پەیوەندی کە سەرچاوەن بۆ دروستبوونی پێشکەشکردنی بەرتیل جیاوازە لەناو وەزارەتەکاندا. لەهەندێک دامەزراوە کە ڕاستەوخۆ خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن بە هاوڵاتیان، زۆرینەی هەرە زۆری بەرتیلەکان لە تاکەکەسی بەکارهێنەری خزمەتگوزارییەوە سەرچاوەدەگرن (بۆ نموونە، دەزگای شەهیدان، وەزارەتی دارایی و وەزارەتی تەندروستی)، لەکاتێکدا کە ڕێژەی ئەو فەرمانبەرانەی بەرتیلیان پێشکەش دەکرێت لەلایەن دامەزراوە تایبەتەکانەوە، زیاترە لەو دامەزراوانەدا کە دەسەڵاتی ڕێکخستنیان هەیە، وەک وەزارەتەکانی گەیاندن، نەوت و پیشەسازی. لە هەندێک کەرتی دیاریکراودا (بۆ نموونە وەزارەتەکانی پەروەردە، نەوت و داد) ڕێژەیەکی بەرچاوی پێشکەشکردنی بەرتیل پەیوەندی هەیە بە پەیوەندی نێوان فەرمانبەرانی خزمەتی مەدەنی، بوارێک کە زۆر سەختە بۆ لێکۆڵەران ئاشکرای بکەن و پێویستی بە جێبەجێکردنی ڕێکاری دیاریکراوی نەزاهەت هەیە.

**شێوەی 23: ڕێژەی سەدیی فەرمانبەرانی وەزارەتە دیاریکراوەکان کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی پێش ڕووپێوەکەدا، بەپێی جۆری بەکاربەری خزمەتگوزاری کە بەرتیلەکە پێشکەش دەکات، عێراق 2011**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

فاکتەرە زۆر گرنگەکان کە لەم بەشەدا دەستنیشانکراون و دەبنە هۆی زیادبوونی ناسکی بەرامبەر بەرتیل لە عێراق لەم خشتەیەی خوارەوەدا پوخت کراونەتەوە.

**شێوەی 24: ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆی زیادبوونی ناسکی فەرمانبەران بەرامبەر گەندەڵی، عێراق 2011**

| | |
|---|---|
| پۆڵێنی پیشەیی | بەڕێوەبەر و فەرمانبەری باڵا، تایبەتمەند و زانستکار |
| ئەرک و بەرپرسیارێتییەکان | فەرمانبەران کە ئەرکی سەرپەرشتیاریان هەیە<br>دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی، دەرماڵە، بەڵگەنامەی یاسایی، کاڵا و خزمەتگوزاری، پڕیارەکانی گرێبەستە گشتییەکان، بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان<br>فەرمانبەر کە زیاتر لە یەک ئەرکی ناسکی هەیە |
| پەیوەندی لەگەڵ لایەنی سێیەم | پەیوەندی لەگەڵ هاوڵاتیان و دامەزراوەکان<br>دووبارەبوونەوەی پەیوەندی لەگەڵ لایەنی سێیەم |

## 1.2.2. سروشتی بەرتیل

دەکرێت دابەشبوونی پێشکەشکردنی بەرتیل بەپێی ئەو ڕێکارە کارگێڕیانەی پەیوەستن پێوەیان، لە ڕوانگەی فەرمانبەرانەوە شرۆڤە بکرێت وەک لە شێوەی 25دا. گەورەترین ڕێژەی فەرمانبەران بەرتیلیان پێشکەش دەکرێت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکانی وەک کارەبا یان ئاو (15.6%)، هەروەها دامەزراندن و پلەبەرزکردنەوە لە کەرتی گشتی (15.4%). نزیکەی 10%ی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەش دەکرێت، پێشکەشیان دەکرێت بەرامبەر دانانی نمرەی باشتر لە تاقیکردنەوە یان بەرامبەر ئاسانکاری بۆ تۆمارکردن لە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی. ئەم ڕێکارانە لە نزیکەوە پەیوەستن بە کەرتی پەروەردە، بەڵام بەرتیل تەنها پێشکەش ناکرێت بە وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا. لەلایەکی ترەوە پێشکەشکردنی بەرتیل بەرامبەر خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان و مۆڵەتی

پزیشکی دەدرێن بە فەرمانبەرانی وەزارەتی تەندروستی. هاوکات زیاتر لە 15%ی هەموو بەرتیلە پێشکەشکراوەکان بە فەرمانبەران بۆ ژمارەیەک خزمەتگوزاری تر پێشکەش دەکرێن، وەک تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی، ژمێرە یان لێبوردنی باج، هاوردە/هەناردەی کاڵا، کۆبۆنی خۆراک و چەندینی تر. بەڵام نزیکەی 20%ی ئەوانەی بەرتیلیان پێشکەش دەکرێت لەیادیان نەماوە بەرتیلەکە پەیوەندی بەچیەوە هەبووە.

**شێوەی 25: رێژەی سەدیی دابەشبوونی پێشەشکردنی بەرتیل، بەپێی رێکارە کارگێڕییەکان، عێراق 2011**




*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

سەبارەت بە هۆکارەکانی پێشکەشکردنی بەرتیل بەو فەرمانبەرانەی بەرتیلەکە وەردەگرن، نزیکەی نیوەی بەرتیلی دراو بە فەرمانبەرانی عێراق بۆ مەبەستی خێراکردنی رێکارەکان بووە (48.8%). هەندێک بەرتیل دەدرێت بۆ بەدەستهێنانی مامەڵەی باشتر (7.7%)، بۆ تەواوکردنی مامەڵە (6.4%)، بۆ کەمکردنەوەی تێچووی رێکارەکان (6.0%) یان بۆ پەناگرتن لە پارەدانی غەرامە (4.4%). ئەم ژمارانە تەبان لەگەڵ مەبەستە ئاساییەکانی بەرتیلدان کە هاوڵاتیانی عێراق ئاماژەی پێدەدەن، هەروەها ئەو ژمارانە پشتڕاست دەکەنەوە کە لە بەشی 1.1.2ی ئەم راپۆرتەدا ئاماژەیان پێدراوە.
لەناو ئەو فەرمانبەرانەدا کە لەماوەی 12 مانگی پێش رووپێوەکە بەرتیلیان پێشکەشکراوە، رێژەیەکی سەدیی بچووکی ددان بەوەدا دەنێن کە پارە یان دیاری پێشکەشکراویان وەرگرتوە: لە دوا جاردا 7%ی ئەوانەی کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە قبووڵیان کردوە، لەکاتێکدا کە 89% قبووڵیان نەکردوە. ئەو ژمارە فەرمانبەرەی تر یان وەڵامی پرسیارەکەیان نەداوەتەوە یان لەیادیان نەماوە کاردانەوەیان چۆن بووە.

**شێوەی 26: رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە، بەپێی بڕیاریان پاش دوا پێشکەشکردنی بەرتیل، عێراق 2011**



*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

زۆرینەی فەرمانبەرانی عێراق کە پێشکەشکردنی بەرتیلیان رەتکردۆتەوە، دەڵێن کە هۆکاری رەتکردنەوەکە ئەوە بووە کە قبوڵکردنی بەرتیل دژی نەریتە ئاینیەکانە (42%)، دژی پرنسیپەکانیانە (30%) یان پێچەوانەی کەرامەتیانە (12%)، لەکاتێکدا کە 9% دەڵێن کە بەرتیلیان قبوڵ نەکردوە چونکە لە ئەنجامەکەی ترساون (سزای دادگا یان سزای تر) و 6% قبووڵیان نەکردوە چونکە تووشی شەرمەزاری دەبن لەناو هاوکاران و خێزانەکانیاندا.

**شێوەی 27: رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دوا بەرتیلیان قبوڵ نەکردوە کە پێشکەشیان کراوە، بەپێی هۆکارە سەرەکییەکان بۆ رەتکردنەوەی پێشکەشکردنەکە، عێراق 2011**




*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

کاتێک شرۆڤەی ئەمە دەکەین هاوشان لەگەڵ بەشی 1.1ی ئەم راپۆرتە، کە تیشک دەخاتە سەر زنخیرەکانی بەرتیل لە روانگەی هاوڵاتیانەوە، داتاکان لەسەر ئەزموونی بەرتیل وەک فەرمانبەران باسی دەکەن، روونکردنەوەی وردمان بۆ دابین دەکات لەسەر ژمارەیەک پرسیاری گرنگ سەبارەت بە گەندەڵی، لەوانە ناسکی بەرامبەر بەرتیل بەپێی ناوچەکان، پارێزگاکان و وەزارەتەکان، ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی زیادبوونی ناسکی فەرمانبەران لە ئەرکە جیاوازەکانیاندا، هەروەها لەسەر سروشتی بەرتیل. چاپتەری 2 پشت دەبەستێت بە دوو رووپێو لەسەر فەرمانبەرانی مەدەنی و هاوڵاتیان، بۆ وردبوونەوە لە رەفتاری هەردووکیان لە پەیوەندیدا بە راپۆرتدانیان لەسەر رووداوەکانی بەرتیل و هەڵسەنگاندنی کاردانەوەی سیستەمی دادوەری تاوان بەرامبەر راپۆرتەکان لەسەر گەندەڵی.

## 1.3. ئاراستەکانی گەندەڵی بەپێی تێروانینی هاوڵاتیان و فەرمانبەران

سەرەڕای زانیاری لەسەر بنەمای ئەزموونی راستەقینەی رەفتاری نەشیاو، دەتوانین زانیاری لەسەر ئاست و ئاراستەکانی گەندەڵی وەربگرین لە تێروانینی بەشداربوانەوە لەسەر گەندەڵی، تێروانینی فەرمانبەران و هاوڵاتیان. لەکاتێکدا کە تێروانین لەسەر گەندەڵی زۆر جیاوازە لە ئەزموونکردنی، نیشاندەر لەسەر بنەمای تێروانین گرنگە، چونکە تێروانین لەسەر هەبوونی ئاستێکی بەرزی گەندەڵی دەبێتە هۆی برەودان بە گەندەڵی، چونکە بەپێی ئەم هەستکردنە گەندەڵی بەردەوام دەکرێت و دەستی یاسا ناگات بەو کەسانە. هاوکات تێروانین لەسەر گەندەڵی فاکتەرێکی گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی رێکار و سیاسەتەکانی دژەگەندەڵی، چونکە پروابوون بەوەی گەندەڵی لە زیادبووندایە لەوانەیە ببێتە هۆی هەڵسەنگاندنی نێگەتیف بۆ هەوڵەکانی دژەگەندەڵی و دواجار ببێتە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەرییان.

بەڵام تەنانەت کاتێک داتای تێڕوانین باش پێناسەکراو و پێوانەکرا، پێویستە بەوریایەوە بەکاربهێنێرت، چونکە تێڕوانینی تاکەکەس لەسەر گەندەڵی لەژێر کاریگەری چەندین فاکتەردایە، سەرەڕای ئەزموونی خۆیان. بۆ زۆر خەڵک میدیا رۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە دروستکردن و گۆڕینی تێڕوانیاندا لەسەر گەندەڵی، بەتایبەتی کاتێک رای گشتی ئاراستەی بابەتی دیاریکراوی گەندەڵی دەکات. هاوکات دەکرێت هەمان زانیاری بەشێوەی جیاواز شرۆڤە بکرێت لەلایەن کەسانی جیاوازەوە، بەپێی بەهاکانیان، پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابوریان و خەسڵەتە تایبەتەکانیان، وەک پیشە و ئاستی تێکەڵبوونیان لەگەڵ فەرمانبەران، لەبەرئەوە داتا لەسەر تێڕوانین دەکرێت سوودبەخش بێت، بەڵام ناکرێت وەک نیشاندەری سەربەخۆ بەکاربهێنرێن لەسەر ئاراستەکانی گەندەڵی، بەهۆی تێکەڵبوون و کارلێکردنی پێکهاتە بابەتی و کەسییەکان.

بەگشتی، دانیشتوانی عێراق تێڕوانیان وایە کە گەندەڵی لەچەند ساڵی رابوردودا زیادی کردوە: %54ی هاوڵاتیان پروایان وایە کە گەندەڵی زیاتر بەربڵاوە لە ساڵی 2011 وەک لە ساڵانی پێشتر، لەکاتێکدا کە 33% پروایان وایە کە گەندەڵی لە کەمبوونەوەدایە[10] – تێڕوانینێک کە زیاتر بەربڵاوە لە بەغداد و پارێزگاکانی تر نەک لە هەرێمی کوردستان (شێوەی 28).

**شێوەی 28: رێژەی سەدیی دابەشبوونی هەڵسەنگاندنی دانیشتوانی پێگەیشتوو (18-64) بۆ ئەم وتەیە "گەندەڵی لە وڵاتەکەمان لە ئێستادا زیاتر بڵاوە وەک لە دوو ساڵ لەمەوبەر"، بەپێی ناوچەکان، عێراق 2011**




*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

بەڵام پێدەچێت کە فەرمانبەرانی عێراق زیاتر گەشبین بن لە هاوڵاتیان، سەبارەت بە ئاراستەکانی ئێستای گەندەڵی (شێوەی 29)، %45ی فەرمانبەران بۆچوونیان وایە کە بەرزبوونەوەیەکی گشتی هەیە لە گەندەڵیدا لە کەرتی گشتی، لەکاتێکدا کە رێژەیەکی نزیک لەمە (%42) دەڵێن کە گەندەڵی کەمبۆتەوە. هاوکات فەرمانبەران بۆچوونی تەواو جیاوازیان هەیە لەسەر خزمەتگوزاریە گشتیەکان بەگشتی و سەبارەت ئاراستە تایبەتەکانی ئەو وەزارەتانەی کاریان بۆ دەکەن بەتایبەتی، نزیکەی دوو لە سێ (%65) بۆچوونیان وایە کە گەندەڵی لە کەمبوونەوەدایە لە وەزارەتەکەی خۆیان. لەکاتێکدا 20% دەڵێن کە زیادی کردوە.

---

[10] لە رووپێوی تۆڕی زانیاری عێراقدا بەشداران پرسیاریان لێکراوە کە ئایا هاوران یان هاورانین لەگەڵ ئەم وتەیەدا "گەندەڵی لە وڵاتی ئێمە لەئێستادا زیاتر بڵاوە وەک لە دوو ساڵ لەمەوبەر".

**شێوەی ٢٩: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی تێڕوانین لەسەر ئاستەکانی گەندەڵی لە خزمەتی مەدەنیدا بەگشتی و لە وەزارەتی بەشداربوو بەتایبەتی بە بەراورد بە سێ ساڵی پێشتر، بەپێی ناوچەکان، عێراق 2011**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

بەکورتی بەراوردی تێڕوانینەکان لەسەر گەندەڵی لەنێوان هاوڵاتیان و فەرمانبەران ئەنجامەکەی وێنەیەکە کە تێیدا هاوڵاتیان پرِوایان وایە کە ئاراستەکانی گەندەڵی زۆر خراپترە لە تێڕوانینی فەرمانبەران، کە پڕوایان وایە کە گەندەڵی لە کەمبوونەوەدایە لە وەزارەتەکانی خۆیان. لێرەوە هەتا بەشداربوو لە فەرمانگەکە نزیکتر بێت وێنەکە گەشتر دەبێت. شرۆڤەیەکی ئەم ڕێچکەیە لەوانەیە ئەوە بێت کە فەرمانبەران پێیان باشترە هەڵسەنگاندنێکی باش بکەن بۆ گەندەڵی لە وەزارەتەکانی خۆیان. شرۆڤەیەکی تر ئەوەیە کە فەرمانبەران لەوانەیە گۆڕان ببینن، بەتایبەتی بەرەوپێشچوون لە ئاستەکانی گەندەڵی و نەزاهەتدا لە ژینگەی ڕاستەوخۆی کارکردنی خۆیان، کە لەوانەیە چاودێری دەرەکی هێشتا نەیبینێت.

لەبەرئەوەی فەرمانبەران بۆچوونیان لەسەر ئاراستەکانی گەندەڵی لە وەزارەتەکانی خۆیان باشترە وەک لە بۆچوونیان لەسەر وەزارەتەکانی تر، بەڵام جێگەی سەرنجە کە لە هەندێک وەزارەت، ڕێژەیەکی گەورەی فەرمانبەران پڕوایان وایە کە گەندەڵی لە زیادبووندایە لەناو وەزارەتەکانی خۆیان. بۆ نموونە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، 38.5%ی فەرمانبەرانی وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفال، 34.1%ی فەرمانبەرانی وەزارەتی تەندروستی، 31.8%ی فەرمانبەرانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، پڕوایان وایە کە گەندەڵی زیادیکردووە لە وەزارەتەکانی خۆیان لەماوەی سێ ساڵی رابوردودا. هاوشێوە لە حکومەتی فیدراڵ، 35.4%ی فەرمانبەرانی وەزارەتی بازرگانی، 25.7%ی فەرمانبەرانی وەزارەتی دارایی و 24.7%ی فەرمانبەرانی وەزارەتی ژینگە، پڕوایان وایە کە گەندەڵی لە شوێنی کارکردنی ئەوان زیادیکردووە.

# چاپتەری دووەم

# کاردانەوە بەرامبەر گەندەڵی

## 2. کاردانەوە بەرامبەر گەندەڵی

بۆ زامنکردنی کاردانەوەیەکی گونجاو بەرامبەر گەندەڵی لەلایەن جێبەجێکارانی یاسا و سیستەمی دادوەری تاوانەوە، دوو پرۆسەی جیاواز پێویستە بەشێوەیەکی کاریگەر کارابن: لەلایەکەوە، پێویستە بابەتەکانی پەیوەست بە گەندەڵی بخرێنە بەر دیدی لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەلایەکی ترەوە پێویستە هەلومەرجی یاسایی، دامەزراوەیی و کارکردن دروست بکرێت، بۆئەوەی کەیسی لەم جۆرە بەشێوەیەکی کاریگەر مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و رێکارەکانی دادوەری تاوانیان بەسەردا جێبەجێ بکرێت. ئەمە واتا لە قۆناغی یەکەمدا، رێخۆشکردن بۆ راپۆرتدان لەسەر کەیسەکانی گەندەڵی زۆر گرنگە لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا. دروستکردنی کەناڵی کارای راپۆرتدان رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە بەرگرتن بە گەندەڵی و زامنکردنی جێبەجێکردنی یاسا کاتێک گەندەڵی ئەنجام دەدرێت. هاوکات پێویستە دەسەڵاتی دادوەری تاوان بتوانێت رێکاری یاسایی بگرێتەبەر بەرامبەر ئەو کەیسانەی گەندەڵی کە راپۆرتیان لەسەردراوە و زامنی لێکۆڵینەوەیەکی رەوا، شەفاف و کاریگەر بکات، پاشان دادگاییکردنی هەموو کەیسەکان. زانیاری لەسەر کەیسەکانی ئێستا و راپۆرتدان لەسەر گەندەڵی، روونکردنەوەی سوودبەخش دابین دەکات لەسەر بەربەستە دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتیەکان لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتەکانی نەزاهەت و کۆنترۆڵکردنی بەرتیل و گەندەڵی.

داتاکان ئاماژەدەکەن بۆ ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری کەیسی بەرتیل لەکاتی پەیوەندی نێوان فەرمانبەر و هاوڵاتیدا روودەدات (هاوڵاتی وەک تاکەکەس و وەک بازرگانی تایبەت، وەک بەکاربەری خزمەتگوزاری یان بەڵێندەری دابینکاری خزمەتگوزاری)، کاتێک فەرمانبەر داوای بەرتیل دەکات، بەئاشکرا یان بەشاراوەیی، یان کاتێک هاوڵاتی بەرتیل پێشکەش دەکات. بۆ نەهێشتنی بەرتیل، پێویستە فەرمانبەر بەتەنها پێشکەشکردنی بەرتیل لەلایەن هاوڵاتیەوە رەتنەکاتەوە، بەڵکو پێویستە راپۆرتی لەسەر بدات بە لایەنە دەسەڵاتدارەکان، هەروەک چۆن پێویستە هاوڵاتیش هەمان کار بکات ئەگەر داوای بەرتیلی لێکرا. راپۆرتدانی زیاتر لەلایەن هەردوولاوە، رێخۆش دەکات بۆ جێبەجێکردنی یاساکان و هەنگاوێکی گرنگە بەرەو کۆنترۆڵکردن و دواجار نەهێشتنی بەرتیل. لەبەرئەوە زۆر گرنگە تێبگەین لەوەی کە ئاستی راپۆرتدان لەسەر بەرتیل لەلایەن هاوڵاتیان و فەرمانبەرانەوە، پێویستی بە هەبوونی زانیاری هەیە لەسەر لایەنە دەسەڵاتدارەکان و ئەو لایەنانەی پێویستە راپۆرتیان پێبدەن و باسی هۆکارەکانی راپۆرتدانیان بۆ بکەن، یان بۆچی راپۆرتیان نەداوە.

### 2.1.1. راپۆرتدان لەسەر بەرتیل لەلایەن هاوڵاتیانەوە

وەک لە چاپتەری یەکدا باسکرا، 11.6%ی دانیشتوانی پێگەیشتووی عێراق، کە لانیکەم یەک پەیوەندیان هەبووە لەگەڵ فەرمانبەران لە 12 مانگی پێش رووپێوەکەدا، لانیکەم یەک بەرتیلیان داوە، لەکاتێکدا کە بەرتیلدەران بەتێکرا چوار بەرتیلیان داوە. کاتێک ئەوانەی بەرتیلیانداوە پرسیاریان لێکرا هیچیان کردوە و راپۆرتیانداوە بە لایەنی پەیوەندیدار، ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە تەنها 4.5% راپۆرتیانداوە. نزیکەی دوو لە سێی ئەمانە "چەپڵەتەقێن" راپۆرتیان لەسەر کەیسەکە داوە بە لایەنێکی دادوەری تاوان (پۆلیس، داواکاری گشتی، دادگاکان یان کۆمسیۆنی نەزاهەت)، ئەوانی تر راپۆرتیان داوە بە سەرپەرشتیاری فەرمانبەرەکە، چاودێری گشتی یان لایەنێکی تری ناوخۆیی.

ئەم ئەنجامانە نیشانی دەدەن کە، لەرووی کردارییەوە، تەنها کەمینەیەکی ئەوانەی بەرتیل دەدەن، راپۆرتی لەسەر دەدەن بە دەسەڵاتە دەرەکییەکان، لەکاتێکدا کە زۆرینە هەر راپۆرتی لەسەر نادەن. بەڵام سەبارەت بە نیاز بەپێچەوانەی ئەزموونی راستەقینەوە، وێنەکە بەتەواوی پێچەوانە دەبێتەوە: پرسیاریان لێکراوە کە ئایا راپۆرت دەدەن لەسەر رووداوی بەرتیل ئەگەر تووشی هاتن، 71%ی بەشداران دەڵێن کە راپۆرت دەدەن،

لەکاتێکدا کە 29% دەڵێن راپۆرت نادەن. ئەم ژمارانە ئاماژەن بۆ رەفتاری گشتی دانیشتوانی پێگەیشتوو بۆ راپۆرتدان لەسەر بەرتیل و ئاماژەن بۆ هەبوونی هەندێک بەربەست کە پێویستە بەسەریاندا زاڵ بین، ئەگەر بمانەوێت نیازی راپۆرتدان لەسەر بەرتیل بکەینە کرداری کۆنکریتی. رێژەیەکی زۆری خەڵک کە باس لە نیازی راپۆرتدان دەکەن، ئاماژەیە بۆ ئەو ژمارە زۆرەی "چەپڵەتەقێن" لەناو هاوڵاتیانی عێراقدا، کە ئەگەر رێگەیان بۆ خۆشبکرێت راپۆرت دەدەن.

سەبارەت بەو دەسەڵاتانەی تاکەکەس دەتوانێت راپۆرتیان پێبدات لەسەر رووداوی بەرتیل، لەکاتێکدا کە داتاکان رەنگدانەوەن بۆ گرنگی ئەم دەسەڵاتانە و هۆشیاری خەڵک لەسەر هەبوونیان، جیاوازی هەیە لەسەرانسەری عێراقدا. بۆ نموونە، لە بەغداد، 31%ی ئەو کەسانەی کە ئامادەن راپۆرت بدەن لەسەر بەرتیل دەڵێن کە راپۆرت دەدەن بە کۆمسیۆنی نەزاهەت، 24% دەڵێن راپۆرت دەدەن بە سەرپەرشتیاری فەرمانبەری جێگەی باس، 20% دەڵێن راپۆرت دەدەن بە پۆلیس و 15% دەڵێن کە راپۆرت دەدەن بە پشکنەری گشتی. لە پارێزگاکانی تری حکومەتی فیدراڵی، 33% راپۆرت دەدەن بە کۆمسیۆنی نەزاهەت، 30% بە پۆلیس و 19% بە سەرپەرشتیاری فەرمانبەرەکە و 6% بە داواکاری گشتی. وێنەکە تاڕادەیەک جیاوازە لە هەرێمی کوردستان، کە هاوتای کۆمسیۆنی نەزاهەت نییە، و یەک لە سێی ئەوانەی راپۆرت دەدەن لەسەر بەرتیل دەیدەن بە پۆلیس، 28% بە داواکاری گشتی و 25% بە سەرپەرشتیاری بەرتیلخۆر (شێوەی 30).

**شێوەی 30: رێژەی سەدیی دابەشبوونی ئەو کەسانەی کە راپۆرت دەدەن لەسەر بەرتیل، بەپێی ئەو لایەنەی راپۆرتی پێدەدەن و بەپێی ناوچەکان، عێراق 2011**




*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

## 2.1.2.هۆشیاری خەڵک لەسەر نەزاهەت و رێکارەکانی دژەگەندەڵی

زانیاری لەسەر دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان پێشمەرجە بۆ راپۆرتدان لەسەر گەندەڵی، بەڵام هۆشیاری لەسەر رێکارەکانی دژەگەندەڵیش هاوشێوە گرنگە. هاوشێوە هەڵسەنگاندنی ئەوەی ئایا هەندێک کاری گەندەڵی جێگەی قبووڵکردنە لەلایەن خەڵکەوە و لەلایەن فەرمانبەرانەوە (بۆ نموونە بەرتیلدەر و بەرتیلخۆر). دانیشتوانی پێگەیشتووی عێراق بەم شێوەیە پرسیاریان لێکرا لەسەر بۆچوونیان سەبارەت بە رەفتاری هاوشێوەی ئەوانەی رووپێوی خزمەتی مەدەنی. ئەنجامەکانی هەردوو رووپێوەکە، کە زۆرینەی هەرەزۆری بەشداران دەڵێن کە رەفتاری خراپ جێگەی قبوڵکردن نییە (یان "بەتەواوی جێگەی قبوڵکردن نییە" یان "جێگەی قبوڵکردن نییە"). کاتێک پرسیارە هاوشێوەکان بەراورد دەکەین، 78%ی هاوڵاتیان و 79%ی فەرمانبەران دەڵێن کە جێگەی قبووڵ کردن

نییە فەرمانبەر بەهۆی خزمایەتییەوە دابمەزرێت، %84ی هاوڵاتیان بەرامبەر %87ی فەرمانبەران دەڵێن کە جێگەی قبوڵکردن نییە فەرمانبەر دیاری قبوڵ بکات بۆ بەرزکردنەوەی موچە، هەروەها %82ی هاوڵاتیان و %90ی فەرمانبەران دەڵێن کە جێگەی قبوڵکردن نییە فەرمانبەر داوای پارە بکات بەرامبەر خێراکردنی رێکارەکان.

هاوشان لەگەڵ ئەم سێ پرسیارە هاوشێوەیەدا، رووپێوی هاوڵاتیان پرسیاری کردوە دەربارەی هەندێک کاری نەشیاو لە عێراق. بۆ نموونە، %93ی هاوڵاتیانی پێگەیشتوو دەڵێن کە جێگەی قبووڵکردن نییە مامۆستا داوای پارە بکات بەرامبەر باشتر مامەڵەکردن لەگەڵ قوتابیەک زیاتر لە قوتابیەکانی تر، %91 دەڵێن کە جێگەی قبوڵکردن نییە فەرمانبەر داوای پارە بکات بەرامبەر دابینکردنی بەشەخۆراک بەپێی سیستەمی دابەشکردنی گشتی و %90 دەڵێن کە جێگەی قبووڵکردن نییە پۆلیس داوای پارە بکات بەرامبەر ئازادکردنی کەسێکی بێتاوان. سەرەڕای رەتکردنەوەی بەرچاوی ئەم کارانە، جێگەی هۆشدارییە کە هەندێک هاوڵاتی (%4 بۆ %7) پروایان وایە کە خراپەکاری لەم جۆرە جێگەی قبووڵکردنە (شێوەی 31). تێروانینی لەم جۆرە، ئەگەرچی لەناو کەمینەیەکیشدا بێت، دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێک خراپەکاری زیاتر دووبارە ببێتەوە و لەناوبردنی سەختتر بێت.

**شێوەی 31: رێژەی سەدیی دابەشبوونی دانیشتوانی پێگەیشتوو (18-64)، بەپێی ژمارەیەک کاری دیاریکراوی قبوولکراو، عێراق 2011**




*سەرچاوە: رووپێوی تۆری زانیاری عێراق 2011*

هاوکات لەگەڵ قبووڵکردنی هەندێک خراپەکاری، تێروانین لەسەر رێکارەکانی دژەگەندەڵی زۆر گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوە و کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی. تەنها ئەو کاتەی کە رێکارەکانی دژەگەندەڵی رۆشن بوون لای هاوڵاتیان و فەرمانبەران، ئەم جۆرە هەوڵانە دەتوانن هۆشیاری لەسەر گەندەڵی دروست بکەن و ئەو تێروانینە دروست بکەن کە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەرهەمی هەیە. داواکراوە کە هەڵسەنگاندن بکرێت بۆ کاریگەری هەوڵەکانی حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە دوو ساڵی رابوردودا، خەڵکی عێراق بۆچوونیان دابەش بووە، تەنانەت لەناو یەک ناوچە یان دامەزراوەدا، بەڵام جیاوازیەکان لەنێوان ئەم تێروانیانەدا دەکرێت بونیاتنەر بن. لەلایەکەوە %38ی هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان پروایان وایە لە هەوڵەکانی حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کاریگەرن، لەکاتێکدا هەمان شت راستە بۆ %26ی هاوڵاتیانی پێگەیشتووی بەغداد و پارێزگاکانی تر. لەلایەکی ترەوە، %38ی دانیشتوانی پێگەیشتووی کوردستان پروایان وایە کە ئەم هەوڵانە کاریگەر نین، بە بەراورد بە %46ی هاوڵاتیانی بەغداد و %51ی هاوڵاتیان پارێزگاکانی تر. لەوەش زیاتر، رێژەیەکی بەرچاوی هاوڵاتیان (%24-%28 لەم سێ ناوچەیە) ئاگاداری ئەم هەوڵانە نین یان بۆچوونیان نییە لەسەریان (شێوەی 32). ئەم تێروانیانە نیشانی دەدەن کە پێویستی هەیە بە دەستوەردانی بەهێزتری حکومەت

بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەسەر هەوڵەکانی دژەگەندەڵی، هەروەها پێویستی هەنووکەی هەیە بۆ پێداچوونەوە و لێکدانەوەی کاریگەرییەکانیان.

**شێوەی 32: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی هەڵسەنگاندنی دانیشتوانی پێگەیشتوو (18-64) بۆ هەوڵەکانی حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، عێراق 2011**




*سەرچاوە: ڕووپێوی تۆڕی زانیاری عێراق 2011*

### 2.1.3. ڕاپۆرتدان لەسەر بەرتیل لەلایەن فەرمانبەرانەوە

بەپێی ئەو داتایانەی ڕووپێو کە لە چاپتەری یەکدا خرانەڕوو، لە 4.2%ی فەرمانبەران کە لە 12 مانگی پێش ڕووپێوەکەدا بەرتیلیان پێشکەش کراوە، نزیکەی 89% ئەو پێشکەشکردنەیان ڕەتکردۆتەوە. بەپێی پرنسیپ هەموو فەرمانبەرێک کە بەرتیلی پێشکەش دەکرێت، پێویستە ڕاپۆرتی لەسەر بدات بە لایەنی پەیوەندیدار، چونکە پێشکەشکردنی بەرتیل خۆی لەخۆیدا تاوانە. بەڵام نزیکەی دوو لە سێ (65%)ی کەیسەکان فەرمانبەری پەیوەندیدار ڕاپۆرتی لەسەر نەداوە، لەکاتێکدا کە 35%ی کەیسەکان فەرمانبەران ڕاپۆرتیانداوە بە لایەنێکی باڵاتر. لە 27.7%ی کەیسەکاندا تەنها سەرپەرشتیار ئاگادارکراوەتەوە، لەکاتێک کە 2.2% پشکنەری گشتیان ئاگادارکردۆتەوە، لە 1.6% کۆمسیۆنی نەزاهەت و 3.1% دامەزراوەیەکی تری گشتی ئاگادارکراوەتەوە. ڕێژەی ئەو فەرمانبەرانەی کە لەڕاستیدا ڕاپۆریانداوە لەسەر پێشکەشکردنی بەرتیل، جیاوازە بەپێی ناوچەکان، هەروەها بەپێی ئەو لایەنەی ڕاپۆرتیان پێداوە (شێوەی 33).

**شێوەی 33: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی ئەو فەرمانبەرانەی کە بەرتیلیان ڕەتکردۆتەوە، بەپێی ڕاپۆرتدان، بەپێی ناوچە، عێراق 2011**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

*تێبینی: داتاکان ئاماژەن بۆ دوا پێشکەشکردن لە 12 مانگی پێش ڕووپێوەکەدا.*

کاتێک پرسیارەکە فروانکرا لە 12 مانگی ڕابوردووەوە بۆ هەموو جۆرەکانی گەندەڵی لە شوێنی کار لەهەر کاتێکدا کە ڕاپۆرتی لەسەرداوە لەناو هەموو پیشەکانی خزمەتی مەدەنیدا، ڕێژەیەکی بەرچاوی فەرمانبەران ئاماژەیان بەوەدا کە ئەزموونیان هەیە لە ڕاپۆرتدان لەسەر گەندەڵی. لەناو هەموو فەرمانبەرانی عێراقدا، 12% دەڵێن کە

ڕاپۆریانداوە لەسەر ڕووداوی گەندەڵی لە شوێنی کارکردنی خۆیان بەلایەنی پەیوەندیدار لەمیانەی ژیانی پیشەییاندا (26.8% لە هەرێمی کوردستان، 12.3% لە بەغداد و 7.2% لە پارێزگاکانی تر)[11]. لەسەرانسەری ناوچەکاندا، ئەو فەرمانبەرانەی کە ڕاپۆرتیانداوە لەسەر کاری گەندەڵی، هاوکات چەندین کەناڵی ڕاپۆرتدانیان بەکارهێناوە بەئاستی جیاواز. لە هەرێمی کوردستان 93% ڕاپۆرتیانداوە بە سەرپەرشتیارەکەیان یان بە فەرمانبەرێکی باڵاتری ناو وەزارەتەکەیان و ڕێژەیەکی بچووک ڕاپۆریانداوە بە دەستەی باڵای چاودێری دارایی (4%) و بە پۆلیس (3%). لە دامەزراوەکانی حکومەتی فیدراڵی، زۆرینە (58%) ڕاپۆرتیانداوە بە سەرپەرشتیارەکەیان یان بە فەرمانبەرێکی باڵاتر، بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاو ڕاپۆرتیانداوە لەسەر بەرتیل بە پشکنەری گشتی لە وەزارەتەکانی خۆیان (21%) یان بە کۆمسیۆنی نەزاهەت (16%). دەستەی باڵای چاودێری دارایی (4%) و پۆلیس (1%)، کەمتر لەبەرچاوگیراون بۆ ڕاپۆرتدان لە حکومەتی فیدراڵیدا.

**شێوەی 34: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران کە ڕاپۆرتیانداوە لەسەر کەیسی گەندەڵی لەشوێنی کارکردنی خۆیان، بەپێی ئەو لایەنەی ڕاپۆرتەکەی پێدراوە و بەپێی ناوچە، عێراق 2011**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

تێبینی: داتاکان ئاماژەن بۆ هەموو ئەو فەرمانبەرانەی کە لەهەر کاتێکدا ڕاپۆرتیانداوە لەسەر گەندەڵی

ئەم داتایانەی سەرەوە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئاژانسی دژەگەندەڵی (کۆمسیۆنی نەزاهەت) و نووسینگەکانی پشکنەری گشتی لە حکومەتی فیدراڵ، وەک کەناڵی ڕاپۆرتدان بەکاردەهێنرێن، بەڵام ڕێژەیەکی گەورەتری فەرمانبەران پەنادەبەن بۆ بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیارەکانیان کاتێک ڕووبەڕووی کێشەی نەزاهەت دەبنەوە. لەکاتێکدا کە ئەمە شێوازێکی ئاساییە لە چەندین هەلومەرجدا، پێویستە میکانیزم دابنرێت بۆ زامنکردنی بەدواداچوونی گونجاو بۆ ئەم جۆرە ڕاپۆرتانە.

## 2.1.4.هۆشیاری لەسەر دەسەڵاتەکانی دژەگەندەڵی لەناو فەرمانبەراندا

بۆ هاندانی ڕاپۆرتدان لەسەر کاری گەندەڵی لە شوێنی کار، پێویستە سێ مەرجی سەرەکیی بەدیبێن. یەکەم پێویستە فەرمانبەر ئاشنابێت بەو دامەزراوەیەی دەتوانن پەنای بۆ ببەن بۆ ڕاپۆرتدان لەسەر کەیسەکانی گەندەڵی، دووەم پێویستە فەرمانبەر بزانێت چ کەناڵێکی کۆنکریتی ڕاپۆرتدان هەیە و سێیەم هەرکەسێک کە ئامادەبێت ڕاپۆرت بدات لەسەر گەندەڵی، پێویستە متمانەی گونجاوی هەبێت بە کاریگەری ئەو کاردانەوەیەی دەگیرێتەبەر لەلایەن ئەو دامەزراوەیەوە کە ڕاپۆرتی پێدەدرێت لەسەر گەندەڵی، بۆ ئەوەی هەست بکات هەوڵەکەی شایستەیە.

---

[11] پڕوانە زانیاری لەسەر وەزارەت/دامەزراوەکان لە پاشکۆی ئەم ڕاپۆرتەدا.

دامەزراوە سەرەکییەکان کە پێویستە راپۆرتیان پێبدرێت لەسەر گەندەڵی، بریتین لە کۆمسیۆنی نەزاهەت، نووسینگەکانی پشکنەری گشتی و دەستەی باڵای چاودێری دارایی، کە هەموویان ناسراون لای فەرمانبەرانی عێراق.

لە حکومەتی فیدراڵ، 97%ی فەرمانبەران زانیارییان هەیە لەسەر دوانەکەی یەکەم و 93% زانیاریان هەیە لەسەر دیوانی چاودێری دارایی. لە هەرێمی کوردستان، کە داتاکان لەوێ تەنها پەیوەندییان هەیە بە دیوانی چاودێری داراییەوە، 60% زانیاریان هەیە لەسەر ئەم دیوانە.

ئەگەر فەرمانبەران ئاشنابن بە دامەزراوەکانی دژەگەندەڵی، هەندێک جار ئاشنانین بە کەناڵەکانی راپۆرتدان کە هەیە بۆ ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە کاری گەندەڵی – نووسینگە یان هێڵی گەرم یان ماڵپەڕی ئەلەکترۆنی بێت لەناو چەندینی تردا – ئەمەش دەکرێت یەکێک بێت لە هۆکارەکانی نزمی رێژەی راپۆرتدان. بەگشتی 52%ی فەرمانبەران لە عێراق نازانن کە پێویستە راپۆرت بدەن لەسەر رووداوی گەندەڵی، لەگەڵ هەبوونی جیاوازی گەورە بەپێی ناوچەکان. لە بەغداد 44.8% نازانن راپۆرت لەسەر گەندەڵی بدەن بە کێ، لەکاتێکدا کە ئەم رێژەیە 46.1%ە لە پارێزگاکانی تری حکومەتی فیدراڵ و 79.6%ە لە هەرێمی کوردستان، کە لەوانەیە ئەمە پەیوەندی هەبێت بە نەبوونی دەستەیەکی تایبەت بەدژەگەندەڵی لەم هەرێمە.

بەڵام بەدەر لە هەبوونی زانیاری لەسەر دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان، نەبوونی متمانە پێیان فاکتەرێکی گرنگە لەپشت نزمی رێژەی راپۆرتدانەوە لەلایەن فەرمانبەرانەوە. لە حکومەتی فیدراڵ زیاتر لە 40%ی ئەوانەی ئاشنان بە رۆڵی ئەم دەسەڵاتانە لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا، پروایان وایە کە کارێکی باش دەکەن (دەستەی باڵای چاودێری دارایی:44%؛ کۆمسیۆنی نەزاهەت: 43%؛ پشکنەری گشتی 44%)، لەکاتێکدا کە زیاتر لە یەک لە سێ پروایان وایە کە ئەم دامەزراوانە بەشێوەیەکی کاریگەر بەرەنگاری گەندەڵی نابنەوە (دیوانی چاودێری دارایی:34%؛ کۆمسیۆنی نەزاهەت: 37%؛ پشکنەری گشتی 34%)، هەروەها نزیکەی 20% زانیاریان نییە دەربارەی کاریگەری ئەم دامەزراوانە. لە هەرێمی کوردستان، کەمتر لە یەک لە پێنج (18%)ی ئەوانەی ئاشنان بە دیوانی چاودێری دارایی، پروایان وایە کە دیوان بەرەنگاری گەندەڵی دەبێتەوە بەشێوەیەکی کاریگەر، لەکاتێکدا کە 64% پروایان وایە کە بەشێوەیەکی کاریگەر بەرەنگاری گەندەڵی نابنەوە و 18% نازانن.

جیاوازی هەیە لە هەڵسەنگاندنی کاریگەری دەسەڵاتەکانی دژەگەندەڵی لەنێوان پارێزگاکاندا، کە گەورەترە لە جیاوازی نێوان ئەم سێ دامەزراوەیە لەهەر پارێزگایەکی دیاریکراو. لە پارێزگای زیقار، نزیکەی 70%ی هەموو فەرمانبەران پروایان وایە کە ئەم دامەزراوانە کاری باش دەکەن لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا بەشێوەیەکی کاریگەر (دیوانی چاودێری دارایی:69%؛ کۆمسیۆنی نەزاهەت: 75%؛ پشکنەری گشتی 71%)، لەکاتێکدا لە پارێزگای ئەنبار تەنها 21%-27 پروای هاوشێوەیان هەیە (دیوانی چاودێری دارایی:24%؛ کۆمسیۆنی نەزاهەت: 27%؛ پشکنەری گشتی 21%). داتاکان لە هەرێمی کوردستان تەنها پەیوەندییان هەیە بە دیوانی چاودێری داراییەوە و ئاماژە دەکەن بۆ هەبوونی متمانەیەکی کەم لە کاریگاری ئەم دامەزراوەیەدا لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی (شێوەی 35).

**شێوەی 35: ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پروایان وایە دامەزراوەکانی دژەگەندەڵی بەشێوەیەکی کاریگەر بەرەنگاری گەندەڵی دەبنەوە، بەپێی پارێزگا، عێراق 2011**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

نەبوونی ڕێژەیی متمانەی هاوڵاتیان بە دامەزراوەکانی دژەگەندەڵی لە عێراق – وەک لە بەشی 2.1.2ی سەرەوە باسکرا – ڕەنگدانەوەی هەیە لە ڕەفتاری فەرمانبەرانیشدا. زیاتر لە نیوەی فەرمانبەران لەهەر سێ ناوچەکە هاوران لەگەڵ وتەی "ڕاپۆرتدان هیچ بەهایەکی نییە، چونکە هیچ شتێکی جدی ناکرێت دەربارەی" (بەغداد 51%، پارێزگاکانی تر 53% و هەرێمی کوردستان 64%). (شێوەی 36).

**شێوەی 36: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران کە هاوران یان هاورانین لەگەڵ وتەی " ڕاپۆرتدان هیچ بەهایەکی نییە، چونکە هیچ شتێکی جدی ناکرێت دەربارەی"، بەپێی ناوچەکان ، عێراق 2011**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*
*تێبینی: داتاکان ئاماژەن بۆ هەموو فەرمانبەران.*

### 2.1.5.هۆکارەکانی راپۆرت نەدان لەسەر بەرتیل

کاتێک شیکردنەوەی زیاتر دەکەین بۆ هۆکارەکانی راپۆرت نەدانی فەرمانبەران لەسەر پێشکەشکردنی بەرتیل. نەبوونی هۆشیاری لەسەر دەسەڵاتەکانی دژەگەندەڵی و نەبوونی متمانە بە تواناکانی ئەم دەسەڵاتانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەشێوەیەکی کاریگەر بەتەنها جێگەی نیگەرانی نین، بەڵکو هاوکات نەبوونی هۆشیاری لەسەر ئاستی گەندەڵیش جێگەی نیگەرانیە. بۆ نموونە، زیاتر لە نیوەی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی پێش رووپێوەکە بەڵام راپۆرتیان لەسەر نەداوە، پروایان وایە لەبەرئەوەی بەرتیلەکەیان قبوڵ نەکردوە، هیچ زیانێکیان نەگەیاندوە و ئەرکیان لەسەرشان نەبووە بۆ راپۆرتدان لەسەر رووداوەکە (شێوەی 37). نزیکەی 15% پروایان وایە کە دەسەڵاتەکان هیچ شتێکیان نەدەکرد ئەگەر راپۆرتیان بدایە و 17%ی فەرمانبەرانیش پروایان وایە کە سەختە بیسەلمێنیت کە بەرتیلت پێشکەشکراوە، لەبەرئەوە خۆیان سەرقاڵ نەکردوە بە راپۆرتدان لەسەری. سەرنجی لەم جۆرە زۆر گرنگە بۆ یارمەتیدانی حکومەت بۆ بەهێزکردنی هەوڵەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەسەر دامەزراوەکانی دژەگەندەڵی.

**شێوەی 37: رێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران کە راپۆرتیان نەداوە لەسەر پێشکەشکردنی بەرتیل، بەپێی گرنگترین هۆکارەکانی راپۆرت نەدان، عێراق 2011**




*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

*تێبینی: داتاکان ئاماژەن بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی رابوردودا بەڵام راپۆرتیان لەسەرنەداوە.*

نەبوونی هۆشیاری لەسەر کاریگەرییە وێرانکەرەکانی پێشکەشکردنی بەرتیل، وەک نیشاندراوە لە وتەی "پێشکەشکردنی قبوڵنەکراو زیانی نییە"، تەنها لەناو ئەوانەدا بەدیناکرێت کە بەرتیلیان پێشکەش دەکرێت بەڵام راپۆرتی لەسەر نادەن، بەڵکو لەناو هەموو فەرمانبەراندا هەیە، بەدەرلەوەی بەرتیلیان پێشکەش کراوە یان نا. لەناو ئەمانەی دواییاندا، 37% هاوران کە زۆربەی گەندەڵیەکان ئەوەندە بچووکن شایانی راپۆرت لەسەردان نین (شێوەی 38). بەپێی ناوچەکان، 51% و دووبارە لە هەرێمی کوردستان بەرزترینە.

**شێوەی 38: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران کە هاوڕان یان هاوڕانین لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی گەندەڵیەکان ئەوەندە بچووکن شایانی ڕاپۆرت لەسەردان نین، بەپێی ناوچەکان، عێراق 2011**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*
*تێبینی: داتاکان ئاماژەن بۆ هەموو فەرمانبەران.*

ئەگەرچی ترس لە تۆڵەسەندنەوە (12%) و ترس لە ڕاپۆرتدان بە دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان (4%) ئاماژەیان پێدراوە وەک گرنگترین هۆکار بۆ ڕاپۆرت نەدان لەسەر پێشکەشکردنی بەرتیل (شێوەی 37)، کەمتر لەلایەن ئەو فەرمانبەرانەوە کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی ڕابوردودا، پاش وردبوونەوەی زیاتر، نەبوونی ئاسایش و پاراستنی گونجاو فاکتەری گرنگن بۆ کەمکردنەوەی ڕاپۆرتدان لەسەر کەیسەکانی گەندەڵی. لەناو هەموو فەرمانبەراندا، تەنها یەک لە سێ هەست دەکەن کە پارێزراو دەبن ئەگەر "چەپڵەیان تەقاند" (ڕاپۆرتدان لەسەر کاری گەندەڵی) کاربەدەستێکی وەزارەتەکەی خۆیان[12]. لەناو ئەم یەک سێیەدا کە هەست دەکەن پارێزراو دەبن بۆ "چەپڵەتەقاندن"، ترسی زیانی جەستەی و لەدەستدانی کار وەک گرنگترین ترسەکان ئاماژەیان پێدراوە (شێوەی 39).

**شێوەی 39: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران کە هەست ناکەن وەک پێویست پارێزراو دەبن ئەگەر ڕاپۆرت بدەن لەسەر کەیسی گەندەڵی لە وەزارەتەکەی خۆیان، بەپێی گرنگترین ترس ، عێراق 2011**




[12] ڕپوانە زانیاری لەسەر وەزارەت/دامەزراوەکان لە پاشکۆی ئەم ڕاپۆرتەدا.

*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*
*تێبینی: داتاکان ئاماژەن بۆ هەموو ئەو فەرمانبەرانەی کە هەست ناکەن وەک پێویست پارێزراو دەبن.*

ئەم ترسانە پشتڕاست کراونەتەوە لەلایەن زیاتر لە 62%ی فەرمانبەران کە هاوران لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی خەڵک دەترسن لە ڕاپۆرتدان لەسەر گەندەڵی بەهۆی نەبوونی نهێنیپارێزیەوە. هاورابوون لەگەڵ وتەیە لە بەغداد کەمێک بەرزترە وەک لە پارێزگاکانی تر و هەرێمی کوردستان (شێوەی 40).

**شێوەی 40: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران کە هاوران یان هاورانین لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی خەڵک دەترسن لە ڕاپۆرتدان لەسەر گەندەڵی بەهۆی نەبوونی نهێنیپارێزی، بەپێی ناوچەکان، عێراق 2011**




*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*
*تێبینی: داتاکان ئاماژەن بۆ هەموو فەرمانبەران.*

ئەگەرچی ترس هەیە ئەنجامی سەخت پاش ڕاپۆرتدان لەسەر گەندەڵی و نیگەرانی هەیە لەسەر نەبوونی نهێنیپارێزی، 57%ی فەرمانبەرانی عێراق دەڵێن کە ڕاپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی ئەگەر پێیانزانی لە وەزارەتەکی خۆیان.

## 2.2. کاردانەوەی دادوەری تاوان: لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی گەندەڵی

دروستکردنی کەناڵی سەلامەتتر و کراوەتر بۆ ڕاپۆرتدان لەسەر گەندەڵی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە کەمکردنەوەی ئاستی بەرزی دەربازبوون لە گەندەڵی و دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی زیاتر و کاریگەرتری یاساکان، لە عێراق، هەموو ئەرکەکانی لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی گەندەڵی لەلایەن کۆمسیۆنی نەزاهەتەوە ئەنجام دەدرێت، کە دەزگای پێشەنگی دژەگەندەڵی حکومەتی فیدراڵیە، بەپێی ماددەی 102 لە دەستوری عێراق 2005، دەسەڵاتێکی حکومی سەربەخۆیە تەنها بەرپرسیارە بەرامبەر پەرلەمان و یاساکانی عێراق[13]. هاوشان لەگەڵ ئەرکە پەروەردەییەکان و ئەرکەکانی بەرپێگرتن، کۆمسیۆنی نەزاهەت لێکۆڵینەوە دەکات لە هەموو کەیسەکانی گەندەڵی، بەڵگەی یاسایی کۆدەکاتەوە و ئامادەی دەکات بۆ پرۆسەی دادگایکردن بەسەرپەرشتی دادوەرێکی لێکۆڵینەوە و کەیسە بەڵگەدارەکانی گەندەڵی ڕەوانەی دادگا دەکات. داتای

[13] کۆمسیۆنی نەزاهەت سەرەتا وەک کۆمسیۆنی نەزاهەتی گشتی دامەزرا لە ساڵی 2004 و سەرۆکەکەی پلەی وەزیری هەیە، کە سەرۆک وەزیران دیاری دەکات و ناکرێت لابرێت بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمان. کۆمسیۆنی نەزاهەت یەک جێگری کۆمیساری هەیە، کە پلەی جێگری وەزیری هەیە.
کۆمسیۆنی نەزاهەت پێکدێت لە شەش بەرێوەبەرایەتی: لێکۆڵینەوەکان، کاروباری یاسایی، بەرپێگرتن، پەروەردە و پەیوەندیە گشتیەکان، ڕێکخراوە ناحکومیەکان و کارگێری.

کۆکراوە لەلایەن کۆمسیۆنی نەزاهەتەوە لەسەر لێکۆڵینەوە و دادگایکردن، وێنەیەکی هەمەلایەن پێشکەش دەکەن لەسەر کاردانەوەی دادوەری تاوان بەرامبەر گەندەڵی لە 15 پارێزگاکەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی عێراق.

پرۆسەی دادوەری تاوان لەسەر کەیسەکانی گەندەڵی لە شێوەی 41دا روونکراوەتەوە. پرۆسەکە زیاتر روون دەکرێتەوە لە بەشەکانی داهاتوودا.

**شێوەی 41: پرۆسەی دادوەری تاوان بۆ کەیسەکانی گەندەڵی لە عێراق**




## 2.2.1.راپۆرت لەسەر گەندەڵی و لێکۆڵینەوە

کۆمسیۆنی نەزاهەت راپۆرت لەسەر گەندەڵی وەردەگرێت (هاوکات پێیدەوترێت "سکاڵا" یان "زانیاری") بە چوار رێگەی پەیوەندیکردن: بە تەلەفۆن (هێڵی گەرم)؛ بە ئیمەیڵ؛ بە نامە؛ بەشێوەی کەسی. راپۆرتەکان شیکار دەکرێن و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت لەلایەن لێکۆڵەرانی دەستەی نەزاهەت لە بەغداد یان لە یەکێک لە لقەکانی لە پارێزگاکان، بۆ بڕیاردان لە سروشت، ناوەڕۆک و دروستی کەیسەکە. ئەگەر بەڵگەی ئامادە هەبوو لەسەر ئەوەی کە ئەو راپۆرتە زانیاری دروستی تێدایە لەسەر کاری گەندەڵی، دۆسیەی لێکۆڵینەوەی بەرایی دەکرێتەوە. راپۆرتی نهێنی لەسەر گەندەڵی (کە لێکۆڵەر ناتوانێت بەدواداچوون بکات بۆ زانیاریەکان)، بەتایبەتی، لەوانەیە بەهای یاسایی و بەڵگەی کۆنکرێتی نەبێت. کەواتە رێژەی ئەو راپۆرتە نانهێنیانەی کە وەردەگیرێن ئاماژەن بۆ کواڵیتی راپۆرتە وەرگیراوەکان لەلایەن کۆمسیۆنی نەزاهەتەوە. ئەگەر لێکۆڵینەوەی بەرایی بووە هۆی کۆکردنەوەی بەڵگەی گونجاو بۆ سەلماندنی کەیسی گەندەڵی، کەیسەکە وەک "کەیسی تاوان" تۆمار دەکرێت و لێکۆڵینەوەی لێدەکرێت لەژێر سەرپەرشتی دادوەرێکی لێکۆڵینەوە.

شێوەی 42 نیشانی دەدات کە ژمارەی راپۆرتە تازەکان لەسەر گەندەڵی کە وەرگیراون لەلایەن کۆمسیۆنی نەزاهەتەوە و ژمارەی کەیسەکانی لێکۆڵینەوەی تاوان بەخێرایی بەرزبوونەتەوە لە 786 لە 2004-2005 بۆ 11،671 لە 2011. هێڵکاری و داتاکانی خوارەوە تەنها ژمارەی ئەو کەیسانە نیشان دەدات کە لەهەر ساڵێکدا کراونەتەوە، لەکاتێکدا کە کۆی ژمارەی کەیسەکانی ژێر لێکۆڵینەوە لەهەر یەکێک لەو ساڵانەدا (لەگەڵ کەیسە کراوەکانی ساڵەکانی پێشتر) تاڕادەیەک بەرزترە[14]. رێژەی لێکۆڵینەوەی تاوان لە راپۆرتە تازەکانی گەندەڵی کە وەرگیراون بەرزبۆتەوە لە 87%ەوە لە ساڵی 2009 بۆ 94% لە ساڵی 2010 و 93% لە ساڵی 2011، کە رەنگدانەوەی بەرزبوونەوەیە لە راپۆرتە نانهێنیەکاندا لە هەمان ماوەدا لە 53%ەوە بۆ 57%.

[14] کۆی ژمارەی کەیسەکانی تاوان کە لەژێر لێکۆڵینەوەدان بەرزبۆتەوە لە 10.414ەوە لە ساڵی 2009 بۆ 12.613 لە 2010 و بۆ 13.589 لە 2011.

**شێوەی 42: ژمارەی ڕاپۆرتەکان و لێکۆڵینەوەی تاوان لە کەیسەکانی گەندەڵی لەلایەن کۆمسیۆنی نەزاهەتەوە، عێراق (2004-2011)**




*سەرچاوە: داتا کارگێڕیەکانی کۆمسیۆنی نەزاهەت لەسەر گەندەڵی*

لەکاتێکدا کە بەرزبوونەوە لە کۆی ژمارەی ڕاپۆرتەکان و لێکۆڵینەوەکان لە کەیسەکانی تاوان، زۆر گەورەیە، گرنگە وردتر سەیری ئەم جۆرانەی کەیسی تاوان بکەین کە لەژێر لێکۆڵینەوەدان، بۆ بڕیاردان لە سروشتی کارەکانی گەندەڵی کە کۆمسیۆنی نەزاهەت لێکۆڵینەوەیان لێدەکات. شێوەی 43 ئاماژە دەکات بۆ ڕێژەیکی کەم لە کەیسی تاوان کە لەژێر لێکۆڵینەوەدان و پەیوەندییان هەیە بە تاوانی ڕوونی گەندەڵیەوە بەپێی پێناسەکەی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدژی گەندەڵی (بەرتیل، ئیختیلاس، بازرگانیکردن بە دەسەڵاتەوە، بەدبەکارهێنانی ئەرکەکان، دەوڵەمەندبوونی ناشەرعی، سپیکردنەوەی پارە، ڕێگرتن لە دادوەری، هتد). لە ساڵی 2011 بەرتیل پێکهێنەری 4% و ئیختیلاس 5% بوون لە هەموو کەیسەکانی تاوان کە لەژێر لێکۆڵینەوەدا بوون لەلایەن کۆمسیۆنی نەزاهەتەوە، لەکاتێکدا کە تۆمەتی "تێپەڕاندنی سنووری دەسەڵات"، "تاوانەکانی سەختەکاری" (بۆ نموونە ساختەکردنی پەروانامەی ئەکادەمی) و "تاوانەکانی تر" پێکهێنەری 19%، 33% و 36%ی یەک لەدوای یەک بوون.

**شێوەی 43: ژمارە و ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی لێکۆڵینەوەکانی تاوان لە کەیسەکانی گەندەڵی، بەپێی جۆری تاوان، عێراق (2011)**



*سەرچاوە: داتا کارگێڕیەکانی کۆمسیۆنی نەزاهەت لەسەر گەندەڵی*

### 2.2.2.ئەو کەیس و کەسانەی ڕەوانەی دادگا کراون

کاتێک لێکۆڵینەوە دەکرێت لە کەیسێکی تاوان لەلایەن کۆمسیۆنی نەزاهەتەوە بەسەرپەرشتی دادوەرێکی لێکۆڵینەوە و پاش سەلماندنی زیاتر، کەیسەکە ڕەوانەی دادگا دەکرێت[15]. لە دوو ساڵی ڕابوردودا، ژمارەی کەیسەکانی تاوان کە ڕەوانەی دادگا کراون نزیکەی پێنج قات بەرزبۆتەوە، لە کەمتر لە 900 بۆ زیاتر لە 4،300. هاوکات ژمارەی کەسانی تێوەگلاو لەهەر کەیسێک کە ڕەوانەی دادگا کراوە کەمێک زیادیکردوە، لە 1.22 کەس بۆ هەر کەیسێک، بۆ 1.30 کەس بۆ کەیسێک، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ژمارەی کەسە ڕەوانەکراوەکان بۆ دادگا زیاتر لە پێنج قات بەرزبۆتەوە، لە 1،084 بۆ 5،682 (شێوەی 44)[16].

**شێوەی 44: ژمارەی کەیسەکان و کەسەکان کە ڕەوانەی دادگا کراون لەسەر گەندەڵی و ژمارەی ئەو کەیسانەی ڕەوانەکراون وەک ڕێژەی سەدیی لێکۆڵینەوەی تاوان لە کەیسەکانی گەندەڵی لەهەمان ساڵدا، (2009-2011)**




*سەرچاوە: داتا کارگێڕیەکانی کۆمسیۆنی نەزاهەت لەسەر گەندەڵی*

هاوشان لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی کەیسەکان و کەسەکان کە ڕەوانەی دادگا کراون لەماوەی چەند ساڵی ڕابوردودا، داتاکان نیشانی دەدەن کە ڕێژەی کەیسەکان کە ڕەوانەی دادگا کراون لە کۆی ئەو کەیسانەی لێکۆڵینەوەیان لێدەکرێت بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردوە. ئەم ڕێچکەی بەرزبوونەوەیە لەم نیشاندەرەدا، ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ زیادبوونی کاریگەری کۆمسیۆنی نەزاهەت لە هەردوو بواری لێکۆڵینەوە و ڕەوانەکردنی کەیسەکان بۆ دادگا.

هەروەها کاتێک بەراورد دەکەین لەنێوان کۆی ژمارەی لێکۆڵینەوەکان و دابەشبوونیان بەپێی جۆری تاوان، پێویستە ڕێچکەی گشتی پشتڕاست بکرێتەوە بەپێی پەیوەندیداری و گەورەیی کەیسەکان کە ڕەوانەی دادگا دەکرێن. وەک نیشاندراوە لە شێوەی 45دا، هەموو ئەو کەسانەی ڕەوانەی دادگا کراون، تۆمەتەکانیان بریتی بووە لە بەرتیل 5% و ئیختیلاس 9%، لەکاتێکدا کە ئەوانی تر تۆمەتبارکراون بە "تاوانەکانی ساختەکاری (28%)، "زیانگەیاندن بە موڵکی دەوڵەت" (29%) و "تاوانی تر" (29%).

---

[15] لەکاتێکدا کە تا حوزەیرانی 2011، بەپێی ماددەی 136(ب) لە یاسای ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوەی تاوان، دادوەری لێکۆڵەر ناتوانێت لێکۆڵینەوە لەگەڵ کاربەدەستی حکومی بکات بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتەکەی، ئەم ماددەیە هەڵوەشێنرایەوە و لەدوای تەموزی 2011ەوە کاری پێناکرێت. لە ساڵی 2010، ماددەی 136(ب) لە 176 کەیسی تاواندا بەکارهاتووە، کە بەهۆی ئەم ماددەیەوە لێکۆڵینەوەکان ڕاگیران پێش ئەوەی ڕەوانەی دادگا بکرێن.

[16] پێویستە سەرنج بدەین لەوەی کە ئەو کەسانەی ڕەوانەی دادگا کراون بۆ زیاتر لە یەک تاوانی گەندەڵی لە زیاتر لە یەک کەیسی تاوان، لەهەر کەیسێکی جیاوازدا بەجیا هەژمارکراون. لەبەرئەوە ئەو کەسانەی کە ڕەوانەی دادگا کراون بۆ چەند تاوانێکی جیاواز، چەند جارێک هەژماردەکرێن.

**شێوەی 45: ژمارە و رێژەی سەدیی دابەشبوونی ئەو کەسانەی کە رەوانەی دادگا کراون لەسەر گەندەڵی، بەپێی جۆری تاوان، عێراق (2011)**




*سەرچاوە: داتا کارگێڕیەکانی کۆمسیۆنی نەزاهەت لەسەر گەندەڵی*

## 2.2.3.ئەو کەسانەی حوکمدراون لەسەر تاوانەکانی گەندەڵی

داتاکان لەسەر ئەو کەسانەی حوکمدراون لە دادگا، وێنەیەکمان نیشان دەدات لەسەر دەرئەنجامی پرۆسەی دادوەری تاوان بۆ ئەوانەی کە تۆمەتبارکراون بە تاوانەکانی گەندەڵی[17]. وەک شێوەی 46 نیشانی دەدات، ژمارەی ئەو کەسانەی حوکمدراون لەسەر تاوانی گەندەڵی (واتا ژمارەی ئەو کەسانەی کە سزای زیندانیکردن وەردەگرن لەسەر کارەکانی گەندەڵی) زۆر بەرزبۆتەوە لە 257 لە ساڵی 2009 بۆ 1،016 لە ساڵی 2010 و 1،661 لە ساڵی 2011.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ژمارەی ئەو کەسانەی کە رەوانەی دادگا کراون و ژمارەی ئەو کەسانی کە حوکمدراون زۆر بەرزبۆتەوە لە 2009 بۆ 2011، رێژەی ئەوانەی کە حوکمدراون لە دادگا بە بەراورد بەوانەی کە رەوانەی دادگا کراون نیشاندەرێکی سەرنجراکێشمان بۆ دابین دەکات لەسەر کاریگەری پرۆسەی دادوەری تاوان (لەیادمان بێت کە مەرج نییە هەموو ئەوانەی لە هەمان ساڵدا رەوانەی دادگا دەکرێن لەو ساڵەدا حکوم بدرێن). وەک لە شێوەی 46دا دیارە، ئەم رێژەیە بەرزبۆتەوە لە 24%ەوە لە 2009 بۆ 36% لە 2010 پێش ئەوەی دابەزێتەوە بۆ 29% لە 2011.

لەکاتێکدا کە ژمارەی رەهای ئەو کەسانەی کە حوکمدراون زۆر بەرزبۆتەوە لە چەند ساڵی رابوردودا، پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگرین کە مەرج نییە هەموو تۆمەتبارەکان لە دادگا ئامادەبووبن لەکاتی وەرگرتنی حوکمەکانیان، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاوی ئەوانەی کە حوکمدراون هێشتا دەستگیرنەکراون و سزاکەیان جێبەجێ نەکردوە[18]. هاوکات تەنانەت ئەو تۆمەتبارانەی کە حوکمدراون و ئامادەبوون، لەزۆر حاڵەتدا دادگا سزاکەی راگرتوون[19]، ئەمەش بۆتە هۆی کەمبوونەوەی زیاتری ژمارەی ئەوانەی وەک تاکەکەس حوکمدراون و پێویستە غەرامە بدەن یان زیندانی بکرێن[20]. ئەگەر هەموو ئەمانە بەیەکەوە وەربگرین، رێژەی ئەو کەسانەی کە وەک تاکەکەس حوکمدراون بە بەراورد بە ژمارەی ئەو کەسانەی رەوانەی دادگا کراون بریتی لە (19% لە 2010 و 22% لە

---

[17] پێویستە سەرنج بدەین لەوەی کە ئەو کەسانەی رەوانەی دادگا کراون بۆ زیاتر لە یەک تاوانی گەندەڵی لە زیاتر لە یەک کەیسی تاوان، لەهەر کەسێکی جیاوازدا بەجیا هەژمارکراون. لەبەرئەوە ئەو کەسانەی کە رەوانەی دادگا کراون بۆ چەند تاوانێکی جیاواز، چەند جارێک هەژماردەکرێن.

[18] لەوانەی کە حوکمدراون لە ساڵی 2010، 528 (52%) وەک تاکەکەس حوکمدراون و لە ساڵی 2011 ژمارەکە 1،229 (47%) بووە.

[19] لە 2010 کۆی 173 لێکۆڵینەوە راگیرا و لە 2011 کۆی 362 لێکۆڵینەوە راگیرا.

[20] لە 2010 355 کەس (35%ی هەموو کەسە حوکمدراوەکان) و لە 2011، 867 کەس (52%ی هەموو کەسە حوکمدراوەکان) سزادراون بە غەرامەدان یان جێبەجێکردنی سزای زیندانیکردن.

2011)، هەروەها ڕێژەی ئەوانەی وەک تاکەکەس حوکمدراون و سزاکەیان جێبەجێ کردوە بریتیە لە (13% لە 2010 و 15% لە 2011)، ئەمەش تاڕادەیەک سەقامگیر بووە، ئەگەرچی نزم بووە.

**شێوەی 46: ژمارەی ئەو کەسانەی حوکمدراون لەسەر گەندەڵی و ژمارەی حوکمەکان لەسەر گەندەڵی وەک ڕێژەی سەدیی ئەوانەی کە ڕەوانەی دادگا کراون لەهەمانساڵدا، عێراق (2009-2011)**




*سەرچاوە: داتا کارگێڕیەکانی کۆمسیۆنی نەزاهەت لەسەر گەندەڵی*

سەبارەت بە زیادبوونی لێکۆڵینەوە و کەسانی ڕەوانەکراو بۆ دادگا، بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەوانەی حوکمدراون لەسەر تاوانەکانی گەندەڵی، پێویستە دیاری بکرێت بەپێی جۆری ئەو تاوانەی لەسەری حوکمدراون. وەک لە شێوەی 47دا دیارە، تاوانەکانی بەرتیل و ئیختیلاس پێکهێنەری 3% و 7%ی هەموو حوکمەکانی دادگان، لەکاتێکدا کە زۆرترین ڕێژەی حوکمدان پەیوەندی هەیە بە "تاوانەکانی ساختەکاری"ەوە (36%)، "زیانگەیاندن بە موڵکی دەوڵەت" (18%) و "تاوانەکانی تر" (36%)[21].

**شێوەی 47: ژمارە و ڕێژەی سەدیی ئەو کەسانەی کە حوکمدراون لەسەر گەندەڵی، بەپێی جۆری تاوان، عێراق (2011)**




*سەرچاوە: داتا کارگێڕیەکانی کۆمسیۆنی نەزاهەت لەسەر گەندەڵی*

هاوکات لەگەڵ ئەم جۆرانەی گەندەڵی کە لێکۆڵینەوەیان لێدەکرێت لەلایەن سیستەمی دادوەری تاوانەوە، جێگەی سەرنجە کە ئایا ئەوانەی ڕەوانەی دادگا دەکرێن و حوکمدەدرێن لە ئاستی نزم یان مامناوەندیدان وەک فەرمانبەر، یان ئایا فەرمانبەرانی

[21] پۆلەکانی "تاوانەکانی ساختەکاری" و "زیانگەیاندن بە موڵکی دەوڵەت" پەیوەندیان نییە بە تاوانەکانی گەندەڵیەوە بەو شێوەیەی پێناسەکراوە لە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدژی گەندەڵی (UNCAC).

باڵاش هەیە، ئەگەر هەیە، ئایا هەمان ئەگەری حوکمدانیان هەیە هاوشێوەی فەرمانبەرانی تر کە ڕەوانەی دادگا دەکرێن.

**شێوەی 48: ژمارەی فەرمانبەرانی باڵا کە ڕەوانەی دادگا کراون و ژمارەی فەرمانبەرانی باڵا کە حوکمدراون، عێراق (2010-2011)**




*سەرچاوە: داتا کارگێڕیەکانی کۆمسیۆنی نەزاهەت لەسەر گەندەڵی*

شێوەی 48 نیشانی دەدات کە ژمارەیەکی بەرچاو لە فەرمانبەران لە ئاستی بەڕێوەبەری گشتی و باڵاتر، لەگەڵ وەزیر و کاندیدی هەڵبژێردراو، ڕەوانەی دادگا کراون لەسەر تۆمەتی گەندەڵی و دواتر حوکمدراون. لە ساڵانی 2010 و 2011، لە تێکڕایدا، ڕێژەی ئەو کەسانەی حوکمدراون لە کۆی ئەوانەی ڕەوانەی دادگا کراون گەیشتۆتە 51% بۆ ئەو فەرمانبەرانەی لە پلەی بەڕێوەبەری گشتی یان باڵاتردان، 70% بۆ کاندیدەکانی هەڵبژاردن و 92% بۆ وەزیرەکان (بەرامبەر 31% بۆ هەموو فەرمانبەرانی حوکمدراو لە ساڵانی 2010 و 2011. لەبەرئەوە دەکرێت دەرئەنجامگیری ئەوە بکەین کە کاتێک فەرمانبەرێکی پلە باڵا دەدرێت بە دادگا ئەگەری حوکمدانی زیاترە لەو فەرمانبەرانەی تر کە دەدرێن بە دادگا[22].

## 2.2.4.ڕێژەکانی کورتهێنان (تناقص)ی پەیوەست بە کەیسەکانی گەندەڵی لە سیستەمی دادوەری تاواندا

ڕێگەیەکی بەسوود بۆ پێوانەکردنی کۆی کارایی سیستەمی دادوەری تاوان برتیە لە سەیرکردنی ڕێژەی ئەوە کەسانەی کە ڕەوانەی دادگا کراون و حوکمدراون لە کۆی ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە[23] (ڕێژەکانی کورتهێنانی ڕێژەیی). دانانی ژمارەی ئەو کەسانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە لەسەر گەندەڵی وەک 100%، دەتوانین ڕێژەی ژمارەی کەسەکان هەژمار بکەین لەهەر یەکێک لە قۆناغەکانی پرۆسەی دادوەری تاواندا لەم کۆیە لەهەر ساڵێکی دیاریکراودا[24].

وەک شێوەی 49 نیشانی دەدات، هەردوو ڕێژەی ئەوانەی کە ڕەوانەی دادگا کراون و ڕێژەی ئەوانەی حوکمدراون لەسەر تاوانەکانی گەندەڵی لە ژمارەی ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە لەسەر کەیسەکانی گەندەڵی، ڕێچکەیەکی پۆزەتڤ نیشان دەدات کە لەبەرزبوونەوەدایە بۆ ساڵانی 2009 تا 2011 (ڕێژەی ئەو کەسانەی ڕەوانەی دادگا کراون لە 13%ەوە بەرزبۆتەوە بۆ 28% و 37%، لەکاتێکدا کە ڕێژەی ئەوانەی کە حکومدراون لە 3.1%ەوە بەرزبۆتەوە بۆ 9.8% و 10.9%). ئەم ئاراستانە ئاماژەن بۆ

---

[22] ئەم دەرئەنجامە پێویستە وەک مەرجدار سەیر بکرێت بەهۆی نەبوونی داتاوە لەسەر ئەم پلە و پۆستانە کە حوکمدراون بەڵام ئامادەنەبوون لەکاتی حوکمدانیان و نەبوونی داتا لەسەر ئەم پلە و پۆستانە کە حوکمدراون و حوکمەکەیان جێبەجێکردوە (واتا حوکمەکانیان هەڵنەپەسێردراوە).

[23] ژمارەی کەسەکان (بەرامبەر کەیسەکان) خەمڵێنراوە بە بەکارهێنانی تێکڕای ژمارەی کەسەکان بۆ هەر کەیسێک کە ڕەوانەی دادگا کراوە لەهەمان ساڵدا.

[24] ڕێژەکانی کورتهێنان هەژماردەکرێت بە بەکارهێنانی داتا لەسەر ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە، ڕەوانەی دادگا کراون و حوکمدراون لەماوەی هەر ساڵێکی جێگەی باسدا.

ڕێکاری کاریگەرتری لێکۆڵینەوە لە دەستەی نەزاهەت و بنکەیەکی باشتری بەڵگە، کە بۆتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی ئەو کەسانەی حوکمدراون. هاوکات ڕێژەی ئەو کەسانەی وەک تاکەکەس حوکمدراون بەبێ ئەوەی سزاکەیان هەڵبواسرێت، لە ژمارەی ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە لەسەر گەندەڵی، ئەگەرچی هێشتا نزمە (3.4% لە 2010 و 5.7% لە 2011)، زیادیکردوە (شێوەی 49).

**شێوەی 49: ژمارەی ئەو کەسانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە، ڕەوانەی دادگاکراون و حوکمدراون وەک ڕێژەی سەدیی ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە لە کەیسەکانی گەندەڵی، عێراق (2009-2011)**




*سەرچاوە: داتا کارگێڕیەکانی کۆمسیۆنی نەزاهەت لەسەر گەندەڵی*

هاوکات لەگەڵ کۆی ڕێژەکانی کورتهێنان بۆ هەموو جۆرە کەیسەکانی گەندەڵی کە کۆمسیۆنی نەزاهەت مامەڵەی لەگەڵ کردوون، دەکرێت ڕێژەی کورتهێنان هەژماربکرێت بۆ هەر جۆرە تاوانێکی دیاریکراو. داتاکان ئاماژە دەکەن بۆ ڕێژەیەکی سەروو-تێکڕا بۆ ئەو کەسانەی ڕەوانەی دادگا کراون بە تۆمەتی بەرتیل و ئیختیلاس (45%) و (74%)ی یەک لەدوای یەک، بەرامبەر 37% لە کۆی ساڵی 2011. (بەڵام ڕێژەیەکی لەخوار-تێکڕاوە) بۆ ئەو کەسانەی کە حوکمدراون لەسەر بەرتیل و ئیختیلاس (21% و 22%) یەک لەدوای یەک، بەرامبەر 29% لە کۆی 2011. ئەنجامەکە بریتیە لە ڕێژەی کورتهێنانی تایبەت بە تاوانی دیاریکراو کە 9.6%ە بۆ ئەو کەسانەی لەسەر بەرتیل حوکمدراون و 16.2% بۆ ئەو کەسانەی لەسەر ئیختیلاس حوکمدراون، لە کۆی هەموو ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە بۆ ئەم تاوانە دیاریکراوانە (شێوەی 50)[25]. بەگشتی، لێکۆڵینەوە لە تاوانی ئیختیلاس کاریگەرترە لە لێکۆڵینەوە لە تاوانی بەرتیل، ئەم ڕێچکەیەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو بەڵگانەی کۆکراوەنەتەوە لەلایەن لێکۆڵەرانەوە لەسەر ئیختیلاس زیاتر کۆنکریتی بوون وەک لە بەڵگەکان لە کەیسەکانی بەرتیلدا.

[25] داتا نییە لەسەر تاوانی دیاریکراو بۆ ئەو کەسانەی کە لەئێستادا حوکمدراون یان سزاکەیان جێبەجێ دەکەن.

**شێوەی 50: ژمارەی ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە، ڕەوانەی دادگا کراون و حوکمدراون لەسەر بەرتیل، ئیختیلاس و تاوانەکانی ساختەکاری، وەک ڕێژەی سەدیی ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە لەسەر کەیسەکانی گەندەڵی لەهەمانساڵدا، عێراق (2011)**




*سەرچاوە: داتا کارگێڕیەکانی کۆمسیۆنی نەزاهەت لەسەر گەندەڵی*

# چاپتەری سێیەم

# نەزاهەت لە خزمەتی مەدەنیدا

## 3. نەزاهەت لە خزمەتی مەدەنیدا
لەچوارچێوەی ئەو هەموو سیاسەت و رێوشوێنانەدا کە مەبەستیان بەرگرتنە لە گەندەڵی، جێبەجێکردنی ستانداردەکانی نەزاهەت لەناو فەرمانبەرانی گشتیدا بریتیە لە کەرەستەیەکی بەهێز بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی "دژوار" بۆ گەندەڵی. نەزاهەت لە خزمەتی گشتیدا پێویستی بە زیاتر هەیە لە تەنها نەبوونی گەندەڵی و گرفتەکانی نەزاهەت، هەروەها ناسکی بەرامبەر گەندەڵی لەناو خزمەتی مەدەنیدا دەکرێت هۆکارەکەی کەموکوریەکان بن لەسەر ئاستی رێکخراوەیی و تاکەکەس.

نەزاهەتی تاکەکەس بریتیە لە رەفتاری پیشەیی و پەیوەندی هەیە بەو خەسڵەتانەوە کە فەرمانبەر توانادار دەکات ئەرکی رێکخراوەکەی بەدیبهێنێت لەرێگەی کارکردنەوە بەپێی ستانداردەکان، رێساکان، پەیرەوەکان و رێکارەکان. لەسەر ئاستی رێکخراوەیدا، نەزاهەتی دامەزراوەیەک دەکرێت بریتی بێت لە رێکارەکان، پرۆژەکانی بەڕێوەبردن، چاودێری ناوخۆیی و دەرەکیی، وردبینی و چاودێری دارایی، سەرپەرشتیکردن و ستانداردەکانی شەفافیەت کە هاندەرن بۆ رەفتاری پیشەیی لەناو فەرمانبەراندا. بۆ زامنکردنی نەزاهەتی رێکخراوەیی، پێویستە هەر دامەزراوەیەکی گشتی رێکاری روونی هەبێت وەک وەسفی وەزیفی بۆ هەموو پۆستەکان، رێکاری فەرمی و دادوەرانە بۆ دامەزراندن، زانیاری نووسراو لەسەر ماف و ئەرکەکانی بەکاربەرانی خزمەتگوزاری و کۆدی رەفتار بۆ پابەندبوون بەم مەرج و رێکارانەوە. نەزاهەتی تاکەکەسی پێویستی بە پابەندبوون هەیە بە رێساکان، رێکارەکان و میکانیزمەکانی سەرپەرشتیکردن و کۆنترۆڵەوە. پێویستی بە پابەندبوون هەیە بە رێساکان هاوشان لەگەڵ نیشاندانی هەستی بەرپرسیارێتی و هۆشیاری.

ئەم چاپتەرە شرۆڤەی رێکارە جیاوازەکان و مەرجە سەرەکییەکان دەکات بۆ نەزاهەتی دامەزراوەگشتیەکان و فەرمانبەرەکانیان، هەروەها شیکردنەوە دەکات بۆ ناسکیە دیاریکراوەکانی فەرمانبەرانی عێراق. دوو بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی سیاسەتەکانی دامەزراندن و پەلەبەرزکردنەوە – دوو بواری زۆر گرنگ بۆ زامنکردنی توانا و نەزاهەتی خزمەتێکی مەدەنی پرۆفێشناڵ. بوارێکی تری گرنگ بۆ پاراستنی نەزاهەتی فەرمانبەرانی مەدەنی بریتیە لە هەبوونی و کارابوونی سیستەمی چاودێری و وردبینی ناوخۆیی، کە زۆر گرنگە بۆ ئاشکراکردنی کارە نایاساییەکان و لاوازییەکان و بۆ دانانی رێوشوێنی راستکردنەوە و باشترکردنی رێکارەکانی هەر دامەزراوەیەک. بەشەکانی دواتر شیکردنەوە دەکەن بۆ رێوشوێنەکانی شەفافیەت، هۆشیاری لەسەر نەزاهەت، راهێنان، رازیبوون لە کار و هەلومەرجی گشتی کارکردنی فەرمانبەرانی مەدەنی عێراق، کە هەموو ئەمانە بواری گرنگن بۆ بەدیهێنانی ستانداردی بەرزتر لە کەرتی گشتیدا.

### 3.1. دامەزراندن
شەفافیەت و دادوەری تەواو لە پرۆسەی دامەزراندندا تەنها پێویست نییە بۆ جێبەجێکردنی ستانداردەکانی نەزاهەت لە پرۆسەی دامەزراندندا، بەڵکو هاوکات گرنگە بۆ زامنکردنی دروستبوونی تەبایی لەنێوان تواناکانی کارخواز و پێداویستەکانی پۆستەکەدا. رێوشوێنی دادوەرانە و شەفاف زیاتر گرنگن کاتێک خواست لەسەر دامەزراندن لە خزمەتی مەدەنی لەبەرچاودەگرین، کە زیاترە لەو پۆستانەی کە خەڵکیان بۆ دادەمەزرێندرێت و دەستگەیشتن بەم پۆستانە خواستی زۆر کەسە.

بێلایەنی و بەرپرسیارێتی لە پرۆسەی دامەزراندندا پێویستی بە ژمارەیەک رێوشوێنی دانراو هەیە، وەک دانانی هێڵکاری رێکخراوەیی بۆ دامەزراوە گشتیەکان. پرۆفایلی ستاندارد بۆ کار لەگەڵ مەرج و پروانامە پێویستەکان، مەرجەکانی خزمەتگوزاری، رێوشوێنی شەفاف و کراوە بۆ هەڵبژاردنی کاندید و رێوشوێنی فەرمی بۆ هەڵسەنگاندنی کارخواز. هەندێک لەم هەنگاوانە شیکردنەوەیان بۆ کراوە لەم

توێژینەوەیەدا، کە بەڵگەی دۆزیوەتەوە لەسەر ئەوەی کە دامەزراندنی نوێ لە خزمەتی مەدەنی عێراق هەمیشە لەسایەی هەلومەرجی کراوە و شەفافدا بەڕێوەناچێت.

### 3.1.1 ئەزموونی فەرمانبەران لەگەڵ دامەزراندن

لە پرنسیپدا، زانیاری لەسەر پۆستی بەتاڵ پێویستە بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبکرێتەوە، بۆئەوەی زۆرترین ژمارەی کارخواز داواکاری پێشکەش بکەن، بەتایبەتی ئەوانەی کە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندییان نییە بەو دامەزراوەیەوە کە پۆستەکەی راگەیاندوە. بەپێی ئەزموونی فەرمانبەران، دامەزراوە گشتیەکان و وەزارەتەکان ژمارەیەک کەناڵ بەکاردەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر پۆستە بەتاڵەکان. کەناڵە فەرمیەکانی زانیاری بریتین لە ریکلامی گشتی و سیستەمی دامەزراندنی مەرکەزی بۆ دەرچوانی زانکۆکان. کارخوازانی تر راستەوخۆ پەیوەندیان پێوەدەکرێت لەلایەن فەرمانبەرانی وەزارەتەوە لەمیانەی پرۆسەی دامەزراندندا، یان لەڕێگەی هاوڕێ و خزمانەوە ئاگاداری پۆستە بەتاڵەکە دەبن. بەگشتی زانیاری لەسەر پۆستێکی بەتاڵی دیاریکراو، دەکرێت بڵاوبکرێتەوە لەڕێگەی کەناڵە فەرمی و نافەریەکانەوە، کە لە عێراق کەناڵە نافەرمیەکان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن.

کەمێک زیاتر لە دوو لە سێی هەموو فەرمانبەرانی عێراق ئاگاداربوون لە هەبوونی کارێکی دیاریکراو لەڕێگەی هاوڕێ یان خزمەوە (21.9% لەڕێگەی هاوڕێ و خزمەوە کە کاردەکەن لەهەمان وەزارەت و 12.3% لەڕێگەی هاوڕێ و خزمەوە کە لەشوێنی تر کاردەکەن)، لەکاتێکدا کە نزیکەی چارەکێک ئاگاداربوون لە دەرفەتی کار لەڕێگەی سیستەمی مەرکەزی دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆوە و 13.7% لەڕێگەی ریکلامی گشتیەوە (شێوەی 51).

**شێوەی 51: رێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران، بەپێی سەرچاوەی زانیاری لەسەر پۆستی بەتاڵ لەکاتی دامەزراندنیاندا، عێراق 2011**




*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

تێڕوانینێکی نزیکتر لە کەناڵە باوەکانی زانیاری بۆ دۆزینەوەی کار لە عێراق لەماوەی 30 ساڵی رابوردودا، نیشانی دەدات کە تۆڕە نافەرمییەکان گرنگی زیاتر و زیاتریان بەدەستهێناوە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر دەرفەتی کار لە کەرتی گشتی، لەکاتێکدا کە گرنگی سیستەمی دامەزراندنی مەرکەزی بۆ دەرچوانی زانکۆ دابەزیوە، ئەم ڕێچکەیە لە دوای 2003ەوە ئاشکراتر دیارە. بۆ نموونە ئەو فەرمانبەرانەی دامەزراون لە سێ ساڵی پێش رووپێوەکەدا، هاوڕێ و خزم سەرچاوەی زانیاری بوون لەسەر پۆستە بەتاڵەکە لە زیاتر 42%ی حاڵەتەکاندا (25.5% لە هاوڕێ یان خزم کە لەهەمان وەزارەت کاردەکەن و 17.2% لە هاوڕێ و خزم کە لە شوێنی تر کاردەکەن)، لەکاتێکدا کە 10.2% زانیاریان پێدراوە لەڕێگەی سیستەمی دامەزراندنی مەرکەزیەوە بۆ دەرچوان (شێوەی 52).

**شێوەی 52: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران، بەپێی سەرچاوەی زانیاری لەسەر پۆستی بەتاڵ و بەپێی ساڵی دامەزراندن، عێراق 2011**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

ڕۆڵی هاوڕێ و خزم لە بەخشینی زانیاری لەسەر دەرفەتی دامەزراندن بەتایبەتی گرنگە لە هەندێک پۆستی سەرنجڕاکێشدا لە دامەزراوەکانی کەرتی گشتی لە عێراق، کە بەگشتی بچووک لەڕووی ژمارەی فەرمانبەرانەوە بەڵام بەهادارن لەڕووی شوێنی کارکردنەوە. تۆڕە نافەرمییەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕن وەک سەرچاوەی زانیاری لەسەر دەرفەتی کار لە ئەنجومەنی وەزیران (80.2%)، بانکی ناوەندی (71.6%) و دەستەی نەزاهەت (63.8%) لە حکومەتی فیدراڵ و وەزارەتی پلاندانان (59.7%) دیوانی چاودێری دارایی (60.1%) لە هەرێمی کوردستان. جێگەی سەرنجە کە لە هەندێک حاڵەتدا، بەکارهێنانی کەناڵە نافەرمیەکان بەباشتر دەزانرێت کاتێک کاندیدی خاوەن شارەزایی تەکنیکی دیاریکراو پێویستە.

شێوەی هەڵسەنگاندنی کاندیدەکان زۆر گرنگە بۆ پرکردنەوەی مەرجەکانی بێلایەنی و شەفافیەتی پرۆسەی دامەزراندن، بەڵام ئەزموونی خزمەتی مەدەنی عێراق لەم بوارەدا تاڕادایەک هەمەڕەنگە: هەر لەو کەیسانەوە کە هەڵسەنگاندنی فەرمی تەواو ئەنجامدراوە لەسەر بنەمای تاقیکردنەوەی نووسراو و زارەکی تا ئەو کەیسانەی کە هیچ هەڵسەنگاندێکی کێبەرکێکاریان بۆ نەکراوە. زیاتر لە 25%ی هەموو فەرمانبەرانی عێراق ئاماژە دەدەن بەوەی کە بە ڕێوشوینی هەڵبژاردندا تێنەپەڕیوون (تاقیکردنەوەی نووسراو، چاوپێکەوتنی فەرمی یان هەردووکیان) لەکاتی دامەزراندنیان لەلایەن خاوەنکاری ئێستایانەوە (شێوەی 53).

**شێوەی 53: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران، بەپێی ڕێوشوێنی هەڵبژاردنیان لەکاتی دامەزراندنیاندا، عێراق 2011**



*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

کاتێک شیکردنەوە دەکەین بۆ ئاراستەکانی ڕێوشوێنەکانی دامەزراندن لە کاتە جیاوازەکاندا، روون دەبێتەوە کە دامەزراندن بەبێ ڕێوشوێنی هەڵبژاردنی جەوهەری بەئاشکرا رووی لە زیادبوون کردووە لە عێراق: ڕێژەی ئەو فەرمانبەرانەی کە پێویستی نەکردوە هەڵسەنگاندنی جەوهەریان بۆ بکرێت بۆ پۆستی یەکەمیان، زیادیکردووە لە 22.7%ەوە بۆ ئەوانەی دامەزراون پێش 1983 بۆ 34.9% بۆ ئەوانەی لە ساڵی 2009ەوە دامەزراون.

**شێوەی 54: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران، بەپێی ڕێوشوێنی هەڵبژاردن و ساڵی دامەزران، عێراق 2011**




*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

ڕۆڵی کەناڵە نافەرمیەکان لە دابینکردنی زانیاریدا لەسەر دەرفەتەکانی کار لە کەرتی گشتی – خەسڵەتێکی پرۆسەی دامەزراندن کە لەوانەیە خۆی لەخۆیدا جێگەی گرفت نەبێت – هەروەها بەکارهێنانی میتۆدە نافەرمیەکان بۆ هەڵسەنگاندنی کاندیدەکان، دەبێتە هۆی دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەر کە هاوکاری کراون لەلایەن هاوڕێ و خزمانەوە، یان لەلایەن تۆڕی ترەوە لە عێراق. وەک شێوەی 55 نیشانی دەدات، لەکاتی دامەزراندن زیاتر لە 20.6%ی هەموو فەرمانبەرانی عێراق (بەدەر لە درێژی ساڵانی خزمەتیان) جۆرێک لە یارمەتیان وەرگرتوە لە لایەنە دەرەکییەکانەوە، بەتایبەتی لەلایەن هاوڕێ و ئەندامانی خێزانەوە، بەڵام هاوکات لە ئەندامانی حیزبە سیاسیەکانی خۆیان یان لایەنێکی تری سێیەم

**شێوەی 55: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەرانی تازەدامەزراو، بەپێی ئەوانەی ڕێخۆشکەربوون بۆ دامەزراندنیان، عێراق 2011**



*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

وەک لە دۆخی کەناڵە نافەرمیەکان و ڕێوشوێنی هەڵبژاردندا، گۆڕانکاری روون هەیە بەپێی کات و سەردەمەکان لە ڕێژەی ئەو دامەزراندنانەی کە هاوکاری نەشیاوی کارخواز دراوە. لەکاتێکدا کە 12%ی هەموو فەرمانبەران کە پێش 1984 دامەزراون یامەرتیان وەرگرتوە لەکاتی دامەزراندندا، بەڵام ڕێژەکە بەرزبۆتەوە بۆ 28%ی ئەوانەی لە ساڵی 2009ەوە دامەزراون. بەتایبەتی لەناو ئەوانەدا کە دامەزراون لەماوەی سێ ساڵی پێش رووپێوەکەدا، 11.6% ئاماژەدەدەن بەوەی کە یارمەتیان وەرگرتوە لە هاورێ و دۆستان، 6.4% لە ئەندامانی خێزان و 6.6% لە لایەنی تر. هاوکات داتاکان ئاماژە دەکەن بۆ زیادبوونەی گرنگی یارمەتیدان لەلایەن فەرمانبەرانی سەر بە حیزبی سیاسی کەسی کارخواز لەکاتی دامەزراندندا، کە ڕێژەکەی دەگاتە 3.4%ی ئەو فەرمانبەرانەی لە ساڵی 2009ەوە دامەزراون، لەکاتێکدا کە ئەم ڕێژەیە تەنها 0.6% بووە لە ساڵی 1984 (شێوەی 56).

**شێوەی 56: ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران، بەپێی ئەو کەسانەی ڕێکخۆشکردوە بۆ دامەزراندن و بەپێی ساڵی دامەزران، عێراق 2011**




*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

پەیوەندی نێوان ڕێوشوێنی هەڵبژاردن و یارمەتیدان لەلایەن لایەنی سێیەمەوە لەکاتی دامەزراندن، ئاشکرا دیارە لە شێوەی 57دا، کە نیشانی دەدات ڕێژەی ئەوانەی هەڵبژێردراون بەبێ ڕێوشوێنی هەڵبژاردنی جەوهەری، جیاوازی گەورەی تێدایە بەپێی جۆری هاوکاری پێشکەشکراو لەکاتی دامەزراندن. لەناو ئەو فەرمانبەرانەی عێراق کە یارمەتی لایەنی سێیەمیان وەرنەگرتوە، 22.6% پشتڕاستیان کردوە کە پێویستی نەکردوە بە ڕێوشوێنی هەڵبژاردنی جەوهەریدا تێپەڕببن. لەهەمان کاتدا، لەناو ئەوانەدا کە دداینان ناوە بەوەی یارمەتیان وەرگرتوە لە ئەندامانی خێزان، ڕێژەیەکی زۆر گەورەتر (39%) دامەزراون بەبێ تێپەڕبوون بە ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردنی جەوهەریدا، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە یارمەتی لەم جۆرە تواناداری کردوون بۆ خۆدزینەوە لە هەڵسەنگاندنی تەواو بۆ شایستەییان بۆ کارەکە. هاوکات، لەناو ئەوانەدا، کە یارمەتیان لە ئەندامانی حیزبە سیاسیەکانیان وەرگرتوە، 60% دامەزراون بەبێ تێپەڕبوون بە ڕێوشوینەکانی هەڵبژاردنی جەوهەریدا.

**شێوەی 57: ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ تێپەڕبوون بە ڕێوشوێنی هەڵبژاردندا، بەپێی ئەوانەی ڕێخۆشکەربوون بۆ دامەزران، عێراق 2011**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

**شێوەی 58: ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە یارمەتیان وەرگرتوە و یارمەتیان وەرنەگرتوە لەکاتی دامەزراندن، بەپێی ڕێوشوێنەکانی دامەزراندن، عێراق 2011**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

شیکردنەوەی زیاتری داتاکان لەسەر ڕێوشوێنەکانی دامەزراندن ئاماژە دەکات بۆ جیاوازی گەورە بەپێی پارێزگاکان و هەرێم. زیاتر لە نیوەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان (53.7%) مەرج نەبووە بە ڕێوشوێنی هەڵبژاردنی جەوهەریدا تێپەڕببن، لەکاتێکدا لە حکومەتی فیدراڵ ئەم ڕێژەیە دەگاتە (19.1%) فەرمانبەران. جیاوازی گەورە هەیە لە ڕێوشوێنەکانی دامەزراندندا لەنێوان وەزارەتە تەکنیکیە هاوشێوەکانی هەرێمە جیاوازەکان: کەمێک زیاتر لە یەک لە سێ (37.4%)ی فەرمانبەرانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی ڕێوشوێنی هەڵبژاردنی جەوهەری دامەزراون، بەڵام لە حکومەتی فیدراڵ بۆ هەمان وەزارەت ڕێژەکە (65.6%)ە.

ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردنی جەوهەری ڕێگەن بۆ زامنکردنی دامەزراندنی کاندیدی گونجاو بۆ پڕکردنەوەی پۆستە بەتاڵەکان لە خزمەتی گشتیدا، بەڵام هاوکات زامنن لەدژی خراپ بەکارهێنان و دانانی کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی دامەزراندن لەلایەن خێزان، ئەندامانی حیزب و لایەنی سێیەمی ترەوە. لەبەرئەوە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە ئەو پارێزگایانەی

ڕێژەیەکی زۆر فەرمانبەریان دامەزراندوە بەپێی ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردنی جەوهەری، هاوکات لەژێر فشار و کاریگەری زۆردا بوون لەکاتی پرۆسەی دامەزراندن. لەکاتێکدا کە 13.7%ی هەموو فەرمانبەرانەی عێراق دەدان دەنێن بەوەدا کە پارەیتیان لە خێزان و هاورێ وەرگرتوە لەکاتی دامەزراندن، ڕێژەکە نزیکەی 15.2% بوو لە بەغداد و 24.4% بوو لە هەرێمی کوردستان. بەتایبەتی هەولێر (27.1%)، سلێمانی (23.4%) و دهۆک (18.6%) لە هەرێمی کوردستان، هەروەها ئەنبار (22.4%) و بەغداد (15.4%) کە ڕێژەکەیان لەسەرووی-تێکڕاوەیە بۆ دامەزرادندنی هاوکاریکراو لەلایەن هاورێ و خێزانەوە. هاوکات هاوکاری لەکاتی دامەزراندن لەلایەن حیزبە سیاسیەکانەوە زیاتر ئاشکرایە لە سێ پارێزگاکەی هەرێم، کە ڕێژەی تێکڕایی دەگاتە 8.1%ی هەموو فەرمانبەران کە ددان دەنێن بە وەرگرتنی پارمەتی لەم جۆرە (شێوەی 59).

**شێوەی 59: ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران، بەپێی ئەوانەی ڕێخۆشکەربوون بۆ دامەزران و بەپێی ناوچەکان، عێراق 2011**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

ڕێژەی فەرمانبەران کە ددان دەنێن بە وەرگرتنی یارمەتی لە خزم و هاورێ لەکاتی دامەزران، زۆر زیاترە لە تێکڕای هەرێمی لە هەندێک وەزارەت و دامەزراوەدا، وەک بانکی ناوەندی (38.6%)، ئەنجومەنی وەزیران (38.4%)، کۆمسیۆنی وەبەرهێنان (32.5%)، کۆمسیۆنی نەزاهەت (28.6%) و ئەمانەی گشتی بەغداد (22.5%) لە حکومەتی فیدراڵ و لە دیوانی چاودێری دارایی (40.3%) و وەزارەتی کارەبا (35.8%)، وەزارەتی دارایی و ئابوری (34.8%)، مافی مرۆڤ (33.3%) و پلاندانان (33.1%) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

یان وەک بەدیل یان سەرەڕای وەرگرتنی هاوکاری لەلایەن خێزان، کۆمەڵ یان حیزبی سیاسی، هەندێک فەرمانبەر ددان دەنێن بەوەدا کە پارە یان دیاری بەنرخیان داوە بۆ زامنکردنی کار لە کەرتی گشتی. لە کۆدا، 2.7%ی هەموو فەرمانبەران دەڵێن کە پارەیان یان دیاری یان چاکەی تریان داوە بۆ ڕێخۆشکردن بۆ دامەزران، لەبەرئەوە دیارە کە بەرتیل ڕۆڵێکی بچووک دەگێڕێت لە دامەزراندندا، بە بەراورد لەگەڵ ڕۆڵی بەرچاوی زامنکردنی کاری کەرتی گشتی لەڕێگەی خێزان و ئەندامانی حیزبە سیاسیەکانی کارخوازانەوە.

هاوکات سێکسی کارخواز وەک فاکتەرێکی گرنگ سەیرناکرێت لە بڕیاردان لەسەر دامەزران. لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئایا لەبەرئەوەی پیاون بڕیاری دامەزراندنیان جیاواز بووە، 13.2%ی فەرمانبەری پیاو دەڵێن کە هەست بە کەمێک سوودمەندبوون دەکەن و 3.8% هەست دەکەن زەرەرمەند بوون. بەپێچەوانەوە 8.8%ی فەرمانبەری ئافرەت دەڵێن کە تاڕادەیەک ئافرەتبوونیان سوودی هەبووە و 3.4% دەڵێن کەمکێک

زیانی هەبووە. هەموو وەڵامدەرەوەکانی تر هەست دەکەن کە سێکس هیچ ڕۆڵێکی نییە لە دامەزراندا.

## 3.1.2 تێڕوانینەکان لە دامەزراندن

کاتێك لە ئەزموونەوە سەرنج دەگوێزینەوە بۆ تێڕوانینی تاکەکەسی، فەرمانبەرانی عێراق بۆچوونی خۆیان دەردەبڕن لەسەر چەندین فاکتەری گرنگ کە کاریگەری هەیە لەسەر دامەزراندن لە وەزارەت یان دامەزراوەکانی خۆیان. ئاستی خوێندن و کارامەیی و ئەزموونی کەسەکان زۆرترین ئاماژەیان پێدراوە بەڕێژەی (27.6% و 20% یەک لەدوای یەک) لە کۆی هەموو فەرمانبەران. بەڵام لایەنگری حیزبی ئاماژەی پێدراوە لەلایەن 20.3%ی هەموو فەرمانبەرانەوە، هەروەها تۆڕەکانی خێزان و هاوڕێیان وەک فاکتەری سەرەکیی ئاماژەی پێدراوە لەلایەن 16.3%ەوە.

ئەم تێڕوانینانە لەسەر بنەمای داتا پشتراستی دەکەنەوە کە خێزان و هاوڕێ و حیزبی سیاسی گرنگن (وەک لە بەشی سەرەوەدا ڕوونکراوەتەوە) لە پرۆسەی دامەزراندنی کەرتی گشتی. بەشێوەیەکی دیاریکراوتر، تۆڕەکانی خێزان و هاوڕییەتی وەک گرنگترین فاکتەر ئاماژەی پێدراوە لەلایەن 19.1%ی فەرمانبەرانەوە لە بەغداد، بەرامبەر 17.7% لە هەرێمی کوردستان و 14.5% لە پارێزگاکانی تر. لایەنگری حیزبی سیاسی وەک فاکتەرێکی سەرەکیی ئاماژەی پێدراوە لەلایەن 26.9%ی فەرمانبەرانەوە لە هەرێمی کوردستان (ڕێژەیەکی یەکسان لەگەڵ ئاستی خوێندن)، بەرامبەر 14.6% لە بەغداد و 20.9% لە پارێزگاکانی تر (شێوەی 60). هاوکات 5.9%ی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان پروایان وایە کە وابەستەیی تایەفی فاکتەرێکی زۆر گرنگە (بەرامبەر 1.8% لە بەغداد و 3.8% لە پارێزگاکانی تر)، لەکاتێکدا کە پارەدان وەک فاکتەرێکی سەرەکیی هەژمارکراوە لە دامەزراندندا لەلایەن 0.8% لە هەرێمی کوردستان (بەرامبەر 5% لە بەغداد و 6.1% لە پارێزگاکانی تر). فاکتەری تری وەک سێکس، ئەتنیک و ئایین بە کەمتر گرنگ هەژماردەکرێن لە دامەزراندندا لەلایەن زۆربەی بەشدارانەوە.

**شێوەی 60: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی ئەو فەرمانبەرانەی کە ئاماژەیان بەمانەی خوارەوە داوە وەک گرنگترین فاکتەر بۆ دامەزراندن لە وەزارەت یان دامەزراوەکەیان، بەپێی ناوچەکان، عێراق (2011)**



*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

لەکاتێکدا کە ڕێژەیەکی بەرچاوی فەرمانبەران پروایان وایە کە لایەنگری حیزبە سیاسیەکان و تۆڕەکانی خێزان و هاوڕێیەتی لە گرنگترین فاکتەرە سەرەکییەکانن بۆ دامەزراندن لە وەزارەتەکانیان، بەڵام جیاوازی گەورە هەیە لەنێوان وەزارەتەکاندا. ئەو وەزارەتانەی کە تۆڕەکانی خێزان و هاوڕێیەتی زۆتر ئاماژەیان پێدراوە وەک گرنگترین فاکتەر، بریتین لە وەزارەتی ژینگە (40.7%)، وەزارەتی پلاندانان (39.3%)، وەزارەتی دارایی (33%) و وەزارەتی وەرزش و لاوان (30.2%) لە حکومەتی فیدراڵ و ئەنجومەنی باڵای دادوەری (26.4%) و ئەنجومەنی وەزیران (25.4%) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە بەراوردا، لایەنگری حیزبە سیاسیەکان ئاماژەی پێدراوە وەک گرنگترین فاکتەر لە دامەزراندندا لەلایەن فەرمانبەرانی وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو (44.1%)، ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن (35.5%) و شەهیدان و کاروباری ئەنفال (34.7%) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها وەزارەتەکانی بازرگانی (32.6%)، کارەبا (30.2%) و کشتوکاڵ (29.9%) لە حکومەتی فیدراڵ.

## 3.1.3 رازیبوون لە سیاسەتەکانی دامەزراندن

داتاکان لەسەر ئەزموون و تێڕوانینی تاکەکەسی نیشانی دەدەن کە هەندێک فاکتەری وەک پەیوەندی خێزان/کۆمەڵایەتی و لایەنگری حیزبی، کاریگەری نەخوازراویان هەیە لەسەر دامەزراندن و بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەران. پێویستە ئەم دەرئەنجامانە شیکردنەوەیان بۆ بکرێت لەکاتێکدا کە ڕەچاوی ئەو ڕۆڵە بکەین کە نەریتە کۆمەڵایەتیەکان دەیگێڕن لە کۆمەڵگەی عێراقیدا، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەربەست دروست دەکەن بۆ سەربەخۆیی و پیشەییبوون کە مەرجە هەبن لە فەرمانبەرانی دامەزراوە گشتیەکاندا. هاوکات، کاتێک فەرمانبەران رازی نین لە سیاسەتی دامەزراندن لە وەزارەتەکەی خۆیان، ئەگەری هەیە ئەمە کاریگەری نێگەتیڤی هەبێت لەسەر پەرۆشی، دڵسۆزی و خۆتەرخانکردنیان بۆ پابەندبوون بە پرنسیپە گشتیەکانی نەزاهەتەوە لە کارەکانی خۆیاندا.

داتاکان بەڕوونی نیشانی دەدەن کە زۆرینەیەکی گەورەی فەرمانبەرانی عێراق (60.4%) رازی نین لە سیاسەتی دامەزراندن لە وەزارەتەکانی خۆیان. هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆ نییە لەنێوان پیاوان و ئافرەتان لەم رووەوە، بەڵام فەرمانبەرانی خاوەن بڕوانامەی بەرزتر کەمتر رازین لە سیاسەتەکانی دامەزراندن لە وەزارەتەکانی خۆیان بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی بڕوانامەکانیان نزمترە. بەڕێوەبەران (63.3%) و فەرمانبەرانی پیشەیی (64.6%) زیاتر ناڕازین وەک لە تێبینەران (60.0%) و کارگوزاران (50.1%). لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمتر دڵخۆشن بە شێوازەکانی دامەزراندن (64.2%) زیاتر وەک لە بەغداد (52.2%) و پارێزگاکانی تر (63.1%). پێنج پارێزگای خاوەن بەرزترین ڕێژەی ناڕازیبوون بریتین لە قادسیە (75.4%)، ئەنبار (72.2%)، نەجەف (69.7%)، بەسرە (68.9%) و بابل (68.5%).

ئەو وەزارەتانەی کە زۆترین ڕێژەی فەرمانبەری ناڕازیان هەیە لە سیاسەتی دامەزراندن لە وەزارەتەکانی خۆیان بریتین لە وەزارەتەکانی دارایی (78.6%)، گواستنەوە (76.7%) و بازرگانی (72.4%) لە حکومەتی فیدراڵ، و وەزارەتەکانی شەهیدان و ئەنفال (81.5%)، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو (73.2%) و ژینگە (71.4%) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## 3.2. گواستنەوە و پلەبەرزکردنەوە

### 3.2.1.گواستنەوەی فەرمانبەران

نەبوونی گواستنەوەی گونجاوی فەرمانبەران فاکتەرێکی مەترسیە بۆ کار و رەفتاری ناپیشەیی، گواستنەوەی فەرمانبەران لە عێراق زۆر سنووردارە. شێوازی باوی پێشکەوتنی پیشەیی بریتیە لە دامەزراندن و جێگیربوون راستەوخۆ پاش دەرچوون لە زانکۆ یان پاش بەدەستهێنانی ئاستێکی دیاریکراو لە خوێندن. لەسەرانسەری عێراق دوو لە سێی فەرمانبەران (66.8%) هیچ ئەزموونێکی کاری پێشتریان نەبووە پێش ئەوەی لە خزمەتی مەدەنی دابمەزرێن، 14.9% پێشتر خاوەنکاری تایبەت بوون، لەکاتێکدا کە کەمتر یەک لە دە ئەزموونی کارکردنی پێشتریان هەبووە لە وەزارەتێکی تر (9%) یان لە کەرتی تایبەت (7.7%). لە حکومەتی هەرێمی کوردستان رێژەیەکی کەمتر لە حکومەتی فیدراڵ (50.5%)ی فەرمانبەران هیچ ئەزموونێکی کارکردنی پێشتریان نەبووە، ئەمەش لەوانەیە بەهۆی تازە دامەزرانی هەندێک لە وەزارەتەکان بە بەراورد بە حکومەتی فیدراڵ (شێوەی 61). سەرەڕای ئەم جیاوازیە هەرێمیە، جیاوازی بەرچاو هەیە لە ئەزموونی پێشتری فەرمانبەران لەنێوان وەزارەت و دامەزراوەکاندا، لە بانکی ناوەندی 85.4%ی فەرمانبەران هیچ ئەزموونی کارکردنی پێشتریان نییە، هەمان شت راستە بۆ 23.3%ی فەرمانبەرانی کۆمسیۆنی نەزاهەت لە حکومەتی فیدراڵ و 23.5% لە دیوانی چاودێری دارایی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان (هەردووکیان دوو دامەزراوەی تازە دامەزراون و ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەری بێئەزموونیان دامەزراندوە).

**شێوەی 61: رێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران، بەپێی ئەزموونی کارکردنی پێشتر و بەپێی ناوچەکان، عێراق (2011)**




*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

### 3.2.2.ئەزموون لەگەڵ سیاسەتەکانی پلەبەرزکردنەوە

بە لەبەرچاوگرتنی کەمی گواستنەوە لەناو فەرمانبەرانی مەدەنی عێراقدا – کە پێشکەوتنی پیشەیی لەهەمان وەزارەت دەبێت کە فەرمانبەر لێی دامەزراوە – پلەبەرزکردنەوە بوارێکی زۆر گرنگە لە ژیانی پیشەیی فەرمانبەردا. بەگشتی، زیاتر لە سێ چارەکی (77.6%) هەموو فەرمانبەران لە عێراق پلەی ئێستایان لەرێگەی بەرزکردنەوە وەرگرتوە، لەکاتێکدا کە 15.3% هێشتا لە هەمان ئەو پلەیەدان کە پێی دامەزراون و 3.3% پلەی ئێستایان بەدەستهێناوە لەرێگەی گۆڕینی کارەوە لەناو دامەزراوەکەدا. لەکاتێکدا کە فەرمانبەرانی پلەکانی خوارەوە (7 تا 10) بەگشتی تازە دامەزراون، پلە بەرزەکان بەگشتی لەرێگەی پلەبەرزکردنەوە بەدەستهاتوون. هەتا پلەکە بەرزتر بێت، زیاتر داخراو دەبێت بەرووی کەسانی دەرەکیدا: کەمتر لە 2% بۆ فەرمانبەرانی پلە 4 و 5، و کەمتر لە 1% بۆ پلەکانی 1 تا 3، کە بەرزترین سێ پلەن، تەنها ئەم رێژانە بۆ کەسانی دەرەکیی بوون – ئەمە هاوشێوەیە لە هەموو ناوچەکانی عێراق.

زۆربەی فەرمانبەرانی عێراق لە پلەی ئێستایاندا کاردەکەن بۆ ماوەی یەک تا پێنج ساڵ پێش ئەوەی بەرزبکرێنەوە بۆ پلەیەکی بەرزتر (پروانە شێوەی 62). لەتێکڕادا، فەرمانبەران بۆ ماوەی 3.5 ساڵ لە پلەیەکدا دەمێننەوە و بەڕێوەبەران و فەرمانبەرانی باڵا بۆ ماوەی (4.3 ساڵ)، کارگوزاران (4.2 ساڵ) لە پلەکەی ئێستایاندا دەمێننەوە کە زیاترە لە ماوەی مانەوەی فەرمانبەرانی پیشەیی/زانستکار (3.1 ساڵ) یان تێبینەر و هاوکاری پیشەیی (3.4 ساڵ).

**شێوەی 62: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی ماوەی مانەوە لە پلەی ئێستادا، بەپێی پۆلی پیشەیی فەرمانبەران، عێراق (2011)**




*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

## 3.2.3.تێڕوانین لەسەر سیاسەتەکانی پلەبەرزکردنەوە

بەلەبەرچاوگرتنی گرنگی زۆری پلەبەرزکردنەوە لە ژیانی پیشەیی فەرمانبەرانی عێراقدا، گرنگە کە سیستەمی پلەبەرزکردنەوە بە دادپەروەر و رەوا سەیربکرێت لەلایەن هەموو فەرمانبەرانەوە و سەیری بکەن وەک سیستەمێکی کە لەسەر بنەمای ناوەڕۆک کاردەکات نەک لایەنگیری و مامەڵەی تایبەت. 32.3%ی فەرمانبەرانی گشتی پێیانوایە کە گرنگترین فاکتەر بۆ پلەبەرزکردنەوە بریتیە لە کارامەیی و ئەزموونی تاکەکەسی و 32.3% پێیانوایە کە ئاستی خوێندن بە گرنگترین فاکتەر دەزانن. بەڵام هەروەک لە تێروانین بۆ دامەزراندن، ژمارەیەکی بەرچاوی فەرمانبەران (13.3%) پروایان وایە کە لایەنگری حیزبی یان تۆرەکانی خێزان و هاوڕێیەتی (11.7%) گرنگترین فاکتەرن بۆ پلەبەرزکردنەوە. لەسەر ئاستی هەرێمی، تۆرەکانی خێزان و هاوڕێیەتی زۆر ئاماژەی پێدراوە لە بەغداد (15%) زیاتر وەک لە کوردستان (11.6%) و پارێزگاکانی تر (10.1%)، لەکاتێکدا لایەنگری حیزبی زیاتر ئاماژەی پێدراوە لە هەرێمی کوردستان (21.4%) وەک لە بەغداد (8.9%) و پارێزگاکانی تر (12.9%).

ئەو وەزارەتانەی کە ئاماژەدراوە بە تۆرەکانی خێزان و هاوڕێیەتی وەک گرنگترین فاکتەر بۆ پلەبەرزکردنەوە بریتین لە وەزارەتەکانی وەرزش و لاوان (28.8%)، پلاندانان (28.1%) و وەزارەتی ژینگە (25.6%) لە حکومەتی فیدراڵ و وەزارەتەکانی شەهیدان و ئەنفال (16.1%) و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو (15.2%) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. جێگەی سەرنجە کە لایەنگری حیزبی زیاتر ئاماژەی پێدراوە لەلایەن فەرمانبەرانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال (34.8%) و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان (37.9%) و وەزارەتەکانی بازرگانی (25.4%)، کشتوکاڵ (21.5%) و ئەنجومەنی وەزیران (19.8%) لە حکومەتی فیدراڵ.

## 3.2.4.رازیبوون لە سیاسەتەکانی پلەبەرزکردنەوە

کەمتر لە نیوە (49%)ی هەموو فەرمانبەرانی عێراق رازین لە پەیکەری پلەبەرزکردنەوە و سەرمووچە لە وەزارەتەکانی خۆیان، لەکاتێکدا نیوەکەی تر (51%) رازی نین. هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێوان رازیبوونی فەرمانبەرانی نێر و مێ یان لەنێوان گروپەکانی تەمەن نییە، بەڵام ئاستی رازیبوون دادەبەزێت لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی خوێندنا. لەبەرئەوەی پروانامە بەرزەکان پەیوەست بە پۆلە پیشەییەکانەوە و هاوکات بە پلە بەرزەکانی فەرمانبەرانەوە، ئاستی رازیبوون لە پەیکەری پلەبەرزکردنەوە و سەرمووچە زیاتر لەناو کارگوزار و پلە نزمەکاندا زیاترە وەک لە فەرمانبەرانی پیشەیی و زانستکاران و پلە بەرزەکان (شێوەی 63).

**شێوەی 63: رێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران کە رازین لە جێبەجێکردنی پەیکەری پلەبەرزکردنەوە و سەرمووچە لە وەزارەتەکانی خۆیان، بەپێی ئاستی خوێندن، عێراق (2011)**




*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

دەتوانین جیاکاری زیاتر بکەین لەنێوان ناوچەکاندا. لە بەغداد، رازیبوون لە پلەبەرزکردنەوە و سەرموچە زۆر زیاترە (56%) وەک لە پارێزگاکانی تر (48%) و هەرێمی کوردستان (43%)، بەڵام رازیبوون زیاتر دەگۆرێت بەپێی وەزارەتەکان. بۆ نموونە لە حکومەتی فیدراڵ، 90%ی فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوە و کەمتر لە 30% فەرمانبەرانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەڵێن کە رازین لە پەیکەری پلەبەرزکردنەوە و سەرموچە. لە حکومەتی هەرێمی کوردستان 65%ی فەرمانبەرانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، بەڵام کەمتر لە 31%ی فەرمانبەرانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال رازین.

## 3.3. چاودێری و کۆنترۆڵ

وەک لە پێشەکی ئەم چاپتەردا ئاماژەی پێدرا، ستاندار، رێسا و رێکارەکان گرنگن بۆ پاراستنی نەزاهەتی تاکەکەسی و رێکخراوەیی لە دامەزراوەکانی کەرتی گشتیدا. بۆ پشتڕاستکردنەوەی پابەندبوون بە رێکارەکان، ئاشکراکردنی کارە نایاساییەکان و لاوازییەکانی سیستەمەکە و دانانی رێوشوێنی راستکردنەوە، پێویستە سیستەمی چاودێری و کۆنترۆڵی کارا هەبێت. لەوەش زیاتر، سیستەمی ناوخۆیی یان دەرەکیی، دەتوانن زانیاری بەهادار پێشکەش بکەن لەسەر هەڵسەنگاندنی ئەدای کارمەندان، راگرتنی تۆماری خەرجیەکان و زیاتر شەفافکردنی رێکارە ناوخۆییەکان.

زیاتر لە دوو لە سێی هەموو فەرمانبەرانی عێراق دەڵێن کە بەشەکانیان لە 12 مانگی رابوردودا لانیکەم یەک جار چاودێریکراوە لەلایەن نوێنەری حکومی ناوخۆیی یان دەرەکییەوە، هەندێک زیاتر لە یەک جار چاودێری کراون. لەوانەی کە چاودێری کراون، 76% ئاماژە دەدەن بە یەکەیەکی لەناو وەزارەتەکانیان بۆ ئەنجامدانی چاودێی، 40% ئاماژە دەدەن بە نووسینگەی پشکنەری گشتی و 23% ئاماژە دەدەن بە یەکەیەکی دەرەوەی وەزارەت. سەبارەت بە چالاکییەکانی کۆنترۆڵی دەرەکیی، 42%ی فەرمانبەران

دەڵێن کە سیستەمی چاودێری کواڵیتی خزمەتگوزارییەکانیان هەیە، وەک هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی، چاودێری دارایی سەربەخۆ یان گێڕانەوەی سەرنج لەلایەن بەکاربەرانی خزمەتگوزارییەوە. جیاوازی گەورە هەیە لە جێبەجێکردنی سیستەمەکانی چاودێری بەپێی ناوچەکان و وەزارەتەکان: بەگشتی سیستەمەکانی چاودێری کەمتر دامەزراون لە هەرێمی کوردستان.

لەهەندێک وەزارەت تەنها کەمینەیەکی فەرمانبەران دەڵێن کە سیستەمی چاودێری هەیە. بۆ نموونە لە وەزارەتی گواستنەوە (23.6%)، بانکی ناوەندی (27.5%) و وەزارەتی زانست و تەکنەلۆجیا (28.9%) لە حکومەتی فیدراڵ و ئەنجومەنی باڵای دادوەری (21.4%)، وەزارەتی ژینگە (22.5%) و وەزارەتی مافی مرۆڤ (23.5%) لە هەرێمی کوردستان.

بەڵام جێبەجێکردنی سیستەمی لەم جۆرە تەنها فاکتەری گرنگ نییە. پرسیاری سەرەکیی ئەوەیە کە تا چەند ئەم سیستەمانە کاران پاش ئەوەی دادەنرێن و ئایا بەشداری دەکەن لە نەزاهەتی دامەزراوەکەدا. لەکاتێکدا کە زۆرێک لە فەرمانبەران هیچ بۆچوونێکیان نییە لەسەر کارایی سیستەمەکانی چاودێری کە دانراون لە شوێنی کار، نزیکەی 11% دەڵێن کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا چاودێری کەوتۆتە ژێر کاریگەری پەیوەندییە تایبەت، خێزانی و کۆمەڵایەتیەکان و 74% دەڵێن کە چاودێری لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کەوتۆتە ژێر کاریگەری بەرتیلدان (شێوەی 64).

### شێوەی 64: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی تێڕوانینی فەرمانبەران لەسەر ڕێوشوێنەکانی چاودێری، لێکۆڵینەوە و پشکنینی ناوخۆیی کە کەوتونەتە ژێر کاریگەرییەوە، عێراق (2011)




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

چاودێری و سەرپەرشتیکردن پێویستە لەسەر ئاستی دامەزراوەیدا کاربکات بۆ ڕێخۆشکردن بۆ نەزاهەت، نەریت و ڕەفتارەکانی کار. هاوکات، لەسەر ئاستی تاکەکەسی، کارامەییەکانی سەرپەرشتی، ڕابەرایەتی و بەڕێوەبردنی تیم، فاکتەری گرنگن بۆ دروستکردنی ژینگەی تواناداركردنی کار. لەتێکڕادا، 85%ی فەرمانبەران ڕازین لە سەرپەرشتیاری ڕاستەوخۆی خۆیان، ڕێژەیەکی گەورەی فەرمانبەران (73%) کۆبوونەوەی ئاسایی فەرمانبەران دەکەن لەگەڵ سەرپەرشتیار و هاوکاران، دوو لە سێ ڕێککەوتن لەسەر پلانی کاری نووسراو لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەیان و 62% هەڵسەنگاندنی ڕێکخراو بۆ ئەدایان دەکرێت.

پێشمەرجێکی تر بۆ ژینگەیەکی دادپەوەرانەی کارکردن بریتیە لە تۆماری شەفافی کاتژمێرەکانی کارکردن، کە بە بەربڵاوی پەیڕەو دەکرێت لەلایەن دامەزراوە گشتیەکانەوە: تەنها 6%ی فەرمانبەرانی عێراق کاتی فەرمی کارکردن و چوونەسەرکاریان نییە لە ئۆفیس. بەڵام، جیاوازی لەنێوان ناوچەکاندا هەیە، ڕێژەیەکی گەورەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان (14%) لە ئۆفیس کاردەکەن بەبێ سیستەمی تۆمارکردنی کات، کە زۆر زیاترە لە ڕێژەی بەغداد (3%) و پارێزگاکانی تر (5%).

لەکاتێکدا کە زۆرینەیەکی گەورەی فەرمانبەران چاودێری کات و ئامادەبوونی خۆیان دەکەن بەشێوەیەکی نووسراو (70.4%)، نزیکەی چارەکێک (23.3%) سیستەمی ئۆتۆماتیکی ئەلەکترۆنی بەکاردەهێنن. هەندێک وەزارەتی حکومەتی فیدراڵ سیستەمی لەم جۆرە بەکاردەهێنن بۆ هەموو فەرمانبەرەکانیان، لەکاتێکدا کە هەندێک وەزارەتی تر تەنها بۆ بەشێک لە فەرمانبەران بەکاریاندەهێنن. بۆ نموونە، وەزارەتی کاروباری دەرەوە (96%) و ئەنجومەنی وەزیران (93%)ی فەرمانبەران سیستەمی ئۆتۆماتیکی بەکاردەهێنن بۆ تۆمارکردنی کاتی هاتن و ڕۆیشتن. لە وەزارەتی داد 41%ی فەرمانبەران تۆماری دەستنووس بەکاردەهێنن و 2%ی هیچ سیستەمێکیان نییە. لە وەزارەتی گواستنەوە، 8%ی فەرمانبەران ئامادەبوونیان بەهیچ شێوەیەک تۆمارناکەن، لەکاتێکدا کە نزیکەی 51% پشت دەبەستن بە فەرمانبەرێک بۆ تۆمارکردنی کاتی هاتن و ڕۆیشتن.

## 3.4. ڕێوشوێنەکانی شەفافیەت

ژمارەیەک ڕێوشوێنی شەفافیەتی وەک بەڵگەنامەی نووسراو، هەڵگرتنی باجی فەرمی، هەبوونی نووسینگەی تایبەتی پێشوازی یان هەڵواسینی کاتژمێرەکانی کارکردن، نیشاندەری گرنگن لەسەر کرانەوەی نووسینگەکانی خزمەتی مەدەنی بەڕووی هاوڵاتیاندا. لەبەرئەوە جێبەجێکردنی کرداری ئەم ڕێوشوێنانە دەتوانێت نیشاندەر دابین بکات لەسەر کرانەوە و شەفافیەتی خزمەتگوزاریەکان لە دامەزراوە گشتیە جیاوازەکاندا. بەگشتی، ئەم ڕێوشوێنانەی شەفافیەت، جگە لە بەڕوونی هەڵواسینی کاتژمێرەکانی کارکردن، زۆر زیاتر بەربڵاون لە دامەزراوەکانی حکومەتی فیدراڵ بە بەراورد بە حکومەتی هەرێمی کوردستان (شێوەی 65). لەکاتێکدا کە زۆرینەی فەرمانبەرانی عێراق دەڵێن کە کاتژمێرەکانی کرانەوەی دامەزراوەکان ڕاگەندراون (89%) لە نووسینگەکانی خۆیان، 40% دەڵێن کە کارمەندان باجی فەرمی هەڵناواسن کاتێک مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتیان دەکەن. بوارەکانی تر کە پێویستیان بە بەرەوپێشبردن هەیە، پێویستە ئاماژە بدرێت بە ڕاگەیاندنی ڕێسا و ڕێکارەکان بۆ بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاری، هەروەها زانیاری لەسەر مافەکانیان. زیاتر لە 83%ی فەرمانبەران دەڵێن کە بەڵگەنامەی نووسراو (پۆستەر و برۆشۆر) لەسەر ئەو ڕێسا و ڕێکارانەی کە پێویستە بەکاربەری خزمەتگوزاری پێوەیان پابەند بێت بەگشتی لە وەزارەتەکان دابین ناکرێت، لەکاتێکدا کە 48% دەڵێن کە بەڵگەنامەی نووسراو لەسەر مافەکانی هاوڵاتیان بەگشتی دابین ناکرێت. هاوشێوەی ڕێوشوێنەکانی تری شەفافیەت، هەندێک وەزارەت و دامەزراوە ئەدایان باشترە لەوانی تر.

**شێوەی 65: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران کە پرواایان وایە ڕێوشوینەکانی شەفافیەت بەربڵاوە لەناو وەزارەت/دامەزراوەکانیان، بەپێی ناوچەکان، عێراق (2011)**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

یەک تێبینی پۆزەتیف، فەرمانبەران دەڵێن کە ڕێگە هەیە بۆ هاوڵاتیان بۆ گەیاندنی ناڕەزاییەکانییان لەسەر خزمەتگوزاریە گشتیەکان: نزیکەی 60%ی فەرمانبەرانی عێراق دەڵێن کە کەناڵی فەرمی هەیە لە شوێنی کارکردنیان بۆ تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن هاوڵاتیانەوە و کاتێک سکاڵا تۆماردەکرێت، بەگشتی لێکۆڵینەوەیان لێدەکرێت و بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت.

## 3.5. هۆشیاری فەرمانبەران لەسەر شەفافیەت

لە وەڵامی پرسیار لەسەر بۆچوونیان دەربارەی هەندێک ڕەفتاری ناشایستە، ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەران ڕەفتاری ناشایستە بە قبوڵنەکراو دەزانن (شێوەی 66). نزیکەی 90% دەڵێن کە جێگەی قبوڵکردن نییە داوای پارە یان دیاری بکرێت بەرامبەر خێراکردنی دەرکردنی بەڵگەنامە، 87% دەڵێن وەرگرتنی دیاری بچووک لە خزمەتخواز جێگەی قبوڵکردن نییە و 85% دەڵێن کە جێگەی قبوڵکردن نییە فەرمانبەر کاری نایاسایی بچووک بکات بۆ خێزان و هاوڕێ و خزمانی. بەڵام کاتێک لە دیدگای پێچەوانەوە سەیری دەکەین هێشتا کەمینەیەکی بەرچاوی فەرمانبەران هەیە (10%-15 لە نموونەی سەرەوەدا) کە پروایان وایە ئەم جۆرە ڕەفتارانە جێگەی قبوڵکردنن.

هەڵوێستی فەرمانبەران کەمتر ڕوونە سەبارەت بە کارەکانی تر. بۆ نموونە، نزیکەی 21%ی فەرمانبەران پروایان وایە کە دامەزراندنی فەرمانبەر لەسەر بنەمای پەیوەندی خێزانی یان هاوڕێیەتی جێگەی قبوڵکردنە (14.9% دەڵێن "تاڕادەیەک جێگەی قبوولکردنە" و 5.8% دەڵێن "هەمیشە جێگەی قبوڵکردنە") لەکاتێکدا نزیکەی 22% پروایان وایە کە دیاری پێشکەشکراو لەلایەن کۆمپانیا تایبەتەکان و 35% پروایان وایە کە تێپەڕاندنی ڕێکارە فەرمییەکان بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین "جێگەی قبوڵکردنە". لەوەش زیاتر 80% پروایان وایە کە جێگەی قبوڵکردنە فەرمانبەر کاری دووەمی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ کەمی موچەدا هەڵبکات، لەکاتێکدا کە 20% پروایان وایە کە جێگەی قبوڵکردن نییە.

**شێوەی 66: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران، بەپێی قبوڵکردنی هەندێک کاری دیاریکراو، عێراق (2011)**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

هەڵوێستی فەرمانبەران سەبارەت بەم ڕەفتارانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا تاڕادەیەک هاوشێوەیە لە سێ ناوچەکەی عێراق، بەڵام جیاوازی ئاشکرا هەیە لە هەوڵوێستی فەرمانبەران لەنێوان وەزارەتەکاندا، و هەندێک دامەزراوە هەیە کە ئاستی هۆشیاری شەفافیەت تێیدا نزمە. بۆ نموونە، لە 10% تێکڕای نیشتیمانی، 27.7%ی فەرمانبەرانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و 21%ی فەرمانبەرانی ئەمانەی گشتی بەغداد لە حکومەتی فیدراڵ پرِوایان وایە کە جێگەی قبووڵکردنە فەرمانبەر داوای پارە یان دیاری بکات بۆ خێراکردنی ڕێکارەکانی دەرکردنی بەڵگەنامە. هاوشێوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، 24.6%ی فەرمانبەرانی وەزارەتی مافی مرۆڤ، 24.1%ی فەرمانبەرانی وەزارەتی تەندروستی و 22.8%ی فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە پروایان وایە کە ئەم کارانە جێگەی قبوڵکردنن.

شیکردنەوەی زیاتری ئەم داتایانە لەسەر هەڵوێست دەربارەی بابەتەکانی نەزاهەت نیشانی دەدات کە هەندێک کاری گەندەڵی جێگەی قبوڵکردنە و هاوشێوەیە لەنێوان هەردوو سێکس، پلە یان ئاستی خوێندن، بەڵام داتاکان هاوکات ئاماژە دەکەن بۆ ئەوەی کە ئەگەری زیاترە بەڕێوەبەران و فەرمانبەرانی پیشەیی کاری گەندەڵی ڕەتبکەنەوە زیاتر لە تێبینەر و کارگوزاران.

کاتێک بەراوردی داتاکان دەکەین لەسەر بۆچوونە باسکراوەکان لەگەڵ داتاکان لەسەر کارە باسکراوەکان، ناتەباییەکی ڕوون بەدیدەکەین لەنێوان بۆچوون و کرداردا. بۆ نموونە، 68%ی فەرمانبەران کە یارمەتیان وەرگرتوە لە خێزان و هاوڕێیان لەکاتی دامەزران، دەڵێن کە دامەزراندنی فەرمانبەران لەسەر بنەمای پەیوەندی خێزانی و هاوڕێیەتی جێگەی قبوڵکردن نییە. ئەم ناتەباییە لەنێوان هەڵوێست و کرداردا دەرئەنجامێکی بەربڵاوە کاتێک مامەڵە دەکەین لەگەڵ بۆچوون لەسەر کارە نایاساییەکان.

گرنگە کە زۆربەی فەرمانبەران ئاگادارن لەوەی هەندێک ڕەفتار پێچەوانەی ڕێساکانە، بەڵام هێشتا فەرمانبەران بەتەواوی ئاگاداری کۆی ئەو کارانە نین کە پێشێلی ستانداردەکانی نەزاهەت دەکەن. هەروەها لەوانەیە فەرمانبەران چاوەڕانی گەورەیان هەبێت بۆ پۆست و پلە، زۆر زیاتر لەوەی لە کرداردا کاری بۆ دەکەن تا شایستەی بن.

کاتێک کە بەتەواوی روون نییە کام کار رێگەپێدراو کامە رێگەپێدراوە نییە، فەرمانبەران لەوانەیە لەژێر کاریگەری کەسانی تردا بکەونە داوی گەندەڵیەوە. لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کام سێ فاکتەر گرنگترینن بۆ هاندانی فەرمانبەران بۆ کاری گەندەڵی، 40% فەرمانبەرانی عێراق ئاماژە دەکەن بۆ هۆکاری ئابوری (کەمی موچە و پلە)، لەکاتێکدا کە زیاتر لە 30% بیانو بۆ گەندەڵی دەهێننەوە کە "کارێکی باوە"، هەندێک بەشێوەیەکی پاسیف شوێنپێی نموونەی خراپی سەرپەرشتیار/هاوکاران هەڵدەگرن، لەکاتێکدا کە هەندێکی تر پاڵیان پێوەدەنرێت بەرەوە کاری گەندەڵی لەلایەن هاوکاران یان سەرپەرشتیارانەوە (شێوەی 67).

کاتێک کە چاودێری نەزاهەت وەک پێویست بەهێز نییە، تاکەکەسەکان بەرەنگاریان کەمدەبێتەوە بەرامبەر هەندێک کار، بەتایبەتی کاتێک سروشتی نەشیاوی کارەکە ئاشکرا نییە یان کاتێک وەک "کاری ئاسایی" سەیر دەکرێت.

**شێوەی 67: رێژەی سەدیی دابەشبوونی هەڵسەنگاندنی فەرمانبەران بۆ فاکتەرە هاندەرەکان کە دەبنە هۆی کاری گەندەڵی لە وەزارەتەکانیان، عێراق (2011)**




*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

## 3.6. راهێنان

راهێنانی فەرمانبەران و فێربوونی بەردەوام تەنها گرنگ نین بۆ بەرزکردنەوەی توانا پیشەییەکان، زیادکردنی کاریگەری کارەکان و پەرەپێدانی تاکەکەسی بەشێوەیەکی بەرفراوان، بەڵکو هاوکات گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەسەر گرنگی جێبەجێکردنی هەندێک ستانداردی دیاریکراوی رەفتار. لەسەرانسەری عێراق، کەمتر لە 60%ی فەرمانبەرانی ئێستا لانیکەم یەک هەفتە راهێنانیان پێشکەشکراوە سەبارەت بە کارەکانیان، ئەمەش واتا رێژەیەکی سەدیی گەورەی فەرمانبەران (42.8%) هەرگیز بەشداریان نەکردوە لە کۆرسی راهێنان لەسەر هەر بابەتێک. جیاوازی روون هەیە بەپێی ناوچەکان لەرووی هەبوونی کۆرسی راهێنانەوە، چونکە دوو لە سێی فەرمانبەران لە بەغداد جۆرێک لە کۆرسی راهێنانیان وەرگرتووە لەمیانەی کارکردنیاندا، لەکاتێکدا لە هەرێمی کوردستان کەمتر لە نیوەی فەرمانبەران کۆرسی راهێنانیان وەرگرتووە و 56.1% لە پارێزگاکانی تر. وەبەرهێنانی گرنگ کراوە لە کۆرسەکانی راهێناندا بۆ فەرمانبەران لەم چەند ساڵەی دوایدا: لە ساڵی 2008ەوە 55.2%ی فەرمانبەرانی بەغداد، 43%ی فەرمانبەرانی پارێزگاکانی تر و 29.4%ی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لانیکەم یەک کۆرسی راهێنانیان وەرگرتووە (شێوەی 68).

**شێوەی 68: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران کە بەشداری کۆرسی ڕاهێنانی پەیوەست بە کارەکانیان کردوە، بەپێی ناوچەکان و ماوەی دوا کۆرسی وەرگیراو، عێراق (2011)**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

لەناو ئەوانەدا کە بەشداری لانیکەم یەک کۆرسی ڕاهێنانیان کردوە، زیاتر لە نیوە (52.6%) بەشداری یەک کۆرسیان کردوە لەسەر بابەتە جەوهەری/تەکنیکیەکانی پەیوەست بە کارەکانیان، 20.8% لەسەر بەڕێوەبردن/سەرپەرشتیکردن، 16.5% لەسەر تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان، و 6.0% بەشداری کۆرسی زمانیان کردوە. ڕێژەیەکی بەرچاوی ئەمانە لە دەرەوەی وڵات کۆرسەکانیان وەرگرتوە (30.6%ی فەرمانبەرانی بەغداد، 12%ی فەرمانبەرانی پارێزگاکانی تر و 14.3%ی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان).

لە کۆی هەموو فەرمانبەرانی عێراق،لەکاتێکدا کە 6.7% بەشداری کۆرسی ڕاهێنانیان کردوە لەسەر بابەتەکانی نەزاهەت و دژەگەندەڵی (9.9% لە بەغداد، 6.2% لە پارێزگاکانی تر و 3.4% لە هەرێمی کوردستان)، ژمارەیەک وەزارەت ڕێژەیەکی نزیک سفریان هەیە لە ژمارەی ئەو فەرمانبەرانەی بەشداری کۆرسی لەم جۆرەیان کردوە، بۆ نموونە وەزارەتەکانی گواستنەوە و گەیاندن (1.0%)، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن (1.2%) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتەکانی کاروباری دەرەوە (2.7%) و سەرچاوەکانی ئاو (3.0%) لە حکومەتی فیدراڵ.

بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی زۆری ئەو فەرمانبەرانەی کە هەرگیز بەشداری کۆرسی ڕاهێنانی پەیوەست بە کاریان نەکردوە و ئەوانەش کە تەنها چەند ساڵێک پێشتر دەرفەتی بەشداری کردنیان هەبووە، خواستێکی بەربڵاو هەیە لەناو فەرمانبەراندا بۆ زانیاری و ڕاهێنانی زیاتر کە داوادەکەن حکومەت پێشکەشیان بکات. کاتێک پرسیاریان لێکرا لەسەر ئەو بابەتەی دەخوازن زانیاری زیاتر و ڕاهێنانی لەسەر وەربگرن، زیاتر لە (51.7%)ی فەرمانبەران ئاماژەدەدەن بە ڕاهێنان لەسەر بابەتە جەوهەری و تەکنیکیەکانی پەیوەست بە کارەکانیانەوە، کەمتر لە یەک لە سێ ئاماژەدەدەن بە بەڕێوەبردن (31.3%)، کۆرسەکانی زانیاری پەیوەندیکردن (28.4%) و نزیکەی چارەکێک (24.3%) زمان.

**شێوەی 69: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران کە حەزدەکەن ڕاهێنانی زیاتر وەربگرن لەسەر بوارە دیاریکراوەکانی کارەکانیان، بەپێی بابەتی ڕاهێنان و ناوچە، عێراق (2011)**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

نزیکەی چارەکێک (22.9%)ی فەرمانبەران دەڵێن کە حەزدەکەن زیاتر فێربن لەسەر دژەگەندەڵی و نەزاهەت لە کارەکانیاندا (27.4% لە بەغداد و 27.8% لە هەرێمی کوردستان، بەرامبەر 19% لە پارێزگاکانی تر)، ئەمەش لە بەراوردێکی ساماناکدایە لەگەڵ ڕێژەی کەمی 6.7%ی هەموو فەرمانبەران کە دەرفەتیان هەبووە بەشداری لەم جۆرە ڕاهێنانەدا بکەن. بەگشتی پێدەچێت پەرەپێدانی فەرمانبەران یەکێک بێت لەو بوارانەی کە پێویستی بە وەبەرهێنانی زیاتر هەیە، وەک بەشێک لەم هەوڵە، پێویستە بایەخی زیاتر بدرێت بە بابەتەکانی نەزاهەت.

## 3.7. ڕازیبوون لە کار

### 3.7.1.ڕازیبوونی ئێستا لە کار

چۆنێتی هەڵسەنگاندنی فەرمانبەران بۆ هەلومەرجی کارکردن، پەیوەندیەکانی کارکردن، موچە و چەند لایەنێکی تری پەیوەست بە شوێنی کارەوە، کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەفتارەکانی خراپەکاری، کە لەوانەیە ناڕازیبوون لە کار یان بێزاربوون لە کار فاکتەرێکی مەترسی گەورە بێت بۆ گەندەڵی. لەم ناوکۆییەدا، جێگەی سەرنجە کە زۆرینەیەکی گەورە (87%)ی فەرمانبەران دەڵێن کە "زۆر" یان "تاڕادەیەک" ڕازین لە کاری ئێستایان، لەکاتێکدا کە زیاتر لە 6% دەڵێن کە "زۆر" یان "تاڕادەیەک" ناڕازین.

دەستکەوتنی کاری خزمەتی مەدەنی ئامانجێکی گەورەیە لە عێراق. کاتێک پرسیاریان لێکرا دەربارەی هاندەری سەرەییان بۆ کارکردن لە کەرتی گشتی، یەک لە سێی فەرمانبەران دەڵێن حەزدەکەن خزمەتی خەڵک بکەن، پاش ئەویش 30% ئاماژە دەدەن بە زامنی کار وەک گرنگترین هۆکار. ئەو فاکتەرانەی تر کە زۆر ئاماژەیان پێدراوە بریتین لە خانەنشینی (19%)، کەمی دەرفەت لە دەرەوەی خزمەتی مەدەنی (9%). پاش دامەزراندنیان، زۆرینەی فەرمانبەران شانازی دەکەن بەوەی فەرمانبەری مەدەنین، ئەگەرچی جیاوازی بەرچاو هەیە لەنێوان وەزارەتەکاندا. بۆ نموونە لە حکومەتی فیدراڵ 94%ی فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوە دەڵێن کە شانازی دەکەن بەوەی فەرمانبەرن، بەرامبەر 59%ی فەرمانبەرانی وەزارەتی زانست و تەکنەلۆجیا، لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 85%ی فەرمانبەرانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بەرامبەر 60%ی فەرمانبەرانی وەزارەتی ژینگە دەڵێن شانازی دەکەن بەوەی کە فەرمانبەرن.

## 3.7.2.رازیبوون لە موچە

کاتێک راستەوخۆ پرسیاریان لێکرا لەسەر رازیبوون لە موچە، زۆرینەی فەرمانبەرانی عێراق ئاماژە دەدەن بەوەی کە – لانیکەم تاڕادەیەک – رازین، ئەگەرچی کەمینەیەکی گەورە (41%) لەگەڵ ئەمانەدا هاورانین و ناڕەزایی دەردەبڕن. رازیبوون لە موچە زیاد دەبێت لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن و بەرزترە بۆ بەڕێوەبەران (68.9%) زیاتر لە فەرمانبەری پیشەیی/زانستکار (60.3%) و تێبینەران (58.6%)، هەروەها نزمترە بۆ کارگوزاران (کرێکاران) (51.7%).

پێوانەکردن بەپێی دامەزراوەکان، نزمترین ئاستی رازیبوون لە موچە لە وەزارەتی کارە (10%)، وەزارەتی دارایی (11%) و بانکی ناوەندی (13%) لە حکومەتی فیدراڵ و وەزارەتی کار (13%)، وەزارەتی ژینگە (10%) و وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان (11%) لە هەرێمی کوردستان.

لەم هەلومەرجەدا، جێگەی سەرسورمان نییە کە رێژەیەکی بەرچاوی فەرمانبەرانی عێراق بیر لە کاری تر دەکەنەوە و کراوەن بەرامبەر دەرفەتی کاری نوێ. کاتێک پرسیاریان لێکرا دەربارەی ئایا ئەگەر دەرفەت هەبوو کارێکی تر دەکەن لە شەش مانگی داهاتوودا، 41% بە بەڵێ وەڵامیانداوەتەوە. ئەم کراوەییە بەڕووی گۆڕاندا، زیاترە لەناو پلە نزمەکان، فەرمانبەرە لاوەکان و ئەوانەی تازە دامەزراون زیاتر لەوانەی ماوەی خزمەتیان زۆرە (شێوەی 70).

**شێوەی 70: رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە ئامادەن کارەکانیان بگۆڕن، بەپێی پلە، ساڵی دامەزران و تەمەن، عێراق (2011)**




*سەرچاوە رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق*

تەبا لەگەڵ دەرئەنجامەکان لەسەر هۆکارەکانی نارازیبوون لە کاری ئێستا، هۆکارە سەرەکییەکانی بیرکردنەوە لە کاری تر بریتین لە موچەی بەرزتر (58%) پاش ئەو دەرفەتی پیشەیی باشتر (42%). فاکتەری تری وەک ژینگەی باشتری کار (7%)، مەترسی و ریسکی کەمتر (4%)، کاری خۆشتر (4%) و کاتژمێری باشتری کارکردن (3%) وەک پەیوەندیدار لەبەرچاوگیراون لەلایەن فەرمانبەرانی عێراقەوە.

لەوانەیە  ناڕازیبوون لە موچەی ئێستا لەسەر بنەمای تێڕوانین بێت بۆ موچەی وەزارەتەکانی تر. کاتێک داوایان لێکرا بەراورد بکەن لەنێوان موچەی خۆیان و ئەوانەی لە پۆستی هاوشێوەدا کاردەکەن لە وەزارەکانی تر یان لە کەرتی تایبەت، زیاتر لە دوو لە سێی فەرمانبەران پێوایان وایە کە موچەیەکی ڕەوا دەبێت زیاتر بێت لەوەی ئێستایان. هەندێک داوای بەرزبوونەوەیەکی ئاسایی دەکەن (20% بۆ 50%)، لەکاتێکدا هەندێک داوای بەرزبوونەوەی زۆر بەرچاو دەکەن (زیاتر لە 50%).

بەشێوەیەکی واقیعیتر و وەک پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی موچەی خۆیان، کاتێک پرسیاریان لێکرا ئایا موچەکەیان گونجاوە بۆ بەڕێوەبردنی خێزان، زیاتر لە نیوەی فەرمانبەرانی عێراق دەڵێن کە گونجاو نییە. جیاوازی لەنێوان گروپە کۆمەڵایەتی و ناوچەییەکاندا، نیشانی دەدات کە هەمان ڕێچکە لە هەندێک حاڵەتدا زۆر زەقترە. بۆ نموونە، 72%ی فەرمانبەرانی پلە نزم دەڵێن کە ناتوانن بە موچەکەیان بژین، لەکاتێکدا کە زیاتر لە 60%ی فەرمانبەرانی خاوەن پڕوانامەی مامناوەندی و خوارتر دەڵێن کە موچەکەیان گونجاو نییە. هاوکات جیاوازی هەیە لەنێوان پیاوان و ئافرەتان: نزیکەی 50%ی فەرمانبەری نێر پێوایان وایە کە موچەکانیان گونجاو نییە (49.8%)، لەکاتێکدا کە 56.8%ی فەرمانبەری مێ هەمان هەستیان هەیە.

بەکورتی، ڕێژەیەکی بەرچاوی فەرمانبەران بەتەواوی ڕازی نین لە موچەکانیان و بەسەختی گوزەران دەکەن بە کارەکەیان وەک فەرمانبەری مەدەنی. ئەمە ڕوونی دەکاتەوە بۆچی 15%ی فەرمانبەرانی عێراق دەڵێن کە داهاتی تریان هەیە لە چالاکی زیادە لەپاڵ کارە سەرەکییەکەیاندا: لەکاتێکدا کە ڕێژەی ئەوانەی کە کاری تریان هەیە دەگایە 10.2%، لەناو ئەو فەرمانبەرانەدا کە دەڵێن موچەکەیان گونجاوە بۆ بەڕێوەبردنی خێزان، ئەم ڕێژە سەدییە بەرزدەبێتەوە بۆ 18% لەناو ئەوانەدا کە دەڵێن گونجاو نییە.
هەبوونی کاری دووەم جیاوازە بەپێی ناوچە و لەنێوان فەرمانبەرانی خاوەن تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و ناوچەیی جیاوازدا. بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستان، چارەکێکی هەموو فەرمانبەران کاری دووەمیان هەیە، لەکاتێکدا لە پارێزگای بەغداد (12%) و لە پارێزگاکانی تر (13%) کە ڕێژەکە بچووکترە. جیاوازییەکە گەورەترە لەنێوان وەزارەتەکاندا: لە 2%ەوە لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە حکومەتی فیدراڵ بۆ 38% لە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام دیارترین جیاوازی لەنێوان پیاوان و ئافرەتاندایە، لەکاتێکدا کە 21%ی فەرمانبەری نێر پارەی زیادەیان دەستدەکەوێت، تەنها 5%ی فەرمانبەری مێ دەڵێن کە کاری دووەمیان هەیە. هاوشێوە لەناو ئەو گروپانەی فەرمانبەراندا کە کەمتر ڕازین لە موچەکانیان و ئەوانەی بەئاسانی خێزانیان بۆ بەڕێوەنابرێت، فەرمانبەرانی پلە نزمەکان زیاتر کاری دووەمیان هەیە بە بەراورد بە پلە بەرزەکان (شێوەی 71).

**شێوەی 71: ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە کارەی زیادەیان هەیە، بەپێی پلە، عێراق (2011)**



*سەرچاوە رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق*

لەناو ئەوانەدا کە داهاتی زیادەیان هەیە، 38% دەڵێن کە پری بچووکیان دەستدەکەوێت (کەمتر لە 20%ی موچەکانیان)، بەڵام لە حاڵەتی تردا لەوانەیە داهاتەکە زۆر بێت بە بەراورد بە موچەی فەرمانبەر: لە 14%ی فەرمانبەران کە داهاتی زیادەیان هەیە، داهاتە زیادەکە پێکهێنەری 50% داهاتی ئاساییانە.

دەکرێت کاری زیادە ستراتیژێک بێت بۆ چارەسەکردنی کێشەی موچەی نزم و جێگەی قبووڵکردنە لەلایەن 80% فەرمانبەرانی عێراقەوە. بۆ زۆربەی فەرمانبەران، کاری زیادە وەک پڕکردنەوەی پێداویستی و چارەسەرکردنی کێشەی کەمی موچە سەیردەکرێت، نەک وەک کارکردن لەهەمان بواری تایبەتمەندیاندا. لەڕاستیدا تەنها لە یەک لە سێی حاڵەتەکانی فەرمانبەراندا کە کاری دووەمیان هەیە کارەکە لەهەمان بواری تایبەتمەندی فەرمانبەردایە لە کەرتی گشتی.

## 3.8. هەلومەرجی کارکردن

بەگشتی 54%ی فەرمانبەرانی عێراق رازین لە کەرەستەکانی ئۆفیس و ئەو شوێنانەی لە وەزارەت دابینکراون، بەڵام رازیبوون لە کەرەستەکانی ئۆفیس لە بەغداد بەرزترە (61%) بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان (57%) و پارێزگاکانی تر (49%). سێ وەزارەت کە نزمترین ئاستی رەزامەندیان هەیە لە کەرەستەکانی ئۆفیس بریتین لە وەزارەکانی پەروەردە، داد و دارایی لە حکومەتی فیدراڵ و وەزارەتەکانی کارەبا، داد و پەروەردە لە هەرێمی کوردستان.

زۆرینەی هەرەزۆری فەرمانبەران شوێنی کارکردنی گونجاویان هەیە (84%)، لەکاتێکدا کە 13% شوێنی ئۆفیسیان نییە بۆ ئەوەی کارەکانیان بەباشی ئەنجام بدەن. ساردی و گەرمی (76%) مێز (69%) دابینکراون بۆ زۆربەی فەرمانبەران، لەکاتێکدا کە نزیکەی 60%ی فەرمانبەران کافتریا یان شوێنی نانخواردنیان نییە لە شوێنی کار. کەرەستەی تەکنیکی وەک مۆبایل (37%)، کۆمپیوتەری سەرمێز (35%) و کۆمپیوتەری لاپتۆپ (44%) و دەستگەیشتن بە ئەنتەرنێت (47%) لە لیستی داواکارییەکانی رێژەیەکی بەرچاوی فەرمانبەرانی عێراقدان. بەتایبەتی لاپتۆپ و ئەنتەرنێت زۆر کەم بەدیدەکرێت لە دامەزراوە گشتیەکاندا، کەمتر لە چارەکێکی هەموو فەرمانبەرانی عێراق دەستیاندەگات بە ئەنتەرنێت لە ئۆفیسەکانیان، لەکاتێکدا کە نزیکەی 50%ی ئەوانەی دەستیان ناگات بە ئەنتەرنێت دەڵێن کە پێویستانە.

**شێوەی ٧٢: رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەستیاندەگات بە کەرەستە و شوێنەکان کە پێویستن یان پێویست نین، عێراق (2011)**




*سەرچاوە رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق*

# چاپتەری چوارەم

# دەرئەنجامگیریەکان

## 4. دەرئەنجامگیریەکان

ئەگەر گەندەڵی نەخۆشی بێت، وەک لە زانست و کاری پزیشیکدا، هەموو دەستوەردان و چارەسەرەکان پێویستە لەسەر بنەمای مەعریفەی زانستی و دەستنیشانکردنی دروست بن. ئەمە یەکێکە لەو خاڵە سەرەکییانەی بەشێوەیەکی کارا جەختی لێکراوەتەوە لە یەکەم ستراتیژی نیشتیمانی بۆ دژەگەندەڵی لە عێراق، کە لە ساڵی 2010 حکومەت راپگەیاند، لەم ستراتیژەدا دەڵێت کە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پێویستە لەسەر بنەمای بەڵگەی کۆنکریتی بێت کە پەیوەستن بە ژینگەی کارکردنی کەرتی گشتی و لێکۆڵینەوە لە بەهێزیەکان و لاوازیەکانی خزمەتی مەدەنی لە عێراق.

لەڕووی میتۆدیەوە، هەڵسەنگاندنی دروستی ناسکی بەرامبەر گەندەڵی، نەزاهەتی کەرتی گشتی و کاردانەوەی دادوەری تاوان بەرامبەر گەندەڵی، پێشمەرجن بۆ پلاناندان بۆ سیاسەتەکانی دەستوەردان و چاودێریکردنی دواتر بۆ جێبەجێکردن و کاریگەرییان. پەرەپێدانی توانا تەکنیکیەکان و دانانی میکانیزمی دامەزراوەیی گونجاو بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکانە، پێویستە بەشێک بن لە ستراتیژێکی هەمەلایەن و درێژخایەن لەسەر بنەمای بەڵگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

ستراتیژی نیشتیمانی بۆ دژەگەندەڵی لیستێکی هەمەلایەنی رێوشوێنی تێدایە تەبا لەگەڵ ستراتیژی ریفۆرمی کارگێری، وەک: دەرکردنی یاسا و رێکاری پێویست لە ئایندەدا بۆ پتەوکردنی سەروەری یاسا؛ ریفۆرمی خزمەتی گشتی لەڕێگەی گونجاندن و شایستەکردنی رێکارە کارگێرییەکان؛ پتەوکردن و پەرەپێدانی کولتوری شەفافیەت، بێلایەنی و بەرپرسیارێتی؛ بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتی لەسەر دژەگەندەڵی؛ بەهێزکردنی رۆڵی دەزگاکانی دژەگەندەڵی و بەرزکردنەوەی متمانەی هاوڵاتیان پێیان؛ هەروەها پتەوکردنی رێکارەکانی کۆنترۆڵ، چاودێری، پشکنین و سەرپەرشتیکردنی ناوخۆیی.

ئەم توێژینەوەیە روونی دەکاتەوە کە جێبەجێکردنی ئەم جۆرە لە ستراتیژی هەمەلایەنی دژەگەندەڵی پێویستی بە کەرەستە و رێکار دەبێت لە چەندین ئاستی جیاوازدا. قەبارەی گەورە و پێکهاتەی هەمەڕەنگی کەرتی گشتی لە عێراق، واتا پێویستە سیاسەتی گشتی هاوشان بێت لەگەڵ رێکار و رێسای تایبەت بە کەرتەکان کە گونجاو بن بۆ ناوکۆیی دامەزراوەیی کەرتی گشتی. ئەم خاڵانەی خوارەوە روونکردنەوەن لەسەر کاریگەرییەکانی دەرئەنجەمەکانی ئەم ئەم توێژینەوەیە.

### رێکاری بەرپێگرتنی بەئامانجکراو

ژمارەیەک کەرت کە بەتایبەتی ناسکن بەرامبەر گەندەڵی دەستنیشانکراون. هاوکات، داتاکان ئاماژەدەکەن بۆ ئەوەی کە فاکتەری دیاریکراو هەن لەناو هەر کەرتێکدا کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێك فەرمانبەر زیاتر ناسک بن بەرامبەر گەندەڵی وەک لە هەندێکی تر. ئەمە واتای ئەوەیە کە رێکارەکانی ئێستا پێویستیان بە شیکردنەوەی ورد هەیە، بۆ ئەوەی رێکاری بەرپێگرتنی بەئامانجکراو دابنرێت بۆ کەرت، پۆست و ئەرکە زۆر ناسکەکان. بۆ نموونە، نیشاندەرێکی گرنگی ناسکی فەرمانبەر بەرامبەر گەندەڵی بریتیە لە پەیوەندی لەگەڵ هاوڵاتیان و دامەزراوە تایبەتەکان. رێکخستنی کرداری، وەک دابەشکردنی ئەرکە زیاتر ناسکەکان لەناو فەرمانبەراندا، دەتوانن رێگربن لە پێشکەشکردن و داواکردنی بەرتیل بەو فەرمانبەرانەی کە زیاتر لە پەیوەندیدان لەگەڵ بەکاربەران و دابینکەرانی دەرەکیی خزمەتگوزارییەکان. لە روانگەیەکی ترەوە، وادیارە کە پۆستەکانی بەرێوەبەرایەتی زیاتر ناسکن بەرامبەر بەرتیل و کاری تری گەندەڵی، لەبەرئەوە پێویستە میکانیزم دابنرێت بۆ زیادکردنی شەفافیەت و بەرپرسیارێتی وابەستە بەم پۆستانەوە.

ئەو شیکردنەوانەی ئەنجامدراون ئاماژەدەکەن بۆ هەندێک ئەرک کە زیاتر ناسکن بەرامبەر بەرتیل و زیاتر چڕبوونەتەوە لە ژمارەیەکی سنووردار لە پۆستدا لەناو پەیکەری هەر وەزارەت یان دامەزراوەیەکدا. ئەمە واتا هەوڵی هاوبەش بۆ سنووردارکردنی ناسکی بەرامبەر بەرتیل لای ئەوانەی کە بەرپرسیارن لە هەندێک ئەرک دەتوانێت ئەنجامی خێرای هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

## رێکارەکانی شەفافیەت

ئەزموونی فەرمانبەرانی عێراق لە وەزارەتەکان نیشانی دەدات کە شەفافیەت لە هەندێک رێکاری دیاریکراودا نییە، وەک پلەبەرزکردنەوە و دامەزراندن، هەروەها تۆڕە نافەرمییەکان گرنگی زیاتر پەیدا دەکەن لە گەڕان بەدوای کار و دانانی کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی فەرمانبەران. داتاکان ئاماژەدەکەن بۆ ئەوەی کە هەندێک فاکتەری وەک پەیوەندی خێزان/گروپ و پابەندبوونی سیاسی، کاریگەری ناشایستەیان هەیە لەسەر دامەزراندن و پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەران. ئەم پەیوەندییانە سەربەخۆیی و پیشەییبوون سنووردار دەکەن کە پێویستە لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی فەرمانبەرانی کارگێری گشتی بن. راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی باشتر و بەفەرمیکردنی رێکارەکان، دەتوانن ببنە کەرەستەی باش بۆ زیادکردنی شەفافیەتی ئەم پرۆسانە.

لەو دامەزراوانەدا کە ڕێگەپێدراوە فەرمانبەر کاری دووەمی هەبێت، پێویستە سیستەمێکی شەفاف هەبێت بۆ پەناگرتن لە هەر پێکداداێک لەنێوان بەرژەوەندی گشتی و تایبەتدا. هاوکات رێکارەکانی شەفافیەت پێویستن بۆ باشترکردنی دەستگەیشتنی هاوڵاتیان بە زانیاری و زامنکردنی پەیوەندییەکی دروست و شیاو لەنێوان فەرمانبەران و بەکاربەرانی خزمەتگوزارییەکاندا. پێویستە رێکارە کارگێرییەکان بڵاوبکرێنەوە و دەستگەیشتن بە زانیاری بەشێوەیەکی شەفاف رێکبخرێت.

## بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی فەرمانبەران

کەمی جووڵە و گواستنەوەی فەرمانبەران دەکرێت مەترسیەکی گەورە بێت بۆ رەفتاری خراپ لە خزمەتی مەدەنیدا. پێویستە رەچاوی ئەو رێکارانە بکرێت کە رێخۆشکەر و هاندەر دەبن بۆ گواستنەوەی کارمەندان کە هاوکات دەکرێت بۆ بەرگرتن لە کاری نەشیاو بەکاربهێنرێت، بەبێ ئەوەی ئەمە کاریگەری هەبێت لەسەر توانانی کەرتی گشتی بۆ ئەنجامدانی ئەرکە تەکنیکیەکان کە پێویستی بە کارمەندی شارەزا هەیە.

راهێنانی فەرمانبەران بوارێکی ترە بۆ بەرەوپێشچوون. ئەگەرچی فەرمانبەرانی عێراق بەگشتی ئاستی خوێندنیان بەرزە، فێربوونی بەردەوام و تازەکردنەوەی شارەزایی پیشەیی گرنگە، نەک تەنها بۆ پەرەپێدانی فەرمانبەران بەڵکو هاوکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەرزکردنەوەی هۆشیاری. رێژەیەکی سەدیی گەورەی فەرمانبەران هەرگیز بەشداریان نەکردوە لە کۆرسی راهێنانی پەیوەست بە کارەکانیانەوە، هەروەها بابەتەکانی دژەگەندەڵی و نەزاهەت زۆر بەدەگمەن لە چالاکییەکانی راهێناندا باس دەکرێن.

رازیبوونی فەرمانبەران گرنگە بۆ پارستنی پەرۆشی بۆ کار و راگرتنی ستانداردی بەرزی نەزاهەت. کاتێک فەرمانبەران موچەیان کەمە یان بەپەرۆش نین، ئەگەری کەمترە بەرەنگاری راکێشان ببنەوە بەرەو کاری نەشیاو و هاوکات بەو شێوە باشە کارناکەن کە پێویستە بیکەن لە پۆستەکانیاندا. لەکاتێکدا کە فەرمانبەرانی عێراق ئاماژە بە ئاستێکی باشی رازیبوون لە کار دەدەن، هەمان شت راست نییە سەبارەت بە موچە و فاکتەری تر کە کاریگەری هەیە لەسەر هەلومەرجی کارکردنیان، وەک کەرەستە و شوێن. پێویستە سیاسەتێکی هەمەلایەنی فەرمانبەران هاوسەنگی رابگرێت لەنێوان بەرژەوەندییەکانی فەرمانبەران لەڕووی هەلومەرجی باشی کارکردن و موچەیەکی رەواوە لەگەڵ

بەرژەوەنددی گشتی لەڕووی تێچووی گونجاو و باشی ئەو خزمەتگوزاریانەوە کە پێشکەش دەکرێن بە هاوڵاتیان.

## راپۆرتدان لەسەر گەندەڵی

دروستکردنی کەناڵی کاریگەر و پارێزراو بۆ راپۆرتدان لەسەر کار یان هەوڵدان بۆ کاری گەندەڵی، هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی. داتاکان بەڕوونی نیشانی دەدەن کە تەنها کەمینەیەکی ئەوانەی بەرتیل دەدەن یان پێشکەشیان دەکرێت راپۆرت دەدەن لەسەر رووداوەکە بە دەسەڵاتە دەرەکییەکان، لەکاتێکدا کە زۆرینە هەرگیز راپۆرتیان لەسەر نادەن. بۆ چارەسەرکردنی ئەمە، پێویستە رێوشوێن بگیرێتەبەر بۆ بەرزکردنەوەی پرۆفایلی دەسەڵاتەکانی دژەگەندەڵی و زیاتر کرانەوەیان بەڕووی هاوڵاتیاندا بۆ راپۆرتدان لەسەر رووداوەکانی گەندەڵی، هەروەها پاراستنی "چەپڵەتەقێن" کە زۆر گرنگە بۆ فەرمانبەران کە لەوانەیە گەندەڵکاران بە ئاسانی بتوانن دەستنیشانیان بکەن. لە عێراق ترس لە ئازاری جەستەیی و تۆڵەسەندنەوە لە ئەندامانی خێزان زۆرجار دەبێتە هۆی ساردکردنەوەی فەرمانبەران لە راپۆرتدان لەسەر کەیسەکانی گەندەڵی.

## کاردانەوەی دادوەری تاوان بەرامبەر گەندەڵی

ئەم راپۆرتە نیشانی دەدات کە لە چەند ساڵی رابوردودا بەرزبوونەوەیەکی بەرچاو هەبووە لە ژمارەی ئەو کەیسانەی گەندەڵی کە راپۆرتیان لەسەر دراوە بە کۆمسیۆنی نەزاهەت و تەنانەت بەرزبوونەوەیەکی زیاتر هەبووە لە ژمارەی ئەو کەیسانەدا کە لێکۆڵینەوەیان لێکراوە، ژمارەی ئەو کەسانەی دراون بە دادگا و ژمارەی ئەوانەی کە حوکمدراون. داتاکان نیشانی دەدەن کە رێژەی ئەو کەسانەی لەسەر تاوانەکانی گەندەڵی حوکمدراون لەکۆی ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە لەسەر گەندەڵی لە 3.1%ەوە بەرزبۆتەوە بۆ 10.9% لە 2011، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە رێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوەی کۆمسیۆنی نەزاهەت بەشێوەیەکی پێسکەوتوانە کاریگەری زیادیکردوە لەڕێگەی دروستکردنی بنەمایەکی بەڵگەی باشترەوە، کە ئەمەش بۆتە هۆی بەرزکردنەوەی رێژەی ئەو کەسانەی رەوانەی دادگا دەکرێن و رێژەیەکی بەرزتری ئەو کەسانەی حوکمدەدرێن لە دادگا.

لەگەڵ ئەم رێچکە گشتیە لە باشبوونی تواناى لایەنەکان بۆ لێکۆڵینەوە و حوکمدان لەسەر کەیسەکانی گەندەڵی، پێویستە رەچاوی سێ سەرنج بکەین کە لە داتاکان لەسەر دادوەری تاوان دەستمان دەکەون. یەکەم تەنها یەک لە دەی هەموو ئەو کەیسانەی لێکۆڵینەوەیان لێکراوە لەلایەن کۆمسیۆنی نەزاهەتەوە و حوکمیان لەسەردراوە لەلایەن دادگاوە پەیوەندیان هەیە بە بەرتیل و ئیختیلاسەوە (کە تاوانی روونی گەندەڵین بەپێی پێناسەکەی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدژی گەندەڵی) لەکاتێکدا کە زۆربەی کەیسەکانی تر پەیوەندیان هەیە بە جۆرەکانی تری خراپەکاریەوە (وەک "خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات" یان "ساختەکردنی پروانامە ئاکادەمیەکان"). دووەم، تەنها نزیکەی یەک لە دەی هەموو کەیسەکان کە کۆمسیۆنی نەزاهەت لێکۆڵینەوەی لێکردوە، حکوم دەدرێن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەکرێت کارەکانی لێکۆڵینەوە زیاتر بەرەوپێش ببرێن. سێیەم، جێگەی سەرنجە کە تەنانەت لەناو ئەوانەدا کە لە دادگا حوکمدراون لەسەر تاوانی گەندەڵی، نزیکەی نیوەیان سزاکەیان جێبەجێ نەکردوە، یان لەبەرئەوەی ئامادەنەبوون لە دادگا یان لەبەرئەوەی سزاکەیان هەڵواسراوە. لەسەر بنەمای ئەم دەرئەنجامانە، پێویستە توێژینەوەی زیاتر ئەنجام بدرێت بۆ دانانی رێوشوێن تایبەت بۆ پاراستنی نەزاهەتی سیستەمی دادوەری تاوان لە عێراق.

داتاکان لەسەر سیستەمی دادوەری تاوان نیشانی دەدات کە هاوکات پێشکەوتنی بەرچاو هەیە لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بواریش ماوە بۆ بەرەوپێشبردنی زیاتر. کاردانەوەیەکی کاراتری دادوەری تاوان بەرامبەر گەندەڵی دەبێتە هۆی پتەوکردنی بازنەی زیادکردنی نەزاهەت، ئەمەش دەبێتە هۆی کاریگەرترکردنی لێکۆڵینەوە و سزادانی

گەندەڵی لە هەمووو ئاستەکاندا، دواجاریش متمانەی زیاتر دروست دەبێت لای فەرمانبەران و لای هاوڵاتیان، هەروەها هۆشیاری زیاد دەکات لەسەر راپۆرتدان لەسەر کارە گەندەڵیەکان، پاشان دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی رێژەی سزادانی کەیسەکانی گەندەڵی. کاتێک ئەمە بەدیهات، گەندەڵی وەک چالاکییەکی مەترسیدار سەیردەکرێت، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە رێوشوێنێکی کاریگەر بۆ بەرگرتن بە گەندەڵی.

# چاپتەری پێنجەم
# پاشکۆی 1:
# فەرمانبەرانی عێراق

## 5. پاشکۆی 1: فەرمانبەرانی عێراق

لە عێراق رێژەیەکی گەورەی هێزی کار لە کەرتی گشتی کاردەکەن: %43.5ی هەموو ئەوانەی کە کاردەکەن لە خزمەتی مەدەنیدا کار بۆ حکومەت دەکەن لەسەر ئاستی ناوچەیی، شارەوانی، هەرێم یان نیشتمانی[26]. لە بەشە جیاوازەکانی حکومەتدا کە ئەم تۆێژینەوەیە دایپۆشیوون – جگە لە هێزە سەربازییەکان و پۆلیس – 1،830،000 فەرمانبەر کاردەکەن. گەورەترین فەرمانگەی گشتی وەزارەتی پەروەردەیە لە هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان، کە پێکهێنەری 555،000 و 126،000 فەرمانبەرن، یەک لەدوای یەک[27].

**شێوەی 73: ژمارەی فەرمانبەران لە وەزارەتەکان و دامەزراوەکانی عێراق (2011)**




وەزارەتەکانی تر کە ژمارەی فەرمانبەریان زۆرە بریتین لە وەزارەتەکانی پیشەسازی، وزە و نەوت لە حکومەتی فیدراڵ و وەزارەتەکانی شارەوانی و گەشتوگوزار، تەندروستی و دارایی و ئابوری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان (پروانە شێوەی 73 و وردەکاریەکانی وەزارەتەکان لە پاشکۆکەدا). لەسەر ئاستی هەرێمی، وەک چاوەڕوان دەکرێت، چڕبوونەوەی فەرمانبەران هەیە (جگە لە سوپا و پۆلیس) لە شاری پایتەخت. لەبەرئەوە پارێزگای بەغداد، کە پێکهێنەری %21.1ی کۆی دانیشتوانی عێراقە، هاوکات نزیکەی 500،000 فەرمانبەر یان رێژەی %27.1ە لە کۆی هەموو فەرمانبەرانی عێراق، پارێزگای

[26] تۆڕی زانیاری عێراق، رووپێوی دانیشتوان 2011.

[27] نووسینگەی ناوەندی ئامار، دابەشبوونی فەرمانبەران لە وەزارەتەکان، 2008، بەغداد 2011.

نەینەوا پێکهێنەری 9.6%ی کۆی دانیشتوانی عێراقە و 110،000 فەرمانبەری هەیە. سەنتەری کارگێڕی تر کە ژمارەی فەرمانبەرانی لە 100،000 زیاترە بریتین لە بەسرە لە حکومەتی فیدراڵ و هەولێر و سلێمانی لە هەرێمی کوردستان، کە هاوکات پارێزگای دووەم و سێیەمن لەڕووی ڕێژەی سەدیی فەرمانبەرانەوە لە کۆی ژمارەی دانیشتوان (بڕوانە شێوەی 74).

**شێوەی 74: ژمارەی فەرمانبەران بەپێی پارێزگا و ژمارەی فەرمانبەران وەک ڕێژەی سەدیی دانیشتوان، بەپێی پارێزگا، عێراق (2011)**




## 5.1 فەرمانبەران و سەرمایەی مرۆیی

نزیکەی دوو لە سێ (65.4%)ی فەرمانبەرانی عێراق نێرن، لەکاتێکدا یەک لە سێ (34.5%) مێن. ڕێژەی ئافرەتان لە خزمەتی گشتیدا دوو ئەوەندەی ڕێژەکەیە لە هێزی کاردا بەگشتی (17%). لەڕاستیدا، زۆرینەی هەرەزۆری کارمەندی ئافرەت (94%) لە کەرتی گشتی کاردەکەن، چونکە تەنها نزیکەی 2%ی کارمەندانی کەرتی تایبەت ئافرەتن.[28] ڕێژەی فەرمانبەری مێ لە هەرێمی کوردستان بەرزترە (37.9%) و لە حکومەتی فیدراڵ لە بەغداد بەرزترە (44.7%) وەک لە پارێزگاکانی تر (28.4%). بەڵام هێشتا جیاوازی گەورەتر هەیە لە ڕێژەی فەرمانبەری مێ لەنێوان وەزارەتەکان و دامەزراوەکاندا. بۆ نموونە، بەتایبەتی نزمە لە دامەزراوەکانی وەک وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی (13.5%) و کۆمسیۆنی نەزاهەت (14.1%)، هەروەها بەتایبەتی بەرزە لە دامەزراوەکانی وەک بانکی ناوەندی (76.9%)، وەزارەتی دارایی هەردوو حکومەتی فیدراڵ (59.1%) و حکومەتی هەرێمی کوردستان (48.2%) وەزارەتی پەروەردە لە هەردوو حکومەتی فیدراڵ (47.2%) و حکومەتی هەرێمی کوردستان (42.7%).

هاوکات پێکهاتەی تەمەنی فەرمانبەران لە عێراق هەندێک ڕێچکەی سەرنجڕاکێش دەردەخات (شێوەی 75). لەبەراوردا، ڕێژەی لاوانی تەمەن 18-29 ساڵ زۆر بەرزترە لە هێزی کاری گشتیدا (37.7%) وەک لە خزمەتی مەدەنی (15.3%)، ئەمەش سیمایەکە کە بەڕوونی پەیوەندی هەیە بە ماوەی درێژی خوێندنی فەرمانبەرانی خزمەتی مەدەنی و درەنگ هاتنیان بۆ ناو بازاڕی کار بە بەراورد بە دانیشتوانی گشتی. هاوکات جیاوازی گەورەی هەرێمی و ناوچەیی هەیە، بەتایبەتی لە ڕێژەی فەرمانبەرانی گروپی تەمەن 18-29 (25.4% لە هەرێمی کوردستان، بەرامبەر 10.4% لە بەغداد و 12.7% لە پارێزگاکانی

[28] سەرچاوە:
Inter-Agency Information and Analysis Unit, Women in Iraq Fact sheet, March 2012, available at: http://www.iauiraq.org/documents/1628/Women%20In%20Iraq%20Fact%20sheet%20-%20English.pdf.

تری حکومەتی فیدراڵ)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان رێژەیەکی زۆر فەرمانبەری تازەدامەزراوی هەیە. سیمایەکی تری رێچکەی تەمەن لە خزمەتی مەدەنیدا ئەوەیە کە رێژەیەکی گەورەتری فەرمانبەری مێ لە گروپی تەمەنی 18 بۆ 39 ساڵدان (53.5%) وەک لە نێر (46.3%)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پیاوان بەگشتی لە پلە بەرزترەکاندان وەک لە ئافرەتان. ئەمە زۆر زەقتر دەردەکەوێت لە هەرێمی کوردستان، کە 67.0%ی فەرمانبەری مێ، بەرامبەر 49.3%ی فەرمانبەری نێر لە گروپی تەمەنی 18 بۆ 39 ساڵدان.

**شێوەی 75: رێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران و کۆی هێزی کار، بەپێی گروپەکانی تەمەن، عێراق (2011)**




درەنگ هاتنە ناو خزمەتی گشتی وابەستەیە بە مەرجەکانی پلەی خوێندن لە کاری خزمەتی مەدەنیدا. وەک لە شێوەی 76دا دیارە، فەرمانبەرانی عێراق ئاستی خوێندنی بەرزتریان هەیە لە دانیشتوانی گشتی: لەکۆدا 38.6%ی فەرمانبەران پروانامەی زانکۆیان هەیە و 21.6% دیبلۆمی پاش دواناوەندیان هەیە (بەرامبەر 5.3% و 4.9% بۆ دانیشتوانی گشتی). لەکاتێکدا کە پلەی خوێندن بەگشتی بەرزترە وەک لە دانیشتوانی گشتی، هاوکات جیاوازی گەورە هەیە لە پلەی خوێندنی فەرمانبەران لەنێوان وەزارەت و دامەزراوەکاندا. هەندێک وەزارەت رێژەیەکی زۆر فەرمانبەریان هەیە کە پروانامەی زانکۆیان هەیە (بۆ نموونە وەزارەتی کاروباری دەرەوە، دەستەی باڵای چاودێری دارایی، وەزارەتی خوێندنی باڵا و کۆمسیۆنی نەزاهەت کە زیاتر لە دوو لە سێی فەرمانبەران پروانامەی زانکۆیان هەیە)، لەکاتێکدا کە پلەی خوێندن لە وەزارەتەکانی تر زۆر نزمترە.

**شێوەی 76: ژمارەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران و دانیشتوانی گشتی (تەمەن 21 ساڵ و زیاتر)، بەپێی پلەی خوێندن، عێراق (2011)**




سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق و تۆری زانیاری عێراق 2011

## 5.2 فەرمانبەران: پلە و پیشە

خزمەتی مەدەنی لە عێراق ناسراوە بە ئاستی بەرزی پیشەییبوون و هەبوونی ڕێژەیەکی گەورە لە فەرمانبەری شیاو و خاوەن بڕوانامە کە لە پیشە جیاوازەکاندا کاردەکەن. لە کۆی هەموو فەرمانبەران، 35.8% دەکەونە پۆلی "تایبەتمەند/زانستکار"، کە ئەمانە لەخۆدەگرێت ئەندازیار، پزیشک، مامۆستا، کارمەندانی دارایی، پارێزەران، هتد. 7%ی فەرمانبەران دەکەونە پۆلی "بەڕێوەبەر/فەرمانبەری باڵا"، کە پێکدێت لە بەڕێوەبەری جێبەجێکار، بەڕێوەبەری بازرگانی و کارگێڕی، پلاندانەر، بەڕێوەبەری نەخۆشخانە، هتد، لەکاتێکدا کە 41.5% دەکەونە پۆلەکانی "تێبینەران و هاوکاران" (تەکنیککار، سکرتێر، ئەمین سندوق، هتد). تەنها 15.5% خۆیان ناودەنێن "کرێکار" (وەک کارمەندانی چاودێری منداڵان، پەرستاران، بەگەڕخەری مەکینە، شۆفێر، پاککەرەوە، کرێکاران، هتد).

ئاستی پیشەییبوون و تایبەتمەندێتی جیاوازە لەنێوان وەزارەت و دامەزراوەکاندا، بەپێی ڕۆڵ و دەسەڵاتەکانیان. بۆ نموونە، ئەو وەزارەت و دامەزراوانەی ڕێژەی زۆربەی فەرمانبەرانیان لە پۆلی پیشەی تایبەتمەند/زانستکارادا لە حکومەتی فیدراڵ بریتین لە دیوانی چاودێری دارایی (72.5%)، وەزارەتی کاروباری دەرەوە (55.7%) و کۆمسیۆنی نەزاهەت (53.3%)، کە هاوکات دامەزراوەن کە گەورەترین ڕێژەی کەسانی ئەکادەمیان هەیە، وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا. لە بەراوردا، ئەو دامەزراوانەی کە گەورەترین ڕێژەی فەرمانبەریان هەیە کە خوێندنی سەرەتاییان نییە، هاوکات گەورەترین ڕێژەی فەرمانبەریان هەیە لە پۆلی کرێکاران. بۆ نموونە، لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی (48.7%)، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن (28.0%) و دیوانی چاودێری دارایی (22.6%) و لە حکومەتی فیدراڵ وەزارەتی شارەوانی (35.5%) و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن (18.9%).

خزمەتی مەدەنی دابەشکراوە بەسەر 10 پلەدا، لەگەڵ "پلە تایبەتەکان" بۆ پۆستە باڵاکان[29]. هاوکات لەگەڵ دامەزران لە پلەی شیاودا، دەستگەیشتن بە پلە بەرزەکان دەکرێت لەڕێگەی پلەبەرزکردنەوە یان لەڕێگەی وەرگرتنی پۆستی بەرزەوە بێت[30]. زۆرینەی فەرمانبەران (63%) چڕکراونەتەوە لە پلە مامناوەندیەکاندا 4 تا 7، (شێوەی 77)، فەرمانبەرانی باڵا (پلەکانی 1 تا 3 و پلە تایبەتەکان) بەگشتی زیاتر بەرپرسیارێتی تایبەتمەندی و/یان بەڕێوەبردنیان هەیە. بەگشتی 22%ی هەموو فەرمانبەران ڕۆڵی سەرپەرشتیاریان هەیە و ڕێژەکە لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەکاندا بەرزدەبێتەوە (لە 2% لە پلە 10 و 68% لە پلە 1). هاوکات، سەرپەرشتیارە باڵاکان سەرپەرشتی فەرمانبەری زیاتر دەکەن وەک لە سەرپەرشتیارە نزمەکان، سەرپەرشتیاری پلە 1 لەتێکڕادا سەرپەرشتی زیاتر لە 500 کەس دەکات.

---

[29] "پلە تایبەتەکان" دابەشکراوە بە سەر "ئەلفی بەرز" و "بێی بەرز" بۆ ڕاوێژکاری باڵا و جێگری وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی.

[30] فەرمانبەری بێ بڕوانامەی زانکۆ تەنها لە پلەکانی 10 تا 8 دادەمەزرێن و خاوەن بڕوانامەی زانکۆ لە پلە 7 و بەرزتر دادەمەزرێن.

**شێوەی 77: ژمارەی فەرمانبەران بەپێی پلە و ڕۆڵی سەرپەرشتیاری، عێراق (2011)**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

چڕبوونەوەیەکی زۆری فەرمانبەرانی پلە ماماوەندی (پلەکانی 7 تا 4) لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی پلە نزمەکان و پلە بەرزەکان، ڕێچکەیەکی دووبارەیە لە زۆربەی وەزارەت و دامەزراوەکانی عێراق، بەڵام هەندێک ئاوارتە هەیە لە چەند وەزارەتێک. وەزارەتی شارەوانی، بۆ نموونە، ڕێژەیەکی زۆر گەورەتری فەرمامبەری پلە نزمی هەیە (42.1%) بە بەراورد بە ڕێژەی تێکڕای وەزارەتەکان (17.6%). لە زۆر حاڵەتدا، دابەشبوونی ئاسایی پلەکان لەناو وەزارەتێکی دیاریکراودا پەیوەندی هەیە بە جۆری کار و خزمەتگوزاریەکانەوە کە ئەو وەزارەتە بەرپرسیارە لێیان، بەڵام لە حاڵەتی تردا چڕبوونەوەیەکی نائاسایی پلە بەرزەکان لەوانەیە ئاماژە بێت بۆ کێشەی "هەڵئاوسانی پلە"، کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی تێکڕای موچەی فەرمانبەران. بۆ نموونە، وەزارەتی کارەبا 33%ی فەرمانبەرانی لە پلەکانی 3 تا 1دان، بە بەراورد بە تێکڕای هەموو وەزارەتەکان 18.7% (شێوەی 78).

**شێوەی 78: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران لە دوو وەزارەتی دیاریکراو، بەپێی پلە، عێراق (2011)**



*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

جێگەی سەرنجە کە رێژەی ئافرەتان تاڕادەیەک بە یەکسانی دابەشبووە لەناو هەموو پلە جیاوازەکاندا: بەگشتی، لەکاتێکدا کە ئافرەتان پێکهێنەری 34.5%ی کۆی هەموو فەرمانبەرانن، پێکهێنەری 31% بۆ 39%ی پلەکانی 2 تا 8ن. تەنها لە پلە نزمەکاندا (کە ژمارەیەکی زۆر کرێکاری تێدایە) هەروەها لە بەرزترین پلەکاندا، رێژەی ئافرەتان بەشێوەیەکی بەرچاو نزمە (16.4% لە پلە 1 و 15.5% لە پلە تایبەتەکان). هاوکات، داتاکان نیشانی دەدەن کە سەرەڕای دابەشبوونی تاڕادەیەک یەکسان لەنێوان پلەکاندا، ئافرەتان کەمتر کاری سەرپەرشتیاریان پێدەدرێت وەک لە پیاوان: لەتێکڕادا، لەکاتێکدا کە 24.4%ی هەموو فەرمانبەرانی نێر کاری سەرپەرشتیاریان هەیە، 17%ی فەرمانبەرانی مێ رۆڵی سەرپەرشتیاریان هەیە؛ ئەمەش رێچکەیەکە کە دروستە بۆ هەر دە پلەکە و پلە تایبەتەکان (پروانە شێوەی 79).

**شێوەی 79: رێژەی سەدیی فەرمانبەری نێر و مێ کە رۆڵی سەرپەرشتیاریان هەیە، بەپێی پلە، عێراق (2011)**




*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

## 5.3 فەرمانبەران: ئەرک و بەرپرسیارێتیەکان

کار و ئەرکەکانی فەرمانبەران لە وەزارەتێکەوە بۆ وەزارەتێکی تر جیاوازە. یەکێک لە بوارە پەیوەندیدارەکان بۆ دەستنیشانکردنی ناسکی فەرمانبەران بەرامبەر گەندەڵی بریتیە لە ئاستی پەیوەندیان لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکان، هەروەها دووبارەبوونەوەی پەیوەندیەکانی فەرمانبەران لەگەڵ هاوڵاتیان، دامەزراوە تایبەتەکان و فەرمانگە گشتیەکانی تر، نیشاندەرێکی ساکارە. زۆربەی فەرمانبەران پەیوەندی رۆژانە یان هەفتانەیان هەیە لەگەڵ فەرمانبەرانی وەزارەتەکەی خۆیان، بەڵام پەیوەندی کەمتر لەگەڵ فەرمانبەرانی ئەوانی تر. پەیوەندی لەگەڵ بەرکاربەرانی خزمەتگوزاری، بەتایبەتی هاوڵاتیان یان دامەزراوە تایبەتەکان، کەمتر دووبارە دەبێتەوە. نزیکەی 42%ی فەرمانبەران هەرگیز (یان نزیک لە هەرگیز) پەیوەندیان نییە لەگەڵ هاوڵاتیان وەک بەکاربەری خزمەتگوزاری، 62% بەگشتی مامەڵە ناکەن لەگەڵ دامەزراوە تایبەتەکان وەک بەکاربەری خزمەتگوزاری و 72%ی فەرمانبەران پەیوەندیان نیە لەگەڵ دامەزراوە تایبەتەکان وەک بەڵێندەر (شێوەی 80).

**شێوەی 80: ڕێژەی سەدیی دابەشبوونی فەرمانبەران، بەپێی دووبارەبوونەوەی پەیوەندیان لەگەڵ گروپە دیاریکراوەکان، عێراق (2011)**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

هەروەک چۆن دووبارەبوونەوەی پەیوەندی لەگەڵ بەکاربەرانی خزمەتگوزاری فاکتەرێکی گرنگی مەترسی تێوەگلانە لە کاری گەندەڵی، هاوکات گرنگە شیکردنەوە بکرێت بۆ پەیوەندی بەکاربەرانی خزمەتگوزاری بەپێی جۆری کارەکانی فەرمانبەران. دووبارەبوونەوەی پەیوەندیەکان لەگەڵ بەکاربەرانی خزمەتگوزاری، پێش هەموو شتێک بریتیە لە کاری پەیوەست بەو ئەرکانەی فەرمانبەران جێبەجێیان دەکەن، کە بەئاشکرا پەیوەندیان هەیە بە پۆلە پیشەییەکانیانەوە. جێگەی سەرسوڕمان نییە، کە بەڕێوەبەران پەیوەندی زیاتریان هەیە لەگەڵ هەموو جۆرەکانی بەکاربەری دەرەکی خزمەتگوزاری (هاوڵاتیان و دامەزراوە تایبەتەکان) زیاتر لە کەسانی تایبەتمەند و تێبینەران، لەکاتێکدا کە فەرمانبەرانی پۆلی "کرێکاران" کەمترین پەیوەندیان هەیە لەگەڵ دامەزراوە تایبەتەکان وەک بەکاربەری خزمەتگوزاری و وەک بەڵێندەر، کاتێک بەڕێوەبەران و فەرمانبەرانی باڵا زیاتر پەیوەندیان هەیە لەگەڵ بەکاربەرانی دەرەکی خزمەتگوزاری زیاتر لە فەرمانبەرانی پۆلەکانی تر (شێوەی 81).

**شێوەی 81: ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندیان هەیە لەگەڵ بەکاربەرانی دەرەکی دیاریکراوی خزمەتگوزاری، بەپێی گروپی پیشەیی، عێراق (2011)**



*سەرچاوە: رووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

هاوکات جیاوازی گەورە هەیە لە دووبارەبوونەوەی پەیوەندی فەرمانبەران لەگەڵ بەکاربەرانی دەرەکی خزمەتگوزاری لەنێوان وەزارەت و دامەزراوەکاندا، بەپێی رۆڵ و جۆری خزمەتگوزاریەکانی هەر دامەزراوەیەک. ئەو وەزارەتانەی کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن بە هاوڵاتیان وەک بەکاربەری خزمەتگوزاری پەیوەندی زیاتریان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان بە بەراورد بە وەزارەتەکانی تر کە رۆڵی جیاوازیان هەیە. بۆ نموونە، لە هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان، نزیکەی دوو لە سێی فەرمانبەرانی ئەو وەزارەتانەی بەرپرسن لە دارایی، داد، شەهیدان و تەندروستی پەیوەندی رۆژانە یان هەفتانەیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان وەک بەکاربەری خزمەتگوزاری، لەکاتێکدا کە 7.6%ی فەرمانبەرانی دیوانی چاودێری دارایی و 11.2%ی دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان هاوشێوە پەیوەندیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان وەک بەکاربەری خزمەتگوزاری. هاوشێوە فەرمانبەرانی ئەو وەزارەتانەی بەرپرسن لە دارایی، داد و شارەوانیەکان پەیوەندی زیاتر دووبارەیان هەیە لەگەڵ دامەزراوە تایبەتەکان (وەک بەکاربەری خزمەتگوزاری و وەک بەڵێندەر) بە بەراورد لەگەڵ وەزارەتەکانی مافی مرۆڤ و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، لەکاتێکدا کە فەرمانبەرانی ئەو وەزارەتانەی مامەڵە لەگەڵ پرۆژەکانی بونیاتنان دەکەن پەیوەندی دووبارەی زیاتریان هەیە لەگەڵ دامەزراوە تایبەتەکان وەک بەڵێندەر بەتەنها.

فاکتەری مەترسی تر بۆ تێوەگلان لە کاری گەندەڵی بریتیە لە پری ئەو دەسەڵاتەی دەدرێت بە فەرمانبەر و دەسەڵات بۆ دانانی کاریگەری لەسەر بریاردان. لەبەرئەوە جێگەی سەرنجە شرۆڤەی دابەشبوونی دەسەڵاتەکانی بریاردان بکەین لە خزمەتی مەدەنی عێراق، کە بریتیە لە بەشداریکردن لەهەندێک ئەرکی کارگێری و ئەو گرنگیەی دراوە بە واژۆی هەندێک فەرمانبەر. لەم ناوکۆیەدا، رووپێوەکە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە ئایا: ئەو فەرمانبەرانی بەشدارن لەهەندێک ئەرکی کارگێری دیاریکراودا، وەک بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان یان بریاری گرێبەستە گشتیەکان، واژۆی ئەوان پێویستە بۆ تەواوکردنی هەندیک کاری کارگێری لەو بوارەدا، یان واژۆی ئەوان تەنها واژۆی پێویستە بۆ تەواوکردنی ئەو کارانە.

وەک شێوەی 82 نیشانی دەدات، ژمارەی فەرمانبەری بەشدار لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکاندا (لەگەڵ بریاردان لەسەر خۆیەتی و میلاکات) زیاترە لە ژمارەی ئەوانەی بەشدارن لە دابینکردنی دەرماڵە و بیمەی کۆمەڵایەتی، کاڵا و خزمەتگوزاریەکان، بەڵگەنامە یاساییەکان و رێوشێونەکانی چاودێری دارایی و بریارەکانی گرێبەستە گشتیەکان. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، کاتێک فەرمانبەر لەم جۆرە ئەرکانەدا بەشدارە، واژۆی پێویستە وەک یەکێک لە چەندین واژۆ بۆ تەواوکردنی کارەکان (وەک ئامادەکردنی گرێبەست یان دابینکردنی خزمەتگوزاری، بەڵگەنامە یان بیمەی کۆمەڵایەتی بە خزمەتخوازی دەرەکیی). تەنها کەمینەیەکی فەرمانبەران کە بەشدار نین لەم جۆرە ئەرکانەدا دەسەڵاتیان پێدراوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی تەواوبوونی کارەکان لەڕێگەی واژۆی ئەوانەوە نەک هیچ کەسێکی تر (لەنێوان 22% و 34%ی ئەوانەی واژۆکەیان پێویستە یان 1%-3ی کۆی فەرمانبەران). بەڵام وەک لە بەشی 1.2.1دا ئاماژەی پێدرا ئەم گروپە زیاتر دەکرێنە ئامانجی پێشکەشکردنی بەرتیل و کاری تری گەندەڵی.

**شێوەی 82: ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەشدارن لە ئەرکە دیاریکراوەکاندا، بەپێی ئاستی بەرپرسیارێتی، عێراق (2011)**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

بەشداری زۆر زیاتر لە ئەرکە کارگێڕیە سەرەکیەکاندا کە ئاستی بەرپرسیارێتیان بەرزترە، دەردەکەوێت کاتێک شرۆڤی ئەرکەکان و ئاستی بەرپرسیارێتی بەڕێوەبەران و فەرمانبەرانی باڵا دەکەین. فەرمانبەرانی ئەم ئاستە زیاتر بەشدارن لە ئەرکەکانی بەڕێوەبردندا و ئاستێکی زیاتر لە بەرپرسیارێتیان هەیە بەهۆی گرنگی واژۆکانیانەوە. لەناو ئەمانەدا، زیاتر لە نیوە بەشدارن لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکاندا، نزیکەی یەک لە سێ بەشدارن لە بڕیارەکانی گرێبەستە گشتیەکان و زیاتر لە یەک لە پێنج بەشدارن لە دابینکردنی کاڵا و خزمەتگوزاریدا (شێوەی 83). کاتێک بەڕێوەبەران و فەرمانبەرانی باڵا بەشدارن لەم جۆرە ئەرکانەدا، هەمیشە واژۆکانیان پێویستە لەناو کۆمەڵە واژۆیەکی تردا (بۆ نموونە، 43%ی ئەوانەی واژۆکانیان پێویستە بۆ بڕیارەکانی گرێبەستە گشتیەکان) واژۆکانیان تەنها واژۆی پێویستە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ مەترسی گەورەتری بوون بە ئامانجی هەوڵەکانی گەندەڵی زیاتر لە فەرمانبەرانی تر (پروانە بەشی 1.2.1).

**شێوەی 83: ڕێژەی سەدیی بەڕێوەبەران و فەرمانبەرانی باڵا کە بەشدارن لە ئەرکە دیاریکراوەکاندا، بەپێی ئاستی بەرپرسیارێتی، عێراق (2011)**




*سەرچاوە: ڕووپێوی خزمەتی مەدەنی عێراق 2011*

# چاپتەری شەشەم
# پاشکۆی 2: وردەکاری لەسەر وەزارەت/دامەزراوەکان

## 6. پاشکۆی 2: وردەکاری لەسەر وەزارەت/دامەزراوەکان

## وەزارەتی پەروەردە (حکومەتی فیدراڵ)

ژمارەی فەرمانبەر (2008): 555،469
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 44.8%
ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەی پشکنەری گشتی (2011): ؟
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی رابوردودا: 5.4%
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەری ئافرەت: 47.2%
دامەزراوە لە: ؟

---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی نەزاهەت باون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە هەر جۆرە ڕاهێنانیانێکان وەرگرتووە لەناویاندا هەر ڕاهێنانێکی دیاریکراو لەسەر دژەگەندەڵی




---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ ڕێوشوێنە فەرمیەکان و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران لە 2004-2011




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە رازی نین لە هەندێک بواری کار




---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە ڕاپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی هەست دەکەن پارێزراون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن میکانیزمەکانی چاودێری و سکاڵا هەیە لە شوێنی کارەکانیان



# وەزارەتی بازرگانی (حکومەتی فیدراڵ)

وەزارەتی بازرگانی بەرپرسیارە لە سیاسەتی بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکیی، لەگەڵ برەودان بە پەیوەندییە ئابوریە دەرەکییەکان و پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و بەتایبەتکردنن لە ئابوری پلان بۆدانراوەوە بەرەو ئابوری بازاڕ. هاوکات وەزارەت بەرپرسە لە سیاسەتی ستراتیژی بۆ هەڵگرتنی هەندێک کەرەستە وکاڵای بنەڕەتی بۆ کاتی قەیران و کارەساتەکان. هاوکات، لە ساڵی 1990ەوە وەزارەت بەرپرسە لە هاوردەکردن و دابەشکردنی پرگەکانی کۆبۆنی خۆراک بۆ ئەوانەی ئەم سیستەمە دەیانگرێتەوە.

وەزارەت چەند کەناڵێکی داناوە بۆ راپۆرتدان لەسەر کەیسەکانی گەندەڵی، وەک هێڵی گەرم، سندوقی سکاڵا، ئیمەیڵ و چاوپێکەوتنی تایبەت. سەرەڕای نووسینگەی پشکنەری گشتی، بەشی سکاڵای هاوڵاتیان هەیە لە وەزارەت کە لقی هەیە لە هەموو فەرمانگەکانی وەزارەت.

ژمارەی فەرمانبەر (2011): 31،407
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 32.7%
ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەی پشکنەری گشتی: 170
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی رابوردودا: 4.7%
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەری ئافرەت: 38.5%
دامەزراوە لە: 1959

---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی نەزاهەت باون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە هەر جۆرە راهێنانیانێکان وەرگرتووە لەناویاندا هەر راهێنانێکی دیاریکراو لەسەر دژەگەندەڵی




---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ ڕێوشوێنە فەرمیەکان و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران لە 2004-2011




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە رازی نین لە هەندێک بواری کار




---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە راپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی هەست دەکەن پارێزراون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن میکانیزمەکانی چاودێری و سکاڵا هەیە لە شوێنی کارەکانیان



# وەزارەتی گواستنەوە (حکومەتی فیدراڵ)

وەزارەتی گواستنەوە بەرپرسیارە لە سەرپەرشتیکردن و پەرەپێدانی کۆی کەرتی گواستنەوە، سەرپەرشتیکردنی کۆمپانیاکانی گواستنەوە و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوەی زەمینی، هەوایی، ئاویی بۆ کەس و کاڵا. وەزارەت بەرپرسە لە بەگەڕخستن و راگرتنی هێڵی ئاسن، فرۆکەخانە مەدەنییەکان، بەندەرە ئاوییەکان و دانان و جێبەجێکردنی پرۆژەی شەقام، هێڵی ئاسن و گواستنەوەی ئاوی و هەوایی. وەزارەت خاوەنی ژمارەیەک ژێرخانی گەورەی کارایە (هێڵی ئاسنین، بەندەر، دەسەڵاتی گواستنەوەی هەوایی مەدەنی)، بەردەوام گرێبەستی گشتی واژۆ دەکات لەگەڵ کۆمپانیاکانی گواستنەوە جیاوازەکان و بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندی و بیناسازی.

وەزارەت هێڵێکی گەرمی هەیە بۆ وەرگرتنی سکاڵا لەناو وەزارەت. هاوکات پشکنەری گشتی ناونیشانی ئیمەیڵی هەیە کە بڵاوکراوەتەوە لەهەموو بەشەکانی وەزارەت. هاوکات لیژنەکانی وردبینی و چاودێری هەیە بۆ بەدواداچوونی کەیسە راپۆرت لەسەردراوەکانی گەندەڵی.

ژمارەی فەرمانبەر (2011): 36،980

رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 13.9%

ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەی پشکنەری گشتی: 113

رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی رابوردودا: 2.0%

رێژەی سەدیی فەرمانبەری ئافرەت: 26.9%

دامەزراوە لە: 1922

---

رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن رێوشوێنە دیاریکراوەکانی نەزاهەت باون




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە هەر جۆرە راهێنانیانێکیان وەرگرتووە لەناویاندا هەر راهێنانێکی دیاریکراو لەسەر دژەگەندەڵی




---

رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ رێوشوێنە فەرمیەکان و رێژەی سەدیی ئەوانەی یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران لە 2004-2011




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە رازی نین لە هەندێک بواری کار




---

رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە راپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی و رێژەی سەدیی ئەوانەی هەست دەکەن پارێزراون




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن میکانیزمەکانی چاودێری و سکاڵا هەیە لە شوێنی کارەکانیان



## دەزگای شەهیدان (حکومەتی فیدراڵ)

دەزگای شەهیدان خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات بۆ پاراستنی ماف و زامنکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ئابوری کەسوکاری شەهیدان لە عێراق. دەرفەتی کار و خوێندن دابین دەکات لەگەڵ هاوکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ کەسوکاری شەهیدان و بەرپرسە لە پشتڕاستکردنەوەی داوای دەرکردنی بەڵگەنامەی شەهیدبوون و گرێبەست دەکات بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان بۆ خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان.

هاوڵاتیان دەتوانن راپۆرت بدەن لەسەر خراپەکاری و گەندەڵی لەڕێگەی هێڵی گەرم، نامە، ئیمەیڵ یان سکاڵای راستەوخۆ.

ژمارەی فەرمانبەر (2011): 886

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 76.1%

ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەی پشکنەری گشتی: 101

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی رابوردودا: 11.0%

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەری ئافرەت: 26.5%

دامەزراوە لە: 2006

---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی نەزاهەت باون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە هەر جۆرە راهێنانیانێکان وەرگرتووە لەناویاندا هەر راهێنانێکی دیاریکراو لەسەر دژەگەندەڵی




---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ ڕێوشوێنە فەرمیەکان و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران لە 2004-2011




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە رازی نین لە هەندێک بواری کار




---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە راپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی هەست دەکەن پارێزراون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن میکانیزمەکانی چاودێری و سکاڵا هەیە لە شوێنی کارەکانیان



# وەزارەتی مافی مرۆڤ (حکومەتی فیدراڵ)

وەزارەتی مافی مرۆڤ کاردەکات بۆ زامنکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتیەکان لە عێراق و بۆ ڕێگرتن لە پێشلێکردنیان. بۆ ئەم مەبەستە وەزارەت خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات و پرۆژە و لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدات، پێشنیاری یاسا و دامەزراوەیی پێشکەش دەکات و پرۆگرام و سیاسەت دادەڕێژێت بۆ برەودانی زیاتر بە مافەکانی مرۆڤ. وەزارەت ژمارەیەکی زۆر کەم گرێبەستی گشتی واژۆدەکات بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی.
هاوڵاتیان دەتوانن راپۆرت بدەن لەسەر کەیسەکانی گەندەڵی لەڕێگەی هێڵی گەرم، ئیمەیڵ یان سکاڵای راستەوخۆ. هەر سکاڵایەک لێکۆڵینەوەی لێدەکرێت و زانیاری لەسەر کۆدەکرێتەوە بۆ سەلماندنی. لە کەیسی دیاریکراودا، لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت پێکدەهێنرێت بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست.

ژمارەی فەرمانبەر (2011): 733
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 44.5%
ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەی پشکنەری گشتی: 45
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی رابوردودا: 7.3%
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەری ئافرەت: 33.3%
دامەزراوە لە: 2003

---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی نەزاهەت باون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە هەر جۆرە راهێنانیانێکان وەرگرتووە لەناویاندا هەر راهێنانێکی دیاریکراو لەسەر دژەگەندەڵی




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ ڕێوشوێنە فەرمیەکان و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران لە 2004-2011




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە رازی نین لە هەندێک بواری کار




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە راپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی هەست دەکەن پارێزراون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن میکانیزمەکانی چاودێری و سکاڵا هەیە لە شوێنی کارەکانیان



# وەزارەتی رۆشنبیری (حکومەتی فیدراڵ)

وەزارەتی رۆشنبیری مەبەستی هاندان و پەرەپێدانی هەموو بوارەکانی رۆشنبیری و هونەرە لە عێراق، هەروەها کەلەپوری عەرەبی ئیسلامی دەپارێزێت و دەژێنێتەوە. هاوکات شوێنەوار و ناوچە گەشتیارییەکان رادەگرێت و هەماهەنگی دەکات لەگەڵ کەرتی گەشتیاری بۆ هاندانی گەشتوگوزاری کولتوری. هەوڵ دەدات برەوبدات بە رۆحی تێکەڵبوون و ئازادی لە پانتایی کولتوریدا. ئەو کاڵا و خزمەتگوزاریانەی وەزارەت دەیانکرێت پەیوەندیان هەیە بە پێداویستیەکانی کاری فەرمانگەکانەوە، هەروەها گرێبەستکردن بۆ بیناسازی یان نوژەنکردنەوەی بینا و شوێنە کولتوریەکانی وەزارەت.

سکاڵا لەسەر گەندەڵی دەکرێت بەشێوەی نهێنی یان ئاشکرا پێشکەش بکرێت لەرێگەی هێڵی گەرم یان راستەوخۆ بە ئیمەیڵ بدرێت بە پشکنەری گشتی. هەر سکاڵایەک تۆماردەکرێت و رەوانەی لای پشکنەری گشتی دەکرێت، کە ئەویش لەوانەیە رەوانەی لای فەرمانگەی دەسەڵاتداری بکات.

ژمارەی فەرمانبەر (2011): 13,466

رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 18.0%

ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەی پشکنەری گشتی: 83

رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی رابوردودا: 3.1%

رێژەی سەدیی فەرمانبەری ئافرەت: 45.5%

دامەزراوە لە: 1959

رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن رێوشوێنە دیاریکراوەکانی نەزاهەت باون




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە هەر جۆرە راهێنانیانێکیان وەرگرتووە لەناویاندا هەر راهێنانێکی دیاریکراو لەسەر دژەگەندەڵی




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ رێوشوێنە فەرمیەکان و رێژەی سەدیی ئەوانەی یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران لە 2004-2011




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە رازی نین لە هەندێک بواری کار




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە راپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی و رێژەی سەدیی ئەوانەی هەست دەکەن پارێزراون




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن میکانیزمەکانی چاودێری و سکاڵا هەیە لە شوێنی کارەکانیان



# ئەمانەتی بەغداد (حکومەتی فیدراڵ)

ئەمانەتی بەغداد بەفەرمی دامەزراوە بەپێی یاسای ژمارە 16 لە ساڵی 1995 و وابەستە نیە بە هیچ وەزارەتێکەوە. بەپێی ئەم یاسایە، ئەمانەت خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی پێشکەش دەکات لەناو سنوری شاری بەغداد بۆ زامنکردنی پەرەپێدانی وەک پایتەختی عێراق. بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانی، ئەمانەت گرێبەستی گشتی واژۆ دەکات بۆ ژمارەیەکی هەمەجۆری کاڵا و خزمەتگوزاری.

سکاڵا لەسەر گەندەڵی دەکرێت بدرێت بە نووسینگەی پشکنەری گشتی، لەڕێگەی سندوقی سکاڵا، ئیمەیڵ یان هێڵی گەرمەوە. پشکنەری گشتی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە دەکات و ڕێوشوێنی یاسایی پێویست دەگرێتەبەر.

ژمارەی فەرمانبەر (2011): 12،484
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 56.0%
ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەی پشکنەری گشتی: 73
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی ڕابوردودا: 11.9%
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەری ئافرەت: 29.0%
دامەزراوە لە: 1995

---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی نەزاهەت باون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە هەر جۆرە ڕاهێنانیانێکیان وەرگرتووە لەناویاندا هەر ڕاهێنانێکی دیاریکراو لەسەر دژەگەندەڵی




---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ ڕێوشوێنە فەرمیەکان و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران لە 2004-2011




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە ڕازی نین لە هەندێک بواری کار




---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە ڕاپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی هەست دەکەن پارێزراون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن میکانیزمەکانی چاودێری و سکاڵا هەیە لە شوێنی کارەکانیان



# وەزارەتی کشتوکاڵ (حکومەتی فیدراڵ)

وەزارەتی کشتوکاڵ هەوڵ دەدات پەرەپێدانی کشتوکاڵی بەدیبهێنێت لەڕێگەی خزمەتگوزاری و توێژینەوەی پەیوەست بە بەرهەمی کشتوکاڵ و ئاژەڵ، هاندانی کشتوکاڵی مۆدێرن و دابینکردنی کەرەستەی کشتوکاڵی. هاوکات چاکسازی کشتوکاڵی پێشنیار دەکات و یاساکان و پلانی نیشتیمانی کشتوکاڵ جێبەجێ دەکات لەگەڵ پرۆگرامە پەیوەستەکانیان. وەزارەت گرێبەست و تەندەر دەردەکات بۆ دابینکردنی کەرەستەی کشتوکاڵی (ئاوپرژێن، پەین، قڕکەر، دەرمان و ڤاکسینی ئاژەڵ، گرێبەستی بیناسازی (گوندی مۆدێرن، کەرەستە کشتوکاڵیەکان و پرۆژەی ئاژەڵداری) و خزمەتگوزاریەکانی راوێژکاری).

سکاڵا وەردەگیرێت لەڕێگەی هێڵی گەرم یان سندوقی سکاڵاوە یان لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی راپۆرت لەسەر گەندەڵی، لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدرێت یان لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنرێت.

ژمارەی فەرمانبەر (2011): 24،456

رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 58.9%

ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەی پشکنەری گشتی: 158

رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی رابوردودا: 4.7%

رێژەی سەدیی فەرمانبەری ئافرەت: 25.8%

دامەزراوە لە: 1952

---

رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن رێوشوێنە دیاریکراوەکانی نەزاهەت باون




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە هەر جۆرە راهێنانێکیان وەرگرتووە لەناویاندا هەر راهێنانێکی دیاریکراو لەسەر دژەگەندەڵی




---

رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ رێوشوێنە فەرمیەکان و رێژەی سەدیی ئەوانەی یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران لە 2004-2011




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە رازی نین لە هەندێک بواری کار




---

رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە راپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی و رێژەی سەدیی ئەوانەی هەست دەکەن پارێزراون




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن میکانیزمەکانی چاودێری و سکاڵا هەیە لە شوێنی کارەکانیان



# وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران (حکومەتی فیدراڵ)

وەزارەت لە ئەیلولی 2003 لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانەوە دروستکراوە بەپێی فەرمانی ژمارە 30 کە دواتر هەڵوەشایەوە بەپێی یاسای وەزارەت ژمارە 21 ساڵی 2009. وەزارەت هاوکاری ئەم گروپانە دەکات: کەسانی عێراقی کە لە ناوخۆدا ئاوەرابوون، پەنابەری عێراقی کە لەدەرەوە دەژین و بەزۆر دەرکراون لە وڵاتی خۆیان، گەڕاوە عێراقیەکان کە لە دەرەوە یان ئاوارەبوونی ناوخۆ کە دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، پەنابەرانی فەلەستینی کە بەشێوەی یاسایی لە عێراق ژیاون و پەنابەرانی وڵاتانی تر لە عێراق. بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی وەزارەت گرێبەستی گشتی دەکات بۆ چەندین کاڵا و خزمەتگوزاری و پارەی نەختی و یارمەتی تر دەدات بە سوودمەندان.

رێوشوێن هەیە بۆ راپۆرتدان لەسەر کەیسەی گەندەڵی بە نووسینگەی پشکنەری گشتی یان راستەوخۆ بە وەزارەت.

ژمارەی فەرمانبەر (2011): 1,148
رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 68.5%
ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەی پشکنەری گشتی: 47
رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی رابوردودا: 7.7%
رێژەی سەدیی فەرمانبەری ئافرەت: 34.6%
دامەزراوە لە: 2003

رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن رێوشوێنە دیاریکراوەکانی نەزاهەت باون




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە هەر جۆرە راهێنانیانێکیان وەرگرتووە لەناویاندا هەر راهێنانێکی دیاریکراو لەسەر دژەگەندەڵی




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ رێوشوێنە فەرمیەکان و رێژەی سەدیی ئەوانەی یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران لە 2004-2011




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە رازی نین لە هەندێک بواری کار




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە راپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی و رێژەی سەدیی ئەوانەی هەست دەکەن پارێزراون




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن میکانیزمەکانی چاودێری و سکاڵا هەیە لە شوێنی کارەکانیان



# وەزارەتی زانست و تەکنەلۆجیا (حکومەتی فیدراڵ)

وەزارەتی زانست و تەکنەلۆجیا لە ساڵی 2003 لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانەوە دامەزرا بەپێی فەرمانی ژمارە 24 لەڕێگەی تێکەڵکردنی ڕێکخراوی وزەی ئەتۆم و کۆمپانیاکانی توێژینەوەی هەڵوەشاوە لە دامەزراوەی پیشەسازی سەربازی هەڵوەشاوە. ئەرکەکانی بریتین لە هاندانی زانست و تەکنەلۆجیا لە عێراق، ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، جێبەجێکردنی پرۆژەکانی پەرەپێدانی وزەی نوێکراوە و بەکارهێنانی ئاشتیانەی وزەی ئەتۆمی، داخستن و لابردنی بنکە ئەتۆمیەکان و بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر بەڕێوەبردنی ئەلەکترۆنی بۆ دووبارە داڕشتنەوەی ژێرخانی عێراق و بناغەی پیشەسازی. وەزارەت گرێبەستی گشتی دەردەکات کاتێک پێویستی بە جێگیرکردنی کەرەستەی زانستی دەبێت و کاتێک تاقیگەکانی زانستی و توێژینەوەیەکانی وەزارەت نوژەن دەکاتەوە.

سکاڵا ڕاستەوخۆ لەلایەن نووسینگەی پشکنەری گشتیەوە وەردەگیرێت لەڕێگەی هێڵی گەرم یان سندوقی سکاڵا. تۆماری سکاڵاکان هەڵدەگیرێن لەگەڵ زانیاری لەسەر سکاڵاکار، سکاڵا لێکراو و بەرواری سکاڵا.

ژمارەی فەرمانبەر (2011): 93،170
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 29.1%
ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەی پشکنەری گشتی: 25
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی ڕابوردودا: 3.0%
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەری ئافرەت: 30.1%
دامەزراوە لە: 2003

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی نەزاهەت باون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە هەر جۆرە ڕاهێنانێکیان وەرگرتووە لەناویاندا هەر ڕاهێنانێکی دیاریکراو لەسەر دژەگەندەڵی




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ ڕێوشوێنە فەرمیەکان و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران لە 2004-2011




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە ڕازی نین لە هەندێک بواری کار




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە ڕاپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی هەست دەکەن پارێزراون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن میکانیزمەکانی چاودێری و سکاڵا هەیە لە شوێنی کارەکانیان



# وەزارەتی کارەبا (حکومەتی فیدراڵ)

وەزارەتی کارەبا بەرپرسیارە لە بەرهەمهێنان، گواستنەوە و دابەشکردنی وزەی کارەبا. بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، وەزارەت سەرپەرشتی چەندین وێستگەی وزە دەکات، سووتەمەنی دەکڕێت و بەکاریدەهێنێت و هێڵەکانی گواستنەوەی وزە دروست دەکات، رادەگرێت و نۆژەندەکاتەوە. وەزارەت چەندین جۆر گرێبەستی گشتی دەردەکات بۆ کەرەستەی کارەبا، پارچەی یەدەگ، سووتەمەنی و مەکینە.
دەکرێت سکاڵا لەڕێگەی ماڵپەڕی وەزارەتەوە بکرێت، کە لاپەڕەی تایبەت بە سکاڵای هەیە کە راستەوخۆ بەستراوەتەوە بە ئیمەیڵی نووسینگەی پشکنەری گشتیەوە. هاوکات دەکرێت سکاڵا بدرێت لەڕێگەی هێڵی گەرم، سندوقی سکاڵا یان بە دەست بە پشکنەری گشتی.

ژمارەی فەرمانبەر (2011): 75،156
رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 31.5%
ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەی پشکنەری گشتی: 125
رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی رابوردودا: 2.8%
رێژەی سەدیی فەرمانبەری ئافرەت: 21.2%
دامەزراوە لە: 2003

---

رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن رێوشوێنە دیاریکراوەکانی نەزاهەت باون




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە هەر جۆرە راهێنانیانێکیان وەرگرتووە لەناویاندا هەر راهێنانێکی دیاریکراو لەسەر دژەگەندەڵی




---

رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ رێوشوێنە فەرمیەکان و رێژەی سەدیی ئەوانەی یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران لە 2004-2011




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە رازی نین لە هەندێک بواری کار




---

رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە راپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی و رێژەی سەدیی ئەوانەی هەست دەکەن پارێزراون




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن میکانیزمەکانی چاودێری و سکاڵا هەیە لە شوێنی کارەکانیان



# وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکان (حکومەتی فیدراڵ)

وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکان هەوڵ دەدات چالاکیە پیشەسازی و کانزایەکان رێکبخات و پەرەپێبدات لە عێراق هاوتا لەگەڵ سیاسەت و پرنسیپەکانی بازاڕی ئابوری. چەندین چالاکی و رێوشوێن پەیرەو و جێبەجێ دەکات بۆ پەرەپێدان و رێکخستنی پیشەسازی و چالاکی توێژینەوە و رووپێوی جیۆلۆجی ئەنجام دەدات. وەزارەت خاوەن و بەرێوەبەری 70 کۆمپانیای بازرگانی گشتیە، وەک کۆمپانیا کیمیایەکان، تایە، شووشە، ستیل، فەرش، کەرەستە کیمیای و کارەبایەکان، بیناسازی، هەڵکەندن، چەرم، خوری، لۆکە، شەکر و توتن.
سکاڵا لەسەر گەندەڵی بە چەندین رێگە دەدرێت، وەک هێڵی گەرم و فاکسی پشکنەری گشتی، سندوقی سکاڵا و ئیمەیڵی پشکنەری گشتی، ئیمەیڵی ئاسایی و سەردانی کەسی بۆ نووسینگەی پشکنەری گشتی یان کاروباری فەرمانبەران.

ژمارەی فەرمانبەر (2011): 181,960
رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 17.2%
ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەی پشکنەری گشتی: 95
رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی رابوردودا: 2.7%
رێژەی سەدیی فەرمانبەری ئافرەت: 15.0%
دامەزراوە لە: 1959

---

رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن رێوشوێنە دیاریکراوەکانی نەزاهەت باون




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە هەر جۆرە راهێنانیانێکان وەرگرتووە لەناویاندا هەر راهێنانێکی دیاریکراو لەسەر دژەگەندەڵی




---

رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ رێوشوێنە فەرمیەکان و رێژەی سەدیی ئەوانەی یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران لە 2004-2011




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە رازی نین لە هەندێک بواری کار




---

رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە راپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی و رێژەی سەدیی ئەوانەی هەست دەکەن پارێزراون




رێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن میکانیزمەکانی چاودێری و سکاڵا هەیە لە شوێنی کارەکانیان



# وەزارەتی گەیاندن (حکومەتی فیدراڵ)

وەزارەتی گەیاندن لە ساڵی 2003 دامەزراوە بەپێی فەرمانی ژمارە 13ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان. لەڕێگەی کۆمپانیا وابەستەکانیاوە (تەلەکۆمیونیکەیشن و پۆستەی عێراق، کۆمپانیای دەوڵەت بۆ ئەنتەرنێت و کۆمپانیای ئەلسەلامی دەوڵەتی)، وەزارەت خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات لە بوارەکانی، گەیاندن، پۆستە، ئەنتەرنێت و کۆنترۆڵی ئەلەکترۆنی و پاراستنی گەیاندن. وەزارەت چەندین جۆر گرێبەستی گشتی دەردەکات کە پەیوەستن بە بونیاتنانی بنکەکانی گەیاندنەوە،
سکاڵا لەسەر گەندەڵی دارایی و کارگێری پێشکەش دەکرێت بە نووسینگەی پشکنەری گشتی لەڕێگەی هێڵی گەرمەوە، یان بە نووسینگەی وەزیر یان بە یەکێک لە ئاژانسەکانی دژەگەندەڵی لە عێراق.

ژمارەی فەرمانبەر (2011): 2،546
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 39.7%
ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەی پشکنەری گشتی: 106
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی ڕابوردودا: 4.5%
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەری ئافرەت: 35.9%
دامەزراوە لە: 2003

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی نەزاهەت باون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە هەر جۆرە ڕاهێنانیانێکیان وەرگرتووە لەناویاندا هەر ڕاهێنانێکی دیاریکراو لەسەر دژەگەندەڵی




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ ڕێوشوێنە فەرمیەکان و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران لە 2004-2011




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە ڕازی نین لە هەندێک بواری کار




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە ڕاپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی هەست دەکەن پارێزراون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن میکانیزمەکانی چاودێری و سکاڵا هەیە لە شوێنی کارەکانیان



# وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن (حکومەتی فیدراڵ)

لە ساڵانی 1920ەکان دامەزراوە، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ئێستا بەپێی یاسای ژمارە 62ی ساڵی 1987 کاردەکات. وەزارەت پلان پێشنیار دەکات لە بوارەکانی بیناسازی، نیشتەجێکردن، شەقام، پرد، فڕۆکەخانە و پرۆژەی تری بونیاتنان، توێژینەوە ئەنجام دەدات و چالاکیەکانی کۆنترۆڵی جۆری ئەنجام دەدات و چەندین پرۆژەی بونیاتنان جێبەجێ دەکات، لەڕێگەی کۆمپانیا گشتیەکانی خۆی یان لەڕێگەی کۆمپانیا تایبەتە ناوخۆی و نێودەوڵەتیەکانەوە. زۆربەی گرێبەستە گشتیەکانی کۆمپانیا پەیوەندیان هەیە بە پرۆژەکانی نیشتەجێکردن، شەقام و پرد.

دەکرێت سکاڵا لەسەر گەندەڵی بدرێت لەڕێگەی سیستەمی سندوقی سکاڵا یان لەڕێگەی ئیمەیڵ و هێڵی گەرمەوە، یان لەڕێگەی سەردانی پشکنەری گشتیەوە، کە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە دەکات و کاری پشتڕاستکردنەوە و چاودێری و وردبینی ئەنجام دەدات.

ژمارەی فەرمانبەر (2011): 23,147
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 28.7%
ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەی پشکنەری گشتی: ؟
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی ڕابوردودا: 3.5%
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەری ئافرەت: 24.8%
دامەزراوە لە: 1920ەکان

---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی نەزاهەت باون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە هەر جۆرە ڕاهێنانێکیان وەرگرتووە لەناویاندا هەر ڕاهێنانێکی دیاریکراو لەسەر دژەگەندەڵی




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ ڕێوشوێنە فەرمیەکان و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران لە 2004-2011




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە ڕازی نین لە هەندێک بواری کار




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە ڕاپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی هەست دەکەن پارێزراون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن میکانیزمەکانی چاودێری و سکاڵا هەیە لە شوێنی کارەکانیان



## وەزارەتی وەرزش و لاوان (حکومەتی فیدراڵ)

وەزارەتی وەرزش و لاوان جێگرەوەی کۆمسیۆنی وەرزش و لاوانە پاش 2003. دەسەڵاتی ئێستای وەزارەت سەرچاوەی گرتوە لە یاسایەک کە لە ساڵی 2011 دەرکراوە. بەپێی ئەم یاسایە، وەزارەت وەزارەتێکی خزمەتگوزاریە و بەرزترین ئاژانسی حکومیە بۆ کاروباری وەرزش و لاوان. سەرەڕای پەروەردەی جەستەیی، هاوکات بایەخ دەدات بە روشنبیری و هونەری لاوان، پزیشکی وەرزشی و پەیوەندی و هاوکاری نێودەوڵەتی. بۆ سەرپەرشتیکردنی گرێبەست و تەندەرە گشتیەکان، فەرمانگەی گرێبەستەکان پێکهێنرا لە ساڵی 2011. زۆربەی گرێبەستەکان پەیوەستن بە دابینکردن و کەرەستەی وەرزشیەوە.
سکاڵا لەسەر گەندەڵی دەکرێت پێشکەش بکرێت بە نووسینگەی پشکنەری گشتی، لەڕێگەی سندوقی سکاڵای هەر بەڕێوەبەرایەتیەکەوە، ئیمەیڵ یان هێڵی گەرم. لە ئاستی وەزارەتدا، بەشی سکاڵای هاوڵاتیان سکاڵا وەردەگرێت و راستەوخۆ راپۆرت دەدات بە نووسینگەی وەزیر.

ژمارەی فەرمانبەر (2011): 5،800
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 25.2%
ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەی پشکنەری گشتی: 154
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی رابوردودا: 2.4%
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەری ئافرەت: 36.3%
دامەزراوە لە: 2011

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی نەزاهەت باون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە هەر جۆرە راهێنانیانێکان وەرگرتووە لەناویاندا هەر راهێنانێکی دیاریکراو لەسەر دژەگەندەڵی




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ ڕێوشوێنە فەرمیەکان و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران لە 2004-2011




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە رازی نین لە هەندێک بواری کار




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە راپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی هەست دەکەن پارێزراون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن میکانیزمەکانی چاودێری و سکاڵا هەیە لە شوێنی کارەکانیان



## وەزارەتی شارەوانی وخزمەتگوزاریە گشتیەکان (حکومەتی فیدراڵ)

وەزارەت لە ئەیلولی 2003 دامەزرا لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانەوە بەپێی فەرمانی ژمارە 33 بۆ سەرپەرشتیکردنی دابینکردنی هەموو خزمەتگوزاریەکانی وەک ئاو، ئاوەڕۆ، شەقام، کۆکردنەوە و فرێدانی زبڵ و پلانی پەرەپێدانی شارستانی. وەزارەت ئەرکی هەیە بۆ نوژەنکردنەوەی تۆڕەکانی دابەشکردنی ئاو و کارگەکانی چارەسەکردنی ئاوەڕۆ و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی (شۆستە، پارک، دابەشکردنی زەوی، پرد و بەکرێدانی موڵک) هەروەها پرۆژەی تری پەرەپێدانی خۆجێی. گرێبەستی گشتی دەردەکرێت لە بوارەکانی وێستگەی پەمپ، هێڵی بۆری، چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ، کارگەی لەناوبردنی زبڵ و مەکینەی جۆراوجۆر.

دەکرێت سکاڵا پێشکەش بکرێت لەرێگەی ئیمەیڵ یان بەشێوەی کەسی بە بەشی پشکنین لە پارێزگاکان. بەدواداچوون دەکرێت بۆ سکاڵاکان لەلایەن پرۆگرامی لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان، ئەگەر پێویستی کرد لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەوەوە.

ژمارەی فەرمانبەر (2011): 67،704

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 52.4%

ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەی پشکنەری گشتی: 348

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی ڕابوردودا: 6.5%

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەری ئافرەت: 18.5%

دامەزراوە لە: 2003

---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی نەزاهەت باون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە هەر جۆرە ڕاهێنانیانێکیان وەرگرتووە لەناویاندا هەر ڕاهێنانێکی دیاریکراو لەسەر دژەگەندەڵی




---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ ڕێوشوێنە فەرمیەکان و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران لە 2004-2011




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە ڕازی نین لە هەندێک بواری کار




---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە ڕاپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی هەست دەکەن پارێزراون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن میکانیزمەکانی چاودێری و سکاڵا هەیە لە شوێنی کارەکانیان



# وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (حکومەتی فیدراڵ)

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەپێی یاسای وەزارەت ژمارە 8ی ساڵی 2006 کاردەکات و ئەرکەکانی بریتین لە دابینکردنی خزمەتگوزاری و بیمە بە هاوڵاتیانی کەمدەستی عێراق. وەزارەت سندوقی خانەنشینی بیمەی کۆمەڵایەتی تایبەت بەڕێوەدەبات لەگەڵ پرۆگرامی بیمە بۆ منداڵان، بەساڵاچوان، کەمئەندامان، بێوەژنان و خانەنشینانی کەمدەرامەت. خانەی بێسەرپەرشتیاران، داینەگەکان، سەنتەری چاودێری ڕۆژانە و خانەی پیران و سەنتەرەکانی بەکارخستن و شیاندن بەڕێوەدەبات. گرێبەستە گشتیەکان و گرێبەستی خزمەتگوزاری پەیوەستن بە جێبەجێکردنی پرۆژەکان (وەک بیناسازی) دروستکردنی خانەی چاودێری، پرۆگرامی کار و ڕاهێنان.
پشکنەری گشتی لێکۆڵینەوە دەکات لە ڕاپۆرتەکانی گەندەڵی و ئەگەر پێویستی کرد، لیژنەکانی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنێت بۆ بەدواداچوون بۆ تۆمەت و سکاڵاکان.

ژمارەی فەرمانبەر (2011): 12،028
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 37.6%
ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەی پشکنەری گشتی: 143
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی ڕابوردودا: 2.9%
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەری ئافرەت: 35.8%
دامەزراوە لە: 1939

---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی نەزاهەت باون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە هەر جۆرە ڕاهێنانیێکیان وەرگرتووە لەناویاندا هەر ڕاهێنانێکی دیاریکراو لەسەر دژەگەندەڵی




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ ڕێوشوێنە فەرمیەکان و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران لە 2004-2011




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە ڕازی نین لە هەندێک بواری کار




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە ڕاپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی هەست دەکەن پارێزراون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن میکانیزمەکانی چاودێری و سکاڵا هەیە لە شوێنی کارەکانیان



# وەزارەتی نەوت (حکومەتی فیدراڵ)

وەزارەتی نەوت بەرپرسیارە لە بەرهەمهێنان و پەرەپێدان و سەرپەرشتیکردنی نەوت و گاز و گەڕان، دابەشکردن، پاڵاوتن، گواستنەوە و بەبازاڕکردنی نەوت و گاز لەڕێگەی چەند کۆمپانیایەکی دەوڵەتەوە لەژێر فەرمانی وەزارەتدا. گرێبەستە گشتیەکان پەیوەستن بە دابینکردنی چەندین جۆر کەرەستە و ئامێر (کیمیایی، کەرەستەکانی سەلامەتی، پارچەی یەدەگ، مەکینەی تایبەتمەند، تانکەر، پەمپ، هێڵی بوری، ڤۆڵف، تۆرباین، موەلیدە، کەرەستەکانی پێوانەکاری، تاوەری هەڵکەندن و ئامێرەکانی تر).

سکاڵا لەسەر گەندەڵی دەدرێت بە نووسینگەی پشکنەری گشتی لەڕێگەی هێڵی گەرم، ئیمەیڵ یان سەردان. لەسەر ئاستی وەزارەت، ڕێوشوێنەکانی ڕاپۆرتدان لەسەر کەیسەکانی گەندەڵی بریتین لە سندوقی سکاڵا، ئیمەیڵ یان سەردان.

ژمارەی فەرمانبەر (2011): 121،176
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 24.0%
ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەی پشکنەری گشتی: 207
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی ڕابوردودا: 2.5%
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەری ئافرەت: 14.9%
دامەزراوە لە: 1959

---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی نەزاهەت باون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە هەر جۆرە ڕاهێنانێکیان وەرگرتووە لەناویاندا هەر ڕاهێنانێکی دیاریکراو لەسەر دژەگەندەڵی




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ ڕێوشوێنە فەرمیەکان و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران لە 2004-2011




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە ڕازی نین لە هەندێک بواری کار




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە ڕاپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی هەست دەکەن پارێزراون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن میکانیزمەکانی چاودێری و سکاڵا هەیە لە شوێنی کارەکانیان



## وەزارەتی دارایی (حکومەتی فیدراڵ)

وەزارەتی دارایی ئەرکەکانی ئەنجام دەدات بەپێی یاسای ژمارە 1ی ساڵی 1990 و هەموارکردنەکانی. موڵک و ماڵی گشتی ڕێکدەخات و بەڕێوەدەبات (خانەنشینی و موچەدانی فەرمانبەران، پرۆژەکانی وەبەرهێنان، هتد)، سیستەمی باج بەڕێوەدەبات و سەرپەرشتی چالاکیە بانکی و بیمەیەکان دەکات و سیاسەتی ئابوری دادەڕێژێت. گرێبەستە گشتیەکان پەیوەستن بە چالاکی و خزمەتگوزاریەکانیەوە.
سکاڵا لەسەر گەندەڵی دەدرێت بە بەشی سکاڵا لە نووسینگەی پشکنەری گشتی، یان بە یەکێک لە لقە بەرپرسەکان لەناو هەموو فەرمانگە، بانک و کۆمیسیۆنەکانی وەزارەت لە بەغداد و پارێزگاکان. لەسەر ئاستی وەزارەت، دەکرێت سکاڵا بدرێت بە بەشی سکاڵای هاوڵاتیان.

ژمارەی فەرمانبەر (2011): 35،160
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 66.2%
ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەی پشکنەری گشتی: 168
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی ڕابوردودا: 6.8%
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەری ئافرەت: 59.1%
دامەزراوە لە: 1921

---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی نەزاهەت باون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە هەر جۆرە ڕاهێنانیانێکیان وەرگرتووە لەناویاندا هەر ڕاهێنانێکی دیاریکراو لەسەر دژەگەندەڵی




---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ ڕێوشوێنە فەرمیەکان و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی پارەیان وەرگرتوە بۆ دامەزران لە 2004-2011




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە ڕازی نین لە هەندێک بواری کار




---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە ڕاپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی هەست دەکەن پارێزراون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن میکانیزمەکانی چاودێری و سکاڵا هەیە لە شوێنی کارەکانیان



# وەزارەتی ژینگە (حکومەتی فیدراڵ)

وەزارەتی ژینگە لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانەوە لە ساڵی 2003 و بەپێی فەرمانی ژمارەی 44 دامەزرا بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە و پرۆگرامەکانی بەرەوپێشبردنی ژینگە و هاندانی ژینگەی تەندروست. وەزارەت چاودێری چالاکییە پیشەسازیەکان، بەکارهێنانی وزە، پاراستنی ژیانی ئاوی و خاک دەکات و توێژینەوە و رووپێو و تاقیکردنەوەی سەلامەتی ژینگەیی و هەڵسەنگاندنی کاریگەری پرۆژەکان ئەنجام دەدات. بەشێک لە چالاکیەکان پەیوەندیان هەیە بە کۆنترۆڵکردن و سەرپەرشتیکردنی چالاکی وەزارەتەکانی ترەوە کە پەیوەندیان هەیە بە ژینگەوە. گرێبەستە گشتیەکان زیاتر پەیوەستن بە دابینکردنی کەرەستەکانی تاقیگە و کۆنترۆڵ و پرۆژەکانی بیناسازی و راوێژکاری ژینگەیی.

سکاڵا لەسەر گەندەڵی دەدرێت بە نووسینگەی پشکنەری گشتی لەرێگەی هێڵی گەرم، ئیمەیڵ، نامە و سندوقی سکاڵا. لەسەر ئاستی وەزارەت، سکاڵا دەدرێت بە نووسینگەی کاروباری فەرمانبەران.

ژمارەی فەرمانبەر (2011): 2،039

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 27.5%

ژمارەی فەرمانبەرانی نووسینگەی پشکنەری گشتی: 80

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە بەرتیلیان پێشکەشکراوە لە 12 مانگی رابوردودا: 5.0%

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەری ئافرەت: 15.0%

دامەزراوە لە: 1959

---

ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی نەزاهەت باون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە هەر جۆرە راهێنانیانێکیان وەرگرتووە لەناویاندا هەر راهێنانێکی دیاریکراو لەسەر دژەگەندەڵی




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دامەزراون بەبێ ڕێوشوێنە فەرمیەکان و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی یارمەتیان وەرگرتوە بۆ دامەزران لە 2004-2011




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە رازی نین لە هەندێک بواری کار




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە راپۆرت دەدەن لەسەر کاری گەندەڵی و ڕێژەی سەدیی ئەوانەی هەست دەکەن پارێزراون




ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە دەڵێن میکانیزمەکانی چاودێری و سکاڵا هەیە لە شوێنی کارەکانیان



# وەزارەتی تەندروستی (حکومەتی فیدراڵ)

ژمارەی فەرمانبەر (2008): 152،790
ڕێژەی سەدیی فەرمانبەران کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیان: 60.7%
